

# کەرکووک مەحەکی پرۆسەی سیاسییە و تەڵقینی یەکپارچەیی عێراقیشە

## ئەوەی بیەوێت مانۆری سیاسیی لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک بگێڕێت

## دەبێت چاوەڕێی پرۆسەی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێراقیش بکات

هەندێك جار دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە لایەنی بەرامبەر بێجگە لە زمانی توندو هەڕەشە لە هیچ زمانێکی دیکە تێناگات، ئەگەرنا لە ساڵی ١٩٧٩- ١٩٨٠ ی سەدەی رابردوو سەرکردایەتی کورد راشکاوانە بەو ئۆپۆزسیۆنەی عێراقی راگەیاندووە (کە ئێستا بەشێکیان لەبەغدا لە دەسەڵاتدان) رووخانی رژێمی عێراق شتێکە و دانان بە مافەکانی گەلی کوردستان شتێکی دیکە، سەرۆك بارزانی کە ئێستا لە بەغدایە و هەوڵدەدات جارێکی دیکە ئەو لایەنانە بە ئاگا بێنێتەوە کە لە زمانی ئاشتییانەی کورد تێناگەن، زۆر بەراشکاوانە لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا و دواتریش لەو سەردەمەی (١٩٩١-٢٠٠٣) هەم لە کوردستان و هەم لە زۆر شوێنی دیکەش راشکاوانە ئەوەی پێ گوتوون : (کورد نابێتە پردی پەڕینەوە و نابێتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی دیکتاتۆرییەتێك بە دیکتاتۆرییەتێکی دیکە) ئەو کات کە باسی کێشەی کورد دەکرا هەندێك لەوانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدان دەیانگوت بەس رژێم بڕوخێت، ئەوکات هیچ ئاستەنگێك نامێنی بۆ ئەوەی مافەکانی کورد نەسەلمێنرێت، بەڵام وەك ئێستا دەیبینین هەر خۆیان خەریکە هەمان رەفتاری رژێمی بەعس پیادە دەکەنەوەو هەرخۆیان شەرعییەت بۆ سیاسەتی تەعریب و تەهجیر و تەرحیل و پارچەپارچە کردنی شاری کەرکووك دروستدەکەنەوەو دەیانەوێت ئەو زوڵمەی بەعس و سەدام دژی کورد ئەنجامیان داوە لەسەر کورد و گەلی کوردستان هەر بەردەوام بێت. ئەمە لە کاتێکدایە زۆرباش دەزانن کە کارتی کەرکووك ئەو کارتە سورەیە کۆتایی بە هەموو پرۆسەیەك و هاوپەیمانییەك لە عێراقدا دەهێنێت و هەرگیز سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێی قبوڵ ناکرێت.

**کارتی کەرکووک ئەو کارتە سورەیە کۆتایی بە هەموو پرۆسەیەک و هاوپەیمانییەک لە عێراقدا دەهێنێت و هەرگیز سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێی قبوڵ ناکرێت**

## بە بیانووی راگرتنی سەقامگیری عێراق خەریکە خۆڵ دەکەنە چاومان

کە باسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکرێت بەو زمانە قسەمان لەگەڵ دەکەن کە ئارامی و ئاسایشی کەرکووك تێکدەچێت و دەبێت ئەمجارەش کورد قوربانی بدات بۆ ئەوەی ئەو ئارامی و ئاسایشە تێکنەچێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین کێن ئەوانەی ئاسایش و سەقامگیری کەرکووك دەشێوێنن؟ ئایا گەڕانەوەی خاکێکی داگیرکراو بۆ خاوەنەکەی و سڕینەوەی ئاسەواری رژێمێکی دیکتاتۆری و راستکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو، دەبێتە هۆکاری ئاژاوەو ناسەقامگیری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەو وەڵام و ئاکامێکی ئەوتۆمان دەبات کە نەك هەر دووچاری رەشبینیمان دەکات بەڵکو وامان لێدەکات کە:

١- چاو بە هەموو ئەو هاوپەیمانییانەمان بگێڕینەوە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردووەوە لەگەڵ باڵە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و پاشتریش بەو هاوپەیمانیانەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی گرێمانداوە.

٢- ئەم حاڵەتە ئەوەمان پیشاندەدا کە نابێت چیدیکە هاوپەیمانی کوردستانی یان سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان متمانە بەو لایەنە عێراقییانە بکات کە پێشتر هاوپەیمانی لەگەڵدا گرێداون و دەبێت بە دوای کارتی دیکەو رێگە چارەی دیکەدا بگەڕێت .

٣- وەك سەرۆکی کوردستان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان جەختی لەسەر کردەوە، ئایا تێپەڕاندنی ئەو یاسایە چۆن روویدا؟ چۆن ئەو گەلەکۆمەکییە لە دژی کورد ئەنجامدرا؟ ئایا هۆکاری کەمتەرخەمی خۆمان بوو یان هاوپەیمانەکانمان بەڵێنەکانیان شکاند؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە دەبێت ببنە جێگەی هەڵوەستەکردن و لەسەر راوەستان و وەڵامی گونجاویان بۆ بدۆزینەوەو بەبیر هەموو لایەکی بهێنینەوە کە گەلی کوردستان لە عێراقدا ئەوەندە لاواز نییە گەمەی وای بەسەردا تێپەربێت، یان بەو مانۆرە فاشیلە ئیرادەی تاقیبکرێتەوە .



**پێویستە مەسەلەی تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وانەیەکی بەسوود بێت بۆ هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراق و ئەو هێزو لایەنە کۆنەپەرستانەش کە خەو بە گەڕانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە دەبینن**

**بۆ ئەوەی فۆڕخکردن نەمێنێت و ململانێی بازاڕ دەستی پێ بکات، گرنگە وەزارەتی بازرگانی چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و بواری هێنانی کەلوپەل فراوانتر بکات**

٤- پەرلەمانتاری عێراقی لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان کە لە ژمارەی رابردوو بڵاومان کردەوە، زۆر راشــکاوانە ئەوەی پێ راگەیاندین (دەقی لێدوانەکە بە دەنگ لە ئەرشــیفی گوڵان پارێزراوە): ئەوان وەك عەرەبی عێراق چاوەڕێی ئەوە نەبوون ئەو هەڵوێســتە توندە لەلایەن سەرکردایەتی کوردستانەوە ببینن، موتڵەگ پێی راگەیاندین چەند مانگێك پێش ئێســتا ســەردانی هەولێر و ســلێمانی کردووە و چاوی بە ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاســیی پارتی و یەکێتی کەوتووە، ئەوان هەموو ئامادەباشییەکیان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی گرفتەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق بە دیالۆگ و گیانی برایانە دەربڕیوە.

**خوێنەری بەڕێز تکایە سەرنج لە قسەکانی پەرلەمانتار موتڵەگ بدەن کە بە گوڵانی راگەیاندووە و دەڵێت:**

(ئەوەی هەســتمان پێکرد ئەوەبوو کە ســەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕوایان بە دیالۆگ و لێبوردەیی هەبوو، بۆیە ئێستا ئەم هەڵوێستە توندەمان لاســەیرە) بە قەناعەتی ئەم ئەندام پەرلەمانەی عێراق مادام کورد بڕوای بە دیالــۆگ هەیە و لێبوردەیە، دەبێــت واز لە مافی خۆی بێنێت و کاتێکیش پیلان دژی کورد بگێڕن ئێمە هیچ قسەیەك نەکەین.

بێگومان تێنەگەیشــتن لەم زمانە وای لە کورد کرد بەدوای شــێوازێکی دیکەدا بگەڕێت کە لایەنی بەرامبەر لێی تێبگات، لایەنی کوردســتانی لەم پرۆسەیەدا بڕوای بە زمانی دیالۆگ و لێبوردەیی هەیە لە چوارچێوەی ئەو میکانیزمەی کە دەســتووری عێراق بەپێی ماددەی ١٤٠ ڕێگە چارەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە داناوە، لێبوردەیە و بڕوای بە زمانی دیالۆگ هەیە کە لە چواچێوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور مافی نەتەوەکانی دیکەی کەرکووك پێشــێڵ نەکرێت و بەشــداری تەواویان لە هەڵسوڕاندنی ئیدارەی شــاری کەرکووکدا هەبێت، نەك لێبوردە بەو مانایەی کە دەستووری عێراق پێشــێل بکرێــت و هەوڵبدرێت ڕێژەی دانیشــتووان یان بە گۆڕین و شێواندنی دیموگرافیای شارەکە رازی بێت کە ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن بە سیاسەتی تەعریب و تەرحیلش نەیانتوانیوە بەو ئاستە بیگۆڕن، کە دەڵێن ڕژێمی بەعس نەیتوانیوە بەو ئاستە بیگۆڕێت، مەبەستمان ئەوەیە:

أ- ڕژێمــی بەعــس لە میانەی ٢٨ ســاڵ (١٩٧٥-٢٠٠٣ )پرۆســەی بەعەرەبکــردن و دەرکردنی کورد لە کەرکــووك نەیتوانی ڕێژەی عەرەب لەو شارە یەکسان بکات بە ڕێژەی کورد لە کەرکووکدا، هەربۆیە کاتێك پەرلەمانی عێراق بەهەر ڕێگەیەك هەوڵبدات کە خۆڵ لە چاوی کورد بکات و بە بیانوی یەکسانی و تێکنەدانی باری ئاسایش و سەقامگیری کەرکووك، ڕێژەی کورد یەکســان بکات بە ڕێژەی عەرەب و تورکمان، ئەمــە نەك هەر پێچەوانەی دیموکراتــی و پێکەوەژیانی برایانەی نێوان نەتــەوە جیاوازەکانی کەرکووکە، بەڵکــو ئەمە تەواوکردنی پرۆژەی بەعەرەبکــردن و تێکدانی دیموگرافییی شاری کەرکووکە، کە ڕژێمی بەعس نەیتوانی جێبەجێی بکات.

ب-بیانوویەکــی دیکەی ئەم خۆســەپاندن و فەرزکردنی ئیرادەی زۆرینە لەسەر کورد، ئەوەیە پێمان دەڵێن گەرەنتی چییە کورد لە عێراق جیانەبێتەوە، بۆیە پێویســتە کەرکووك نەگەڕێتەوە ســەر هەرێمی کوردســتان بۆ ئەوەی کەرکــووك بارمتە بێت هەتا کورد بڕیاری جیابوونەوە نەدات، بەراســتی ئەم بیانووە زۆر لە بیانووەکانی سەدام و حیزبی بەعس ئاست نزمترە و پێچەوانەی هەنگاوی یەکەمی بونیادنانەوەی عێراق و بنەما سەرەتاییەکانی دەستووری عێراقە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك کورد بڕیاریدا ببێتە بەشــێکی سەرەکی لە بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا بنەمای سەرەکی ئەم بەشداریکردنەی لەسەر ئەوەیە (کە دەبێت عێراقی ئایندە لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دابمەزرێتەوەو جارێکی دیکە عێراق ئەو عێراقە نەبێت بە زەبری ئاگرو ئاسن بە یەکپارچەیــی بهێڵرێتەوە) ئەوانەی ئەم بیانووە دەهێننەوە، وەك ســەرۆك بارزانــی لە کۆبوونــەوەی لەگەڵ ئەندامانی لیســتی هاوپەیمان لە بەغدا ئاماژەی پێکرد، ئەو کەسانەن کە ئێستا ڕەخنە لە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و ســەدام حوســێن دەگرن بەوەی کوردی کەم کوشتووە و نەهامەتی کەمی بەسەر کورد هێناوە. هەربۆیە ئەگەر خوانەخواستە ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییە لە عێراقدا باڵادەســت بێتەوە، ئەوا دەبێت سەد ڕەحمەت بۆ ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن بنێرینەوە.

ت- پێویســتە مەسەلەی تێپەڕاندنی یاســای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وانەیەکی بەســوود بێت بۆ هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراق و ئەو هێزو لایەنە کۆنەپەرســتانەش کە خەو بە گەڕانــەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعســەوە دەبینن، واتە پێویســتە ئەم ڕووداوە پەندێکــی دوولایەنە بێت بۆ هەردوولا:

**یەکــەم/** بۆ ئەو هێز و لایەنانەی کــە بڕوایان بە گۆڕان و بونیادنانەوەی عێراقی نوێ هەیە بەوەی عێراقی نوێ پێویســتە عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و ئارەزوومەندانە بێت، دەبێت بەو جۆرە پەند لەم ڕووداوە وەربگرن، کە مەســەلەکە بە تەنها کەرکووك نییە بەڵکو مەســەلەکە هەوڵێکە بۆ ڕێگرتن لــە بونیادنانەوەی عێراق لەســەر بنەمای پێکەوە ژیــان و بونیادنانەوەی عێراق لەســەر بنەمای فیدراڵی و دیموکراســی و هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی دیکتاتۆرییەت و پاشماوەی بەعسییەکان لە عێراقدا.

**دووەم/** بــۆ ئەو هێز و لایەنانەی کــە خەو بە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت دەبینن، دەبێت ئەوانیش بەو جۆرە ســوود لەم ڕووداوە وەربگرن، کە جارێکی دیکــە ئەو زەمانە ڕۆیی عێراقییەکان قبوڵ بکەن دیکتاتۆرییەت بۆ عێراقی نوێ بگەڕێتەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە دەوڵەتانی هاوســێی عێراقیش خەریکــە لەو واقیعە تێدەگــەن کە گەڕانــەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق بەردەوام هەڕەشــەیەك دەبێت بۆ سەر ئاسایش و ئایندەی ئەوانیش، لەوانەیە هەتا ئێســتاش هەندێك لایەن لەناو عێراقــدا خۆیان و نوێنەری ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتی دراوســێ لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پێشان بدەن و بەوە لایەنەکانی دیکە بترسێنن کە دەوڵەتانی دراوسێیان لە پشتە، بێگومان دەبێت بزانن ئەو زەمەنەش بەســەرچوو، دەوڵەتانی دراوســێی عێراق و کوردستان سوود لە ناسەقامگیری دروستبوونی ئاژاوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نابینن و گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە ئاژاوە و ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردســتاندا هاوشێوەی ناسەقامگیری و ئاژاوەی بەشەکانی دیکەی عێراق نییە و دەزانن ســنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ تەنیا ســیمێك لەیەکتریان جیادەکاتەوەو سنووری نێوان ئەنبار و سعودیە نییە کە هەزاران کیلۆمەتر بیابان بێت بە ئاسانی کاریگەری لەسەر ناوخۆی ئەو وڵاتــە نەبێت، هەربۆیە وەك کینس پۆلاك کە دوای گەڕانەوەی لە عێراق لە ژمارەکانی رابردوو بە تایبەتی قســەی بۆ گوڵان کردبوو، مەترسی دروست بوونی ئاژاوە بە تەنیا بە مەترســی بۆ ســەر ناوخۆی عێراق نازانێت بەڵکو مەترســییەکە پەڕینەوەی ئەم ئاژاوەیە بۆ وڵاتانــی دەورووبەر و تا دەگاتە ئەو ئاســتەی کە کۆنترۆڵ ناکرێت و ئەم حاڵەتەش ئەو ناوی لێناوە Spill over واتــە بڵاوبوونەوەی ئاکامە خراپەکانی ئــەم توندوتیژییە بە چوار دەوری خۆیدا، بێگومان پۆلاك ئەم حاڵەتەی لەگەڵ چوار حاڵەتی دیکە وەك پێشنیار خســتۆتە بەردەم ئیدارەی سەرۆك بۆش و ناوی لێناوە (پێنج ڕێگە چــارە خراپەکە - five bad option، کەواتە پســپۆڕان دەزانن ڕێگە چارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەو ئاستە ڕێگە چارەی باش نین کە کاردانەوەی ســلبی لێنەکەوێتەوە، هەربۆیە پۆلاك راسپاردەی خۆی بــەو جۆرە دەداتە ئیدارەی ئەمەریکی کە لەناو ئەو پێنج ڕێگە چارە خراپەدا باشــترینیان هەڵبژێرێت کە لانی کەم حاڵەتــی spill over ڕوونەدات، ئێستا دەوڵەتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بە تایبەتی لەم حاڵەتە ترسناکە تێدەگەن و دەشــزانن ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێت لە ناو کێشەی کەرکووك و پرۆسەی سیاســیی عێراقدا خۆیان وەك نوێنەری تورکیا لایەنی ئاژاوەگێرن و نایانەوێــت ســەقامگیری بۆ عێراق و هەرێمی کوردســتان بگێڕێتەوە، و پرۆفیسۆر ســەعادەت لاچینەری سەرنووسەری تورکیش ویکلی جۆرناڵ و

سـەرۆکی ئامۆژگای ئۆساك بۆ ئەم راپۆرتە بە تایبەتی قسەی کردووە و دەڵێت: (من لەو گیروگرفتانە تێدەگەم کە بەرەی تورکمانی دەیان خوڵقێنێت) بێگومان ئەم قسـەیەی لاچینەر ئەو تەفسیرەشی بۆ دەکرێت کە لانی کەم لەسـەر ئاستی سیاسـی و رۆژنامەگەری ئەو راسـتییە روون بۆتەوە کە لایەنێکی وەك بەرەی تورکمانی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە عێراق و کوردسـتان ناکات و بـەردەوام هەوڵدەدات کە لە رای گشـتی عێراق و کوردستاندا بەو شێوەیە مەسەلەکان بخاتە روو کە سەرەنجام باردۆخەکە ئاڵۆز بێت نەك بەرەو ئاسـایی بوونەوە و پێکەوە ژیانی برایانە هەنگاو هەڵبگرێت. بێگومان ئەم تەفسـیرەی گوڵان بۆ ئەو واقیعە دەیکات تەفسـیرێك نییە لەسـەر بنەمای مەزندەو مەزنـدەکاری و پێموایەو پێموانییە سـەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو بەرەنجامی ئەو بە دواداچوونانەیە کە راستەوخۆ ئەم مەسەلە گرنگانە رووبەڕووی ئەو کەسـانە دەکاتەوە کە زۆر لە سیاسەتی حکومەتی تورکیاو خودی سـەرۆك وەزیرانی تورکیاوە نزیکن، بەڕێز جانگیز چاندار کە بەتایبەت بۆ ئەم راپۆرتە قسەی کردووە بەمجۆرە باس لە هەڵوێستی تورکیا دەکات: (من هاوڕێیەتی سـەفەرەکەی بەڕێـز ئەردۆغانم کرد بۆ بەغدا و لەکاتی گەڕانەوەماندا بۆ تورکیا و لە ناو فڕۆکەکەدا ئێمە لەگەڵیدا دواین، ئەو زۆر راشـکاو بوو لەوە کە خوازیاری دروسـت کردنی پەیوەندیگەلێکی نزیکـە لە گەڵ کوردەکانی عێراقدا، هەروەها داوای لە رۆژنامەنووسـەکان کرد کە لە پەرەپێدانی ئـەم پەیوەندییە نزیکانەدا یارمەتیدەر بن) چاندار لە لـەو فڕۆکەیەدا بووە کە ئەردۆگان لە بەغداوە پێی گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا و دەڵێت ئەردۆگان داوای هاریکاری و یارمەتی لە رۆژنامەنووسان کرد کە لەم هەنگاوەدا هاریکاری بن، بێگومان بن دێڕی قسەکانی چاندار ئەو مانایەی لێدەخوێنرێتەوە کە پێشتر بەرەی تورکمانی و هاوشێوەکانیان روویەکی تەڵخی هەرێمی کوردسـتان و روویەکی تەڵخی پەیوەنـدی برایانەی نێوان کورد و تورکمانیان بۆ رای گشـتی تورکیا گواسـتۆتەوە، بۆیە ئێستا ئەردۆگان داوادەکات رۆژنامەنووسـانی تورك رووە راستەقینەکەی هەرێمی کوردستان پیشـانی رای گشـتی تورکیا بدەن. ئەم واقیعەی کە چاندار بۆ گوڵانی باسـکردووە، بەو مانایە نییە کە ئێستا ئێمە پێی رازی بین یان پێمان وابێت نابێت گۆڕانی ئیجابی دیکەی بەسـەردا بێت، بەڵام گەیشتنی حکومەتی تورکیا بەو قەناعەتەی کە چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکووك کێشەیەکی عێراقییە و بەڵام ئەوان پشتگیری لەوە دەکەن کەرکووك هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، ئەمەش رەنگدانەوەی سـلبی هەوڵە خراپەکانی بەرەی تورکمانییە کە لە کوردسـتان و لە پەرلەمانی عێراقیشدا بە هاوکاری پاشماوەکانی بەعس درێژەی پێدەدا، بەڵام ئەگەر هەردوولا تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن و زیاتر لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا دروست بێت، ئەو کاتە هەموو پیلانەکانی بەرەی تورکمانی ئاشکرا دەبێت کە چۆن هەوڵدەدات سیاسـەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردسـتان بە هەڵەدا بەرێت، هەروەك چۆن بەڕێزان مایکل گەنتەر و رالف بیتەرز راشکاوانە لە ماوەکانی پێشوودا هەوڵە خراپەکانی مایکل رۆبینیان بۆ گوڵان ئاشکرا کرد، بەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پێشـنیاری هەڵە و ناڕاستی ئەوتۆی داوەتە پێنتاگۆن کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دووچاری هەڵدێرێکی زۆر کردووە، پێشتر و پێش ئەوەی مەرامە خراپەکانی مایکل رۆبین بۆ پێنتاگۆن و ئیدارەی ئەمەریکی ئاشکرا بێت هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ دوورە پەرێزی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بوو، بەڵام پاش ئەوەی هەموو ئەو راسـتییانە ئاشکرابوون، ئەوە چەند مانگێکە هەموو هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ لێکتێگەیشـتن و ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێرە، ئەم لێکتێگەیشـتنەش نەك هەر مەترسـی شەڕو ناکۆکی لە نێوان هەردوولا دوورخسـتۆتەوە بەڵکـو خەریکە پەیوەندییەکی فراوان و هەمەلایەنەی بازرگانی لەسـەر ئاستی هەردوو حکومەت بونیاد دەنرێت و دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی فەرمی لە نێوان هەولێرو ئەنقەرە دەست پێبکات .

## داوای ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بۆگەڕانەوەیان بۆسەر هەرێمی کوردستان

داوای ٢٤ ئەندامەکـەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سـەر هەرێمی کوردسـتان پشت ئەستوورە بە دەسـتووری عێراق و یاسـای دروسـتکردنی هەرێمە فیدراڵییەکان لە عێراقدا و ئەو یاسـایەش بە پێی زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی عێراق و تەوافقی نێوان هەموو لایەنەکانی عەرەبی سـونەو شـیعە (کە لەسەر ئەم یاسـایە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبـوو) دوای تەواوبوونی ماوەی ١٨ مانگ کە وادانرابوو دوای ١٨ مانگ لە پەسـەندکردنی کاری پێ بکرێت، ماوەی ٤ مانگ بەسـەر ئەو ١٨ مانگە تێپەڕیوە و یاسـاکەش بە تەوافق و دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق پەسـەندکراوە، ئەمەش واتە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك هەنگاوێکی دەستووری و یاسایی هەڵگرتـووە و ئەم هەنگاوەش نەك هەر مافـی کەرکووکە بەڵکو مافی بەسـراو نەجەف و کەربەلا و دیالەو موسڵیشـە کە داوای لەو جۆرە بەرز بکەنەوەو داوابکەن پارێزگاکەیان هەرێمێکی سـەربەخۆ بێت یان لەگەڵ هەرێمێکی دیکە یەکبگرن.

ئەم داوایـەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بـەرز دەکرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و دەبێت لە ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا سێ یەکی ئەندامان دەنگی بۆ بدەن ئەوجا بەرز دەکرێتەوە بۆ پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، هەروەها بەستراویشەتەوە بەمەرجێك ئەگەر پەرلەمانی عێراق لە ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان پاشگەز نەبێتەوە، کـە بەپێی ئەو ماددەیە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك دوادەخرێت و بەرێژەی ٣٢٪ کورسییەکانی ئەنجوومەن بۆ هەریەك لە کورد و تورکمان و عەرەب بەشدەکرێت و ٤٪ یش بۆ کلدو ئاشوری دەبێت .

ئـەو ماددەیە ئەگـەر پەرلەمانی عێراق لێی پاشـگەز نەبێتەوە واتا مراندنی مادەی ١٤٠ی دەسـتوری عێراق کـە ئەم ماددەیەش تەنها بۆ کەرکـووك نییە بەڵکو بۆ سـەرجەم ئەو ناوچانـەی عێراقە کە رژێمی دیکتاتۆری پێشووی عێراق بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی دیموگرافیاکەی شێواندوون و هەیکەلی ئیدارییەکەی پاچە پاچە کردون .

هەربۆیە ئەم داوایەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك جەختکردنەوەیە لەسـەر جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ ی دەسـتووری عێراق و کارتی گوشارە بۆسـەر ئەو پەرلەمانتارانەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە دەیانەوێت لە دەرگای کەرکووکەوە سـەدامێکی تر ببنەوە بۆ بەغداو دەسەڵاتی عێراق بگرێتەوە دەست. کە ئەمەش نەك هەر لای کورد بەڵکو لای تـەواوی ئەو هێز و لایەنانەش قابیلی قبوڵکردن نییە کە لە پێناوی کۆتایـی هاتن بە دیکتاتۆرییەت و بونیـادی عێراقێکی نوێدا خەباتیان کردووە.

لێرەوە دەبێت پێویستە ئەو هێز و لایەنە عێراقییانەی دەیانەوێت کە عێراق لەسـەر بنەمایەکی دەستووری بونیادبنرێتەوە، ئەم داوایەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك وەك مافێکی رەوای دانیشـتووانی شاری کەرکووك وەربگرن و هەوڵبدەن یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان راستبکرێتەوە و رێگە لەو ئەقلییەتە شـۆڤینیانە بگرن کە دەیانەوێت مێژووی خوێناوی عێراق دووبارە بکەنەوە، هەروەها ئەوانەشـی لەم مەسـەلەیە تێناگەن پێویستە بریارەکـەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکـووك زۆر بەجیدی وەربگرن و ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە هاوپەیمانی کوردستان چەندین کارتی دیکەی لە بەردەستدایە کە تا ئێستا بە کاری نەهێناون و ئەگەر ئەوان بە خۆیاندا نەچنەوە لە کات و سـاتی خۆی بەکاردەهێنرێت و چیدیکە یەکپارچەیی عێراقیش بو پیرۆزییە نامێنێتەوە کە هەرگیز دەستکاری نەکرێ.

بۆ زیاتر تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرنگە گوڵان هەوڵیداوە لەگەڵ لایەنی جیاواز و پەیوەندارەکان بەم پرسە قسە بکات کە ئەمە بۆچوونەکانیانە:

●●●

**ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هەنگاوێکی دەستووری و یاسایی هەڵگرتووە و ئەم هەنگاوەش نەک هەر مافی کەرکووکە بەڵکو مافی بەسراو نەجەف و کەربەلا و دیالەو موسڵیشە کە داوای لەو جۆرە بەرز بکەنەوەو داوابکەن پارێزگاکەیان هەرێمێکی سەربەخۆ بێت یان لەگەڵ هەرێمێکی دیکە یەکبگرن**

●●●

●●●

**ئەگەر هەردوولا تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن و زیاتر لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا دروست بێت، ئەو کاتە هەموو پیلانەکانی بەرەی تورکمانی ئاشکرا دەبێت کە چۆن هەوڵدەدات سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بە هەڵەدا بەرێت**

●●●

**د. محەممەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ گوڵان:**

## جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئایندەی عێراق دیاری دەکات

# ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت عێراقیش بە یەکگرتووی نامێنێتەوە



**بۆ بەدواداچوونمان لەسەر پرسی کەرکوک وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان بەمجۆرە باسی لە هەوڵەکانی کورد کرد لە بەغدا کەماوەی هەفتەیەکە زۆر بە چڕوپڕی بەردەوامە.**

(من لە سەرەتادا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە تێپەڕکردنی ماددەی ٢٤ لە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان سەرەتای لێکهەڵوەشاندنە و شکاندنی کریستاڵی ئەو هاوپەیمانییەتی نێوان ئۆپوزسیۆنی کۆن و دەسەڵاتی ئێستای عێراقە کە لە ساڵی ١٩٧٩-٢٠٠٨ بەردەوام بووە. بەداخەوە ڕۆژی ٧/٢٢ ئەو لایەنانەی کە دژی دەستوور و عێراقی نوێ بوون لەگەڵ پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسی توانیان بە تاکتیکی زۆر سەیر خەرقی ئەو بەرەیە بکەن کە لە ساڵی ١٩٧٩-٢٠٠٨ دژی بەعس بە دیکتاتۆرییەت بووە و خەباتی بۆ عێراقێکی نوێ کردووە. هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی ترسناکە و مەترسییەکەش تەنیا لەسەر کوردستان و کەرکوک و دەستوور نییە بە تەنیا.

بەڵکو ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە تازەی نێوان لایەنەکانی دژی دەستوور و پاشماوەکان ڕژێمی بەعسی سەرکەوتوبێت، ئەوا هەموو ئەوانەی کە پێکەوە بۆ بونیادی عێراقێکی نوێ خەباتمان دەکرد تیادەچین، یاخود ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە باسی بکەین ململانێ دروست دەبێت کە پێویستیمان پێی نەبوو.

### لە خۆبایبوون مەعدەنی زۆر لایەنی دەرخست

دروست نەبوونەوەی تەوافقی نیشتمانی لەسەر پرسێکی گرنگی وەك مەسەلەی کەرکوك لە نێوان هاوپەیمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکە مەسەلەیەکە مەترسییەکەی مەزندە ناکرێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی بپرسین ئایا جیاوازییەکان چین کەرێگرن لە بەردەم دروست بوونەوەی تەوافقی نیشتمانیدا؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا د. محەمەد ئیحسان گوتی (من مەسەلەکە بۆ دوو هۆکاری گرنگ دەگێڕمەوە:

١. کەمتەرخەمی لایەنەکانی کە ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵدا کردن
٢. لە خۆبایبوون لەسەر بەدەستهێنانی هەندێك دەسکەوتی ئاسایشی کە لەوەشدا ئێمە هاریکاریان بووین، بەڵام من پێموایە ئەو سەرکەوتنانە مەعدەنی زۆر لایەنی وەك خۆی خستەڕوو و گێڕایەوە بۆ سەر مەعدەنە ئەسڵیەکەی خۆی.

### دابەشکردنی دەور و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی دەستوور

ئەوەی لەم کێشەیەدا بۆتە گرێ کوێرە و چاودێری سیاسی بە ئاسانی بۆی ناکرێتەوە ئەوەیە، کاتێك گوێ بۆ لێدوانی سەرۆکی کوتلە هاوپەیمانەکانی ناو پەرلەمان رادەگرین، دەبینی ئەوان لە کورد زیاتر دژی ئەو دەنگدانەن و بە پیلان و کودەتایەك بەسەر دەستووردا وەسفی دەکەن، بەڵام کاتێك دێتە سەر مەسەلەی دەنگدان و هۆڵی پەرلەمان دەبینین مەترسییەکە وەك خۆی وایە و کەمینە بۆ ئەوە، سەبارەت بەم حاڵەتە وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم گوتی:

(ئەوان دەیانەوێت خۆیان لەچەند مەسەلەیەك بدۆزنەوە، وەك مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بێگومان من ناڵێم پەشیمانبوونەوە لە دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، بەڵکو خۆیان دەدزنەوە و هەوڵدەدەن بە دابەشکردنی دەورەکان ئاستەنگ دروست بکەن، ئێستا ئەوان خەریکی مانۆری دابەشکردنی دەورەکانن واتە لە کۆبوونەوەکاندا قسەیەك لەگەڵ ئێمە دەکەن لە هۆڵی پەرلەمان شتێکی دیکە.

هەر بۆ نموونە ئەوانەی لەگەڵ ئێمە ڕێککەوتنەکە ئیمزا دەکەن لە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان دێنەدەرەوە، بەڵام ئەندامەکانی دیکەیان دەمێننەوە و دژی ئێمە دەنگ دەدەن.

### هەڵوێستی پارتی و یەکێتی جیدیە لەمەودوا زۆر شت قبوڵ ناکەن

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە تەبایی و یەکریزی هەڵوێستی کوردە لە بەغدا، هەروەکو سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێکرد، جێگەی خۆشحاڵی بوو هەموو پەرلەمانتارە کوردەکان بە یەك دەنگ هۆڵی پەرلەمانیان بەجێ هێشت و دژی ماددەی ٢٤ ڕاوەستانەوە بە پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامیشەوە.

ئێستاش کە سەرۆکی کوردستان لە بەغدایە و لەگەڵ سەرۆکی کۆماردا پێکەوە سەرپەرشتی کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دەکەن، ئەمەش دیسان هۆکاری گەشبینییەکی دیکەیە، هەربۆیە لەمبارەوە د. محەمەد ئیحسان زیاتر گەشبینی کردین و گوتی:

ئەوەی گەشبینمان دەکات ئەم پلانە سەر نەگرێت هەڵوێستی پارتی

پێموایە ئەو سەرکەوتنانە مەعدەنی زۆر لایەنی وەک خۆی خستەڕوو و گێڕایەوە بۆ سەر مەعدەنە ئەسڵیەکەی خۆی

ئێستا ئەوان خەریکی مانۆری دابەشکردنی دەورەکانن واتە لە کۆبوونەوەکاندا قسەیەک لەگەڵ ئێمە دەکەن لە هۆڵی پەرلەمان شتێکی دیکە

ديموكراتی كوردســـتان و يەكێتی نيشـــتمانی كوردستانەو بەراستی هەردوولا هەســـتيان بە گەورەترين ئەو مەترســـييە كردووە، هەربۆيە لە هەموو بارێك زياتر هاو هەڵوێســـت و يەك هەڵوێستن، ئەوەی لەو كۆبوونەوە هاوبەشانە دەخوێنرێتەوە ئەوەيە:

* پارتـــی و يەكێتی زۆر زۆر جيدين لەســـەر رووبەڕووبوونەوەی ئەم پيلانە.

* هەرگيز جارێكی ديكە ئەو مەسەلەيە قبوڵ ناكەن كە دەنگدان يان تەوافوقی سياسی دژی بەرژەوەندييەكانی كورد ئەنجام بدرێت.

* ئەم هەڵوێستە هاوبەشەی هەردوولا بۆتە جێگەی متمانە بۆ ئەوەی ئەم پيلانە هەڵبوەشێنرێتەوە.

## بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە جێگەی خۆیەتی و لە چوارچێوەی دەستووردایە

ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٣١ لە دانيشتنێكی نائاسايی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك بە ئيمـــزای ٢٤ ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا داوايەكيان بەرز كردەوە و تيايدا داوا لە پەرلەمانی كوردســـتان دەكەن گەڕانەوەی كەركووك بۆ ســـەر هەرێمی كوردستان پەســـەند بكات، پرسيار لێرەدا ئەوەيـــە ئايا ئـــەم بڕيـــارەی ئەنجوومەنی پارێـــزگای كەركووك چ كاريگەرييەكی لەسەر كۆبوونەوەكانی بەغدا هەبووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسيارەشـــدا وەزيری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم بەمجۆرە كاريگەری ئەم بڕيارەی بۆ گوڵان خستە روو:

پێش ئەوەی باســـی كاريگەری ئەم بڕيارە بكەم دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم ئەم داوايـــەی ئەنجوومەنی پارێـــزگای كەركووك لە جێگەی خۆيەتی و مافی ئەنجوومەنی پارێـــزگای كەركووكە، هەنگاوێكی دەستوورييە و ئەوەی بە نادەستووری لەقەڵەم دەدات با جارێكی ديكە ياسای پێكهێنانی هەرێمەكان بخوێنێتەوە.

بـــەڵام بە ديدی من دەبوايە زووتر ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك ئەم داوايەی بكردايە، ئێستا نەچووە بچێت ئێمە ئوميدەوارين پەرلەمانی كوردســـتان ئەو داواكارييەمان پەسەند بكات، ئەمە باشترين كاردانەوە بـــوو بۆ ئەوانـــەی پيلان لە دژی مـــاددەی ١٤٠ دەگێڕن، بێگومان دەبێت بزانن كە بێجگە لە ماددەی ١٤٠ كورد پلانی B و پلانی C يشی هەيە.

ســـەبارەت بە كاريگەری ئەم داواكارييەش لەسەر لايەنەكانی ديكەی عێراق تا ئێســـتا بە فەرمی هيـــچ كاردانەوەيەكيان نەبووە، بەڵام بە شێوەيەكی ناراستەوخۆ گوێمان لێدەبێت دەڵێن:

١. لەم داواكارييە پەلەتان كرد.

٢. هەندێك دەڵێن دەستووری نييە.

٣. هەندێكيش پێمان دەڵێن هەقی خۆتانە.

بەڵام من ئەم داواكارييە بەو شێوەيە وەسف دەكەم بەرزكردنەوەی ئەم داوايە بۆ پەرلەمانی كوردستان جامێك ئاوی سارد بوو كرا بەسەر هەموو ئەو لايەنانەی كە پيلانيان دژی ماددەی ١٤٠ دەچنی، ئەم ئاوە ساردە بە ئاگای هێنانەوە.

ئەمە يەكێكە لە هەنگاوە باشـــەكان، بە درێژايی پرۆســـەی سياسی عێراق، زۆر كات سياسەتی كوردی بەرامبەر رووداوەكان كاردانەوەی هەبووە، خۆی هەنگاوێكی هەڵنەگرتووە كە لايەنی ديكە كاردانەوەی هەبێت، بەڵام دەبێت دان بەو راســـتييە بنێن هەركاتێك كورد هەنگاوی هەڵگرتبێـــت زۆر لەو حاڵەتانە ســـەركەوتووتر بووە كـــە كاردانەوەی هەبووە.

## ڕێزمان بۆ هەڵوێستی تورکیا هەیە بەڵام کەرکووک گەڕەکێکی ئەستەنبوڵ نییە

سەبارەت بە هەڵوێستی توركيا كە لەسەر زاری عەلی باباجان وەزيری دەرەوەی توركيا بەرامبەر بە گەڕانەوەی كەركووك بۆ ســـەر هەرێمی كوردستان راگەينرا.

وەزيری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم گوتی:

توركيا كەم جار بە بڕيارێك رازی بووە كە لە بەرژەوەندی عێراقييەكان بێت، بـــەڵام عێراقييەكان بڕيار بۆ خۆيـــان دەردەكەن گرنگ ئەوەيە عێراقييـــەكان خۆيان بەو بڕيـــارە رازی بن، هەربۆيـــە لەگەڵ رێزم بـــۆ بەرێز عەلی باباجان وەزيـــری دەرەوەی توركيا، بەڵام پێی دەڵێن كەركووك شـــارێكی عێراقييە و عێراقييەكان خۆيان بڕياری لەســـەر دەدەن، كەركووك گەڕەكێكی ئيســـتانبۆڵ نييە توركيا بڕياری لەسەر بدات.

## ئەمەریکا: داوای پارێزگای کەرکووک مەسەلەیەکی ناوخۆی عێراقە

بێگومان بمانەوێت يان نەمانەوێت ئەمەريكا ئەگەر بەشێكيش نەبێت لە پرۆســـەی سياســـی و گرفتەكانی عێراقی بەڵام كاريگەرييەكی زۆريان لەسەر رەوتی رووداوەكانی عێراق هەيە سەبارەت بە هەڵوێستی باڵيـــۆزی ئەمەريـــكا لە عێراق لەســـەر مـــاددەی ٢٤ و داواكەی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك بۆ گەڕانەوەی بۆ ســـەر هەرێمی كوردستان د. محەمەد ئيسحان گوتی:

هەڵوێســـتی ئەمەريكا ئاشكرايە، ئەوان لەســـەر تێپەڕاندنی ياسای هەڵبژاردن نيگەرانی خۆيان پيشاندا بەوەی دژی دەستوورە، سەبارەت بە داواكەی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووكيش ئەوە بە مەسەلەيەكی ناوخۆی عێراق دەزانن و بە مافی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووكی دەزانن.

## ئەگەر ڕێکبکەوین یان دەبێت پێداچوونەوەیەکی گشتی بە سیاسەتی خۆماندا بکەین

ســـەبارەت بە ئايندەی سياسەت و ستراتيژييەتی كورد لە عێراقدا د. محەمەد ئيحســـان گوتی: ئێمە لەم حاڵەتەدا رێكبكەوين و بگەينە تەوافوقێكی سياسی يان رێكنەكەوين و مەسەلە وەك خۆی بمێنێتەوە، پێويستمان بەوەيە سەر لە نوێ بە سياسەت و ستراتيژ و هاوپەيمانەكانی خۆماندا بچينەوە، دەبێت سەر لە نوێ دەست بە گرێدانی هاوپەيمانی تازە بكەينەوە لەگەڵ هەموو لايەنەكان نەك چەند لايەنێكی دياريكراو بە تەنيا، دەبێت هەموولايەك بزانن ئەگەر ١٤٠ جێبەجێ نەكرێت ئەوا دەبێت فاتحە لەسەر يەكپارچەيی عێراق بخوێنرێت.

## ئەجێندای سەردانەکەی سەرۆکی کوردستان فراوان و هەمە لایەنەیە

بێگومان سەردانەكەی ئەمجارەی سەرۆكی كوردستان، بەرنامەيەكی چڕوپڕ و هەمە لايەنەی لەخۆ گرتووە و تەنيا مەسەلەی چارەسەركردنی كێشەی ياسای هەڵبژاردن نييە كە ئێستا بۆتە ئەولەوييەتی بەرنامەی سەرۆك لە بەغدا، ســـەبارەت بە ئەجێندای سەردانەكەی سەرۆك د. محەمەد گوتی:

بێگومان راســـتە مەسەلەی كەركووك بۆتە ئەولەويەتی سەردانەكەی ســـەرۆكی كوردستان، بەڵام بەرنامەی ســـەردانەكەی فراوانە و ئەم لايەنانە هەمووی لەخۆی دەگرێت:

١. رێككەوتنی ستراتيژی نێوان ئەمەريكا و عێراق

٢. گرێدانی هاوپەيمانی سياسی تازە.

٣. پێداچوونەوەی هاوپەيمانييە كۆنەكان.

٤. ياسای هەڵبژاردن.

٥. كێشەی ماددەی ١٤٠.

٦. پەيوەندييەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا.

٧. مەسەلەی بودجەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان.

●●●

**بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەر بە ئەنجوومەنی باڵایە، بەڵام لە دەنگدانی پێشوودا کۆنترۆڵی بەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی مەجلیسی ئەعلا و بەدر نەبوو**

●●●

●●●

**عەلاوی کاتێک لەگەڵ ئێمە قسە دەکات شتێک دەڵێت، بەڵام وەک بینیمان هەموو پەرلەمانتارەکانی لیستی ئەلعێراقییە دەنگیان بۆ ماددەی ٢٤ دا**

●●●

●●●

**ئومێدەوارین پەرلەمانی کوردستان ئەو داواکارییەمان پەسەند بکات، ئەمە باشترین کاردانەوە بوو بۆ ئەوانەی پیلان لە دژی ماددەی ١٤٠ دەگێڕن، بێگومان دەبێت بزانن کە بێجگە لە ماددەی ١٤٠ کورد پلانی B و پلانی Cیشی هەیە**

●●●

جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:

# ئەردۆگان داوای هاوکاری لە ئێمەی ڕۆژنامەنووسان کرد هاوکاری بکەین بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ هەرێمی کوردستان



**جەنگیز چاندار، کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی تورکیا، نزیکە لە دەسەڵاتی سیاسی و لەسەردەمی تورگوت ئۆزالەوە هەتا ئێستا یەکێکە لەو کەسانەی کە خوازیاری ئەوەیە دیدی سیاسی تورکیا لەهەمبەر کوردو کێشەکەی بگۆڕێت، لەسەردانی ئەم دواییەی سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ بەغدا، چاندار هاوڕێی سەفەرەکەی بووەو زۆر لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا دەکات.**

**سەبارەت بەو گۆڕانکارییەی کەرکوک هەڵوێستی بەرەی تورکمانیش، ئەمجارەش چاندار ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

### تورکیا هیچ بەرژەوەندییەکی لە دروست بوونی توندوتیژی و شەڕی ئەتنی لە کەرکوکدا نییە

***کەباسی کێشەی کەرکوک دەکرێت پرسیار لەسەر هەڵوێستی تورکیاش دەکرێت،لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆمەڵێك ڕووداو لەکەرکوك ڕوویاندا ئایا هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لەو بارەوە چییە؟**

- تورکیا هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لە دروست بوونی توندوتیژی و شەڕی ئەتنی لە کەرکوکدا، ئەو شارە کورد و تورکمانەکانی تێدا نیشتەجێن و ئەوانیش بە خزم و کەسی هاوڵاتیانی تورکیایان دەزانێت، بارودۆخی کەرکوك ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تورکیا، لەبەرئەوە تورکیا نەك هەر بەرژەوەندی نییە لە خولقاندنی توندوتیژی لەو شارەدا، بەڵکو خوازیارە ئەو شارە ئارام بێت و دەسەڵات لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارەدا دابەش بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر کەرکوك بریتی بووە لەوەی ئەم شارە بارێکی ئۆتۆنۆمی وەربگرێت لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات تێیدا.

### بەرەی تورکمانی کە یەکێکە لە پارتە تورکمانییەکان نوێنەرایەتی هەموو تورکمان ناکات

***بەڵام بەرەی تورکمانی بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەری تورکیایە و تورکیا وەك دوژمنی کوردەکان پیشان دەدات، ئایا تا چەند ئەم پڕوپاگەندەیەی بەرەی تورکمانی کاریگەری خراپی هەیە لە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان؟**

- من نامەوێت لە بارەی ئەم بانگەشەیەی بەرەی تورکمانییەوە بدوێم، بەڵام لە گۆشەنیگای تورکیایەوە هەموو تورکمانەکانی عێراق یەکسانن و بەرەی تورکمانیش یەکێکە لە ڕێکخراوەکانی ناو تورکمانەکان، واتە بە لای تورکیاوە بەرەی تورکمانی یەکێکە لە گروپە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی تورکمانەکانی عێراق دەکات.

### سەقامگیربوونی ئارامی و ئاسایش لە کەرکوکدا لە بەرژەوەندی تورکیادایە

***هەروەک دەزانین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەو شارە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا هەڵوێستی تورکیا چی دەبێت ئەگەر کەرکوک بووە بەشێك لە هەرێمی کوردستان؟**

- تورکیا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتدایە لەکەرکوک و خوازیارە ئەو شارە ببێتە یەکەیەکی فیدراڵی و لەگەڵ هیچ هەرێمێکی دیکەدا نەبێت، راستە ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقە، بەڵام تورکیاش وەك هێزێکی ناوچەیی ئەو مەسەلەیە بە هەند هەڵدەگرێت، لەبەرئەوەی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بارودۆخی ناوخۆی وڵاتەکەی. سەقامگیربوونی ئارامی و ئاسایش لە کەرکوکدا لە بەرژەوەندی تورکیایە و تورکیا بەرژەوەندی هەیە لە چۆنییەتی بەرەوپێشچوونی رەوتی رووداوەکان لەو شارەدا، تا ئەم ساتەوەختەش رووداوەکانی عێراق بەو چەشنە نەبوونە ببنە هۆی لاوازکردنی ئەم هەڵوێستەی تورکیا.

### لە گۆشە نیگای تورکیادا پێگەی تاریق هاشمی لە پێگەی عادل عەبدولمەهدی باشتر نییە

***تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بە سەردانێك لە تورکیایە، چاودێران پێیانوایە هاشمی هەوڵی بەکارهێنانی کارتی تورکیا دەدات بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر کوردەکان تاوەکو کەرکوك نەبێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، چۆن ئەم هەوڵ و هەڵوێستەی هاشمی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- من پێموایە ئەمە لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی هەڵەیە و دەبێت لەم رووەوە وریا بین، لەبەرئەوەی سیاسەتی هەمیشەیی تورکیا ئەوەبووە کە گفتوگۆ لەگەڵ تێکڕای لایەنەکانی عێراقدا بکات، بە کورد و شیعە و سوننەکانەوە، لە گۆشەنیگای تورکیایەوە تاریق هاشمی لە پێگەیەکی باشتردا نییە لە عادل عەبدولمەهدی، یان جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق، یان هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، یاخود نێچیرڤان بارزانی، تورکیا فەزڵی تاریق هاشمی نادات بە سەر هیچ کەسایەتییەکی دیکەی عێراق و خوازیارە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەن و کەسایەتییەکانی کار عێراقدا بکات.

### بڕیاری داخستنی AKP لەبەرژەوەندی پەیوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستانیشە

***بابەتێکی دیکەی گرنگ بە سیاسەتی ئێستای حکومەتی تورکیا ئەوەیە دادگای تورکیا دەنگی بۆ داخستنی پارتی دادوگەشە پێدان نەدا،ئایا بڕیاری دادگای تورکیا بە داخستنی پارتی داد و گەشەپێدان دەبێتە هۆی ئەوەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆگان بەردەوام بێت لە سەر هەوڵەکانی بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە عێراقدا؟**

- بەڵێ دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی، ئەم بڕیارە جێی خۆشحاڵی تورکیا و وڵاتانی ناوچەکە بوو، لەبەرئەوەی ئایندەی سیاسی تورکیا نادیار بوو، بەڵام ئەم بڕیارە وا دەکات سەرۆك وەزیرانی تورکیا درێژە بە هەوڵ و کۆشش و کارەکانی خۆ بدات، لە هەمان کاتدا بەردەوام بێت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئیجابییەکان لە گەڵ کوردەکانی عێراقدا.

### ئەردۆگان داوای لێکردین هاوکاری بین بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت

***دوای چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز نێچرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن تورك، هەستمان کرد پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە دەچن، ئایا ئێوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر چۆن دەبینن؟**

- ئەو پەیوەندیانە لە بەرەوپێشچووندان، من هاوڕێیەتی سەفەرەکەی بەڕێز ئەردۆگانم کرد بۆ بەغدا و لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ تورکیا و لە ناو فڕۆکەدا ئێمە لە گەڵیدا دواین، ئەو زۆر راشکاو بوو لەوە کە خوازیاری دروست کردنی پەیوەندیگەلێکی نزیکە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، هەروەها داوای لە رۆژنامەنوسەکان کرد لە پەرەپێدانی ئەم پەیوەندییە نزیکانەدا یارمەتیدەر بن. من ئاماژەی ئەوە بەدی دەکەم کە ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندیانە بە تایبەتی لە لایەن بەڕێز ئەردۆگانەوە بۆ بەستنی پەیوەندی نزیك و برایانە لە گەڵ سەرکردە کوردەکانی باکووری عێراقدا.

***ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەنقەرە بکات؟**

- من ئومێدارم ئەو سەردانە رووبدات.

### ئەوەندەی من ئاگادارم ئەمەریکا خوازیاری دروست بوونی پەیوەندیگەلێکی نزیکە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا

***تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکایە و وڵاتێکی گرنگە لە ناوچەکەدا، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدرێت کە وا پیشان بدرێت تورکیا دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کاردەکات، لە کاتێکدا ئەمەریکای ئەوە لە تورکیا چاوەڕوان دەکات رۆڵێکی باش لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بگێڕێت، ئایا تا چەند هەڵوێستی رەسمی تورکیا چی دەبێت بەرامبەر ئەم هەوڵانە؟**

- گفتوگۆ و دیالۆگێکی زۆر لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیادا هەیە دەربارەی دوا رۆژی عێراق، ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەمەریکا خوازیاری دروست بوونی پەیوەندیگەلێکی نزیکە لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراقدا و خوازیاری بەرەوپێشچوونی ئەو پەیوەندییانەیە.

●●●

**من هاوڕێیەتی سەفەرەکەی بەڕێز ئەردۆگانم کرد بۆ بەغدا و لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ تورکیا و لە ناو فڕۆکەدا ئێمە لە گەڵیدا دواین، ئەو زۆر راشکاو بوو لەوە کە خوازیاری دروست کردنی پەیوەندیگەلێکی نزیکە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، داوای لە رۆژنامەنوسەکان کرد لە پەرەپێدانی ئەم پەیوەندییە نزیکانەدا یارمەتیدەر بن. من ئاماژەی ئەوە بەدی دەکەم کە ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندیانە**

●●●

●●●

**تورکیا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتدایە لەکەرکوک و خوازیارە ئەو شارە ببێتە یەکەیەکی فیدراڵی و لەگەڵ هیچ هەرێمێکی دیکەدا نەبێت، راستە ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقە، بەڵام تورکیاش وەک هێزێکی ناوچەیی ئەو مەسەلەیە بە هەند هەڵدەگرێت**

●●●

●●●

**تورکیا فەزڵی تاریق هاشمی نادات بە سەر هیچ کەسایەتییەکی دیکەی عێراق و خوازیارە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەن و کەسایەتییەکانی عێراقدا بکات**

●●●

سەعادەت لاچینەر
سەرنووسەری تورکیش ویکلی جۆرناڵ بۆ گوڵان:

# بەرەی تورکمانی تورکیا نییە و نوێنەرایەتی تورکیا لە عێراقدا باڵیۆزخانەی بەغداو قونسوڵیەتی موسڵە

**سەعادەت لاچینەر، کە سەرنووسەری تورکیش ویکلی جۆرناڵە، ئەو رۆژنامەنووسەشە کە بایەخ بە پرسی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەدات. لاچنەر هانی حکومەتی تورکیا دەدات کە پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، بەڵام زۆربەی مەسەلەکان بەبوونی پەکەکە گرێدەداتەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لەسەر گۆڕانکارییەکانی کەرکووک و هەرێمی کوردستانیش، رۆژنامەنووس لاچنەر رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**



**بەرەی تورکمانی تاقە نوێنەری تورکمانەکانی عێراق نییە، من لەو گیروگرفتانە تێدەگەم کە بەرەی تورکمانی دەیان خوڵقێنێت**

## کێشەی کەرکوک پتر پەیوەستە به حکومەتی عێراقەوە نەک تورکیا

***ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کەرکوك دەبێتە هۆی شڵەژانی بارودۆخی عێراق و ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لە سەر بارودۆخی تورکیا، ئایا بە چ شێوەیەك تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات هەلومەرجی کەرکوك ئاڵۆز نەبێت؟**

-هەڵویستی تورکیا دوولایەنە یەکەمیان : مامەڵەکردن و رێزگرتنە لە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە، هەروەها تورکیا پێیوایە دەبێت هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا بپارێزرێت، لە سەر بنەمای مافە بنەڕەتییەکانی ئەم گروپە ئەتنیانە و دەبێت ئەم گروپانەش دان بە بوونی پێکهاتەکانی دیکەدا بنێن و رێزیان لێ بگرن، ئەگەرنا شەڕی ناوخۆیی و کارەسات لە کەرکوکدا روودەدات.

لە راستیشدا رەنگە کێشەی کەرکوك پتر پەیوەست بێت بە حکومەتی عێراقەوە و لەو پێناوەشدا نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەولی هاوکاری کردنی عێراق دەدات.

دووەمیان: ئەوەیە کە لێرەدا کێشەیەکی تر هەیە کە بریتییە لە هەڕەشە و مەترسی پەکەکە بۆ سەر خاك و ئاسایشی تورکیا، پەکەکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و بە پێی تێڕوانینی یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی دراوسێ رێکخراوێکی تیرۆریستییە و تورکیا مافی رەوای خۆیەتی لە دژی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە بەرگری لە خۆی بکات، لێرەدا دەبێت حکومەتی عێراقی هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێت کە ئەگەر ئەم رێکخراوە بە تیرۆریست دەزانێت ئەوا دەبێت رێگە نەدات بنکە و بارەگای لە باکووری عێراقدا هەبێت و ئەم بنکانە بەکار بهێنێت بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی لە ناو خاکی تورکیادا، ئەگەرنا تورکیا ناچار دەبێت هێرش بکاتە سەر ئەم بنکانە.

## تەنها باڵیوزخانەی بەغدا و قونسوڵیەتی موسڵ نوینەرایەتی تورکیا دەکەن لە عێراقدا نەک بەرەی تورکمانی

*** بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین ئەوەیە بەرەی تورکمانی هەڵوێستی خۆی وەك هەڵوێستی فەرمی تورکیا پیشاندەدات، ئایا بەرەی تورکمانی نوێنەری تورکیایە لەکەرکوك؟**

- هیچ لایەنێکی ناو عێراق نوێنەرایەتی تورکیا ناکات، نە تورکمان و نە کورد و نە عەرەبەکان، تورکیا باڵیۆزی هەیە لە بەغدا و قونسوڵیەتی هەیە لە موسڵ، بەڵام تورکیا داوا لە کوردەکان دەکات رێز لە مافەکانی تورکمانی عێراق بگرن و دەبێت کوردەکان ئەوە بزانن چارەنووسی ئەوان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دیاری دەکرێت. من پێموایە رێزگرتنی مافەکانی تورکمان لە عێراقدا لە لایەن کوردەکانەوە لە بەرژەوەندی کوردەکان و تورکمانەکانیشە، لەبەرئەوەی لە تورکیاشدا دانیشتوانێکی گەورەی کورد هەیە.

## بەرەی تورکمانی تاکە نوێنەری تورکمانەکان نییە من لەو گیروگرفتانە تێدەگەم کە بەرەی تورکمانی دەیان خوڵقێنێت

***بۆچی تەنها بەرەی تورکمانی دژی کوردەکان دەوەستن، ئەمە لە کاتێکدا چەندین لایەنی دیکەی تورکمانی هەن کە بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەن، بۆچی تورکیا بە یەك چاو سەیری هەموو تورکمانەکانی عێراق ناکات؟**

-لە راستیدا بەرەی تورکمانی تاقە نوێنەری تورکمانەکانی عێراق نییە، من لەو گیروگرفتانە تێدەگەم کە بەرەی تورکمانی دەیان خوڵقێنێت، بە هەمان شێوە لەو گرفتانەش تێدەگەم کە لایەنە کوردیەکان دروستی دەکەن، تکای من ئەوەیە چیتر یەکتری تۆمەتبار مەکەن، لەبەر ئەوەی ناتوانن یەکتری لە ناوبەرن، پێکەوە کار بکەن و هاریکاری یەکتری بکەن.

پەرلەمانتار شێخ جەلالەدین سەغیر بۆ گوڵان:

# دەنگدان لەسەر مادەی ٢٤ هەم پێشێلکاری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو هەمیش پێشێلکاری ئەو بنەمایانە بوو کە لەسەری ڕێککەوتبووین



**شێخ جەلالەدین سەغیر، بێجگە لەوەی ئەندامی پەرلەمانی عێراقەو سەرۆکی کوتلەی مەجلیسی ئەعلایە لە ناو پەرلەمان، یەکێکە لە وتار بێژەکانی ڕۆژی هەینی شاری نەجەف و یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسییە کاریگەرەکانی ناو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا. شێخ جەلالەدین، یەکێك بووە لەو پەرلەمانتارانەی کە لە دەنگدان لەسەر یاسای پارێزگاکان هاوشانی هاوپەیمانی کوردستان هاتۆتە دەرەوەو دەنگی نەداوە، بەڵام ئەندامی دیکەی ئەنجوومەنی باڵا ماونەتەوە.**

**سەبارەت بەو پیلانەو چۆنییەتی دەنگدان و هاوپەیمانی نێوان کوردو ئەنجوومەنی باڵا، بەمجۆرە شێخ جەلالەدین، رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

## بەعسییەکان هەوڵیاندا بە یاسای پارێزگاکان پرۆسەی سیاسیی عێراق بشێوێنن

***پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر یاسایەکدا کە هاوپەیمانی کوردستانی لەگەڵیدا نەبوو، ئەمە زەنگی مەترسییە لەسەر بنەمای تەوافوقی نیشتمانی کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە هەموو لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتوون. بۆچی لەم بڕیارەدا، هێزە عێراقییەکانی دیکە لە چوارچێوەی ئەم تەوافوقە نیشتمانییە دەرچوون؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە نیشانەی ململانێی ئیرادەیە و بەعسییەکان هەوڵیاندا و ویستیان پرۆسە سیاسییەکە بشێوێنن و شانۆی سیاسی عێراقی بشڵەژێنن، بە داخەوە چەند کەلێنێك هەبوون کە توانیان لەو ڕێیەوە ئەم ئامانجەی خۆیان بهێننەدی و ئەو یاسایە دەربکەن کە هەم پێشێلکاری بوو بۆ نیزامی ناوخۆیی پەرلەمان و بۆ ئەو بنەمایەی لە سەری ڕێککەوتبووین بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆز و گەورەکان لە ماوەی ڕابردوودا.

## ئۆمێد زۆرە بگەینە تەوافوقێکی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە

*** بەڕێز عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆکی کۆماری عێراق، ڕایگەیاند ڕۆژی شەممەی داهاتوو ڕۆژی تەوافوقی نیشتمانییە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە تێڕوانینێکی هاوبەش هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێشێلکارییەی لە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا ڕوویدا، ئایا چارەسەرێکی هاوبەش بۆ ئەو کێشەیە دۆزراوەتەوە؟**

- ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو کوتلە سیاسییەکاندا کۆبوونەوەمان کرد بەڵام کارەکانمان کۆتایی پێ نەهێنا و من ئومێدم هەیە بۆ بەیانیش ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام بن بۆ ئەوەی بگەینە تەوافوقێکی نیشتمانی، من پێموایە ئەو پێشنیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوویانە بەشێکی گەورەی ئەو پێویستیانە لە خۆ دەگرێت کە پێویستمان پێیەتی بۆ تەوافوقی سیاسی.

*** ئایا گەشبینیت بەوەی ڕۆژی یەك شەممەی داهاتوو ڕۆژی تەوافوقی نیشتمانی بێت؟**

- من ئومێدی زۆرم هەیە کە بتوانین لەو ڕۆژەدا چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکووك بدۆزینەوە و ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بهێنین.

## جارێ زوو بوو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەو داوایە بەرزبکاتەوە

*** یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، بۆ نموونە ئەو داوایەی کە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بەرزیان کردەوە بۆ ئەوەی کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا تێڕوانینی ئێوە چییە بەرامبەر ئەم داواکارییە؟**

- من پێموایە ئەو کەشەی ئێمە تێیدا دەژین وا دەکات هەڵکشانی هەستیاری سیاسی لە بەرژەوەندی توندڕەوەکان بێت. لەبەر ئەوە من پێم وایە تەرحکردنی ئەم داواکارییە هێشتا زووە و دەبێت چاوەڕوانی دەرفەتی پێکهێنانی تەوافوقی نیشتمانی بکەین کە ئومێدی ئەوەمان هەیە بەدی بهێنین.

## ئەگەر هاوپەیمانی نێوان کورد و مەجلیسی ئەعلا نەبوایە زۆر مەسەلە بە ئاراستەی خراپدا دەڕۆیشت

***ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پێشتر چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سەماحەتی عەممار حەکیمدا کردووە، ئەو ڕاشکاوانە ئەوەی پێی ڕاگەیاندین کە هاوپەیمانی مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی لەگەڵ کورد مەسەلەیەکی مەبدەئییە و پەیوەست نییە بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانەوە، ئایا ئێستا هاوپەیمانی کوردستانی و ئەنجوومەنی باڵا تێڕوانێکی هاوبەشیان هەیە؟**

- ئێمە چەندین خاڵی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان و لەسەر زەمینەی هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژیین لەسەر هەموو ئاستەکاندا، ئێمە خەباتی هاوبەش و مەزلومییەتی هاوبەش و مێژووی هاوبەشمان هەیە کە دەبنە هۆی پتەوکردنی ئەم زەمینەی هاوپەیمانێتییە و ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتییەش نەبوایە ئەوا زۆرێك لە مەسەلەکان بە ئاراستەیەکی خراپدا دەڕۆیشتن، لەبەر ئەوە ئێمە پەرۆشی پتەوکردن و پەرەپێدانی ئەم هاوپەیمانێتییەن، بە هەمان شێوە هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان دەدەین لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە.

***سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا تەنها بۆ کێشەی کەرکووك نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئەمەریکاوە هەیە لەگەڵ عێراقدا، ئایا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ داڕشتنی چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەمەریکادا؟**

- ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان و سەرکردە سیاسییەکانیدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە نابێت ڕێگە بەو کەسانە بدرێت کە هەوڵی تێکدانی ئەمن و سەقامگیری عێراق دەدەن، دەبێت ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئەمەریکا دەکرێت بەرژەوەندییەکانی عێراق بهێنێتەدی و سەروەری ئەم وڵاتە بپارێزێت، من پێموایە لەسەر چەندین خاڵ ڕێککەوتووین کە پێموایە ئەو ئامانجانە دەهێننەدی کە ئێمە خوازیاری ئەوەین بەدیان بهێنین لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا.

**ئێمە چەندین خاڵی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان و لەسەر زەمینەی هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژیین لەسەر هەموو ئاستەکاندا، ئێمە خەباتی هاوبەش و مەزلومییەتی هاوبەش و مێژووی هاوبەشمان هەیە کە دەبنە هۆی پتەوکردنی ئەم زەمینەی هاوپەیمانێتییە**

**پرۆفیسۆرپۆست هیلترمان پسپۆر لەسەر دۆسێی کەرکوک لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:**

# بەرەی تورکمانی دەستکردی تورکیایە، هەربۆیە جەماوەرێکی زۆری لە ناو تورکمانەکاندا نییە

**پرۆفیسۆر پۆست هێلترمان جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، بنکەی سەرەکی ئەم پرۆگرامەش لە ئیستانبولە لە تورکیا، هەروەها سەرۆکی تیمێکی شرۆڤەکاری سیاسییە کە بنکەی ئەو تیمە لە عەممان و بەیروتەو لەسەر پرسە گرنگەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە راپۆرت ئامادە دەکات، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر پرسی کەرکوك راپۆرتێکی بۆ گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتییەکان (ICG) ئامادەکرد.**

**پۆست هیلترمان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا بۆچوونەکانی زیاتر لەگەڵ بۆچوونی عێراقییەکان یەکدەگرێتەوە نەك کورد، بەڵام دەربڕینی هیلترمان جیاوازە، هەربۆیە بە گرنگمانزانی سەبارەت بە دوا گۆڕانکارییەکانی کەرکوك پەیوەندی بە پرۆفیسۆر هیلترمان لە ئەمەریکا بکەین و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



### مەرج نییە هەڵوێستی تورکیا لەسەر کەرکووک راستەوخۆ بێت

*** ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك داوای ئەوەی لە حکومەتی عێراقی کرد کە ئەو شارە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا هەڵوێستی تورکیا چی دەبێت ئەگەر کەرکووك بووە بەشێك لە هەرێمی کوردستان؟**

- گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان هێڵی سوورە بۆ تورکیا، لەبەر ئەوە تورکیا بەرهەڵستی دەکات، ئەگەر بە شێوەیەکی راستەوخۆش نەبێت، ئەوا لە رێی دۆستەکانییەوە لە عێراقدا (نەك تەنها تورکمانەکان، بەڵکو لە رێی بەشێکی فراوانی حکومەت و پەرلەمانی عێراقەوە) ئەو هەڵوێستەی پیادەدەکات.

### ئەمەریکا لەگەڵ چارەسەرێکی دیاریکراو نییە بۆ کێشەی کەرکووک

***کێشەی کەرکووك لە نێوان کوردو عێراقدا، بۆتە هۆی ئەوەی هەردوولا هەڵوێستی توند وەربگرن، بەتایبەتی کە پەرلەمانی عێراق هەوڵیدا یاسایەك دژ بە کورد دەربکات، بەڵام ئەگەر بیانەوێت هەر بڕیارێك بەسەر کوردەکاندا بسەپێنن، ئەوا کوردەکان رەتی دەکەنەوە، ئەگەر ئەم بارودۆخەش بەم شێوەیە بەردەوام بێت هاوکێشە سیاسییەکە هەڵدەوەشێتەوە، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت بەرامبەر ئەم حاڵەتە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات رێگا لە هەرەسهێنانی بارودۆخەکە بگرێت، ئەگەرچی لەگەڵ دەرئەنجامێکی دیاریکراودا نییە بۆ کێشەی کەرکووك، بەڵام خوازیارە دەرئەنجامەکە ببێتە مایەی هێنانەدی ئاشتی و کێشەکە لە رێی گفتوگۆوە یەکلابکرێتەوە. لەبەر ئەوە لەم حاڵەتەدا فشار دەخاتە سەر هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی سازش بکەن.

### تورکیا بە پەرۆشە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

***دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق، لە کەرکووك خۆپیشاندان کرا کە بووە ئامانجێکی چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی، ئەمەش**

**بووە هۆی ئەوەی خەڵكی كەركووك پتر نارەزایی دەربڕن لە بارودۆخەكە، لە هەمان كاتدا هەڵوێستی توركیا هەڵوێستێكی ئیجابی بوو، بە تایبەت هەڵوێستی سەرۆك وەزیرانی توركیا، ئەمەش بووە جێی خۆشحاڵی ئێمە، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن توركیا لە بارودۆخی كەركووك دەڕوانێت؟**

- توركیا بە پەرۆشە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەكانی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا. نوێنەرەكانی توركیا چاویان بە سەرۆكی وەزیران نێچیرڤان بارزانی كەوت، كە چاوەڕێ دەكرێت چاوپێكەوتنی زیاتر ئەنجام بدرێت. توركیا خوازیاری بنیاتنانی پەیوەندیگەلێكی ئابووری نزیكە لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا. بەڵام كەركووك كێشەیەكی زەحمەتە بۆ توركیا، لەبەر ئەوە هەڵوێستی توركیا دەوەستێتە سەر بەرەوپێشچوونی رەوتی رووداوەكان لەو شارەدا.

*** ئاڵۆزبوونی بارودۆخی كەركووك دەبێتەهۆی شڵەژانی بارودۆخی باكووری عێراق و ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر بارودۆخی توركیا، ئایا بە چ شێوەیەك توركیا هەوڵی ئەوە دەدات هەلومەرجی كەركووك ئاڵۆز نەبێت؟**

- دۆزینەوەی چارەسەرێكی ئاشتییانە بۆ كێشەی كەركووك لە بەرژەوەندی توركیایە، لەبەر ئەوە هێزی دیبلۆماسی خۆی لە بەغدا بەكار دەهێنێت بۆ هێنانەدی چارەسەرێكی لەم چەشنە.

## بەرەی توركمانی دروستكراوی توركیایە بۆیە جەماوەری لە ناو توركماندا زۆر نییە

***بەڵام بەرەی توركمانی بانگەشەی ئەوە دەكات كە نوێنەری توركیایە و توركیا وەك دوژمنی كوردەكان پیشان دەدات، ئایا تا چەند ئەم پڕوپاگەندەیەی بەرە كاریگەری خراپی هەیە لەسەر پەیوەندییەكانی توركیا و هەرێمی كوردستان؟**

- بەرەی توركمانی تەنها رێكخراوێكی توركمانی نییە، رێكخراوگەلێكی توركمانی زۆر هەن. بەرەی توركمانی لە لایەن توركیاوە دروستكراوە، هەربۆیە خاوەنی جەماوەرێكی زۆر نییە لە ناو توركمانەكاندا، توركمانەكانی كەركووك خۆیان بە عێراقی لە قەڵەم دەدەن. بەڵام ئەگەر هەست بكەن لەژێر هەڕەشەدان، ئەوا پەنا بۆ بەرەی توركمانی و توركیا دەبەن بۆ ئەوەی بیان پارێزن.

*** ئەی هەڵوێستی ئەمەریكا لەم حاڵەتەدا چۆن دەبێت بە تایبەتی كە ئەمەریكا ئەوە لە توركیا چاوەڕوان دەكات رۆڵێكی باش لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی كوردستان بە تایبەتی بگێڕێت، ئایا هەڵوێستی رەسمی توركیا چی دەبێت بەرامبەر ئەم هەوڵانە؟**

- من پێموایە رووداوەكانی ئەم دواییە ئەوەیان پیشاندا توركیا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پتر لە یەك نزیك دەبنەوە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە هاوبەشەكانیان لە ناوچەكەدا، دژایەتی و بەرهەڵستیكردنی ئێران، پشتگیریكردن لە یەكێتی و یەكگرتوویی عێراق. من پێشبینی ئەوە ناكەم ئەمە لە ئایندەیەكی نزیكدا گۆڕانكاری بەسەردا بێت.

***ئەو پرۆسە سیاسییەی لە عێراق و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە هاتە ئاراوە، پرۆسەیەك بوو كە لەسەر بنەمای كۆدەنگی نەتەوەیی بنیات نرا، بەڵام حاڵی حازر خەریكە ئەم كۆدەنگییە نەمێنێت، ئەگەر لایەنە سیاسییە عەرەبییەكانی عێراق ئەم كۆدەنگیە رەت بكەنەوە لەگەڵ كوردەكاندا، ئەوكاتە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەكات؟**

- ئەمە تەحەددایەكی گەورەیە رووبەڕووی عێراق بۆتەوە: ئەو ناكۆكییەی لە ئایندەدا سەر هەڵدەدا لە نێوان كورد و عەرەبدایە ( هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ناكۆكی لە ناو شیعەكانیشدا سەرهەڵبدات، بە تایبەتی لە نێوان رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵادا )، نەك لە نێوان شیعە و سوننەكاندا. كە من ئومێدەوارم بە رێگەی دیبلۆماسی چارەسەر بكرێن. من دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەو كۆدەنگییە نەتەوەی ئاماژەی پێدەكەن، هەرگیز لە ئارادا نەبووە. ئەوە كۆدەنگییەك بوو لە نێوان كورد و پارتەكانی تاراوگەوە لەوكاتەدا، وەك پارتی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، بەڵام وردە وردە ئەم پارتانە كاریگەری و دەسترۆیشتوویی خۆیان لە دەست دەدەن. چەند هێزێكی دیكە هەن كە بەشێك نەبوون لەم كۆدەنگییە و ئێستا هەوڵی خۆڕێكخستنەوە دەدەن و هێزی زیاتر بەدەست دەهێنن.




●●●
گەڕانەوەی كەركووك بۆ سەر هەرێمی كوردستان هێڵی سوورە بۆ توركیا، لەبەر ئەوە توركیا بەرهەڵستی دەكات
●●●

●●●
دۆزینەوەی چارەسەرێكی ئاشتییانە بۆ كێشەی كەركووك لە بەرژەوەندی توركیایە، لەبەر ئەوە هێزی دیبلۆماسی خۆی لە بەغدا بەكار دەهێنێت
●●●

●●●
بەرەی توركمانی لە لایەن توركیاوە دروستكراوە، هەربۆیە خاوەنی جەماوەرێكی زۆر نییە لە ناو توركمانەكاندا
●●●



# هاوکێشەی سیاسی عێراق
## دەبێت کارتەکانی کورد بزماری

لە دوای ٢٢ی تەممووزی ئەمساڵەوە کورد خۆی لەبەردەم قۆناخێکی نوێی تەحـــەددی رووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرامبـــەردا بینیووەتەوەو بۆیە دەبێت حســـاب بۆ هەموو ئەگەرەکان بـــکات و بۆ هەریەکەیان وڵامدانەوەی پێویستی هەبێت.

لەم راســـتە دەبێت بەدیدی ئەوانی دیکەش کێشەکەی خۆی ببینێت و وەڵامی حازربەدەستی ئەو پرســـیارو گومانانەی لەبەردەست بێت کە دیدی ئەوانی دیکە لەسەر کێشەکەمانی دروست دەکەن، هەروەها زۆر گرنگـــە دیدی ئەمەریکاو هاوپەیمانانیش بۆ کێشـــەکەمان بزانێت و ئەوەی پێویستە خۆمان بیکەین و خۆمان خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بە پشـــت بەســـتن بە خەڵکانی دیکە پاڵی لـــێ نەدەینەوە، بێگومان مەبەســـت لە پشت بەســـتن بەو مانایە نییە کە چیدیکە هاوپەیمانی گرێنەدەین، یاخود هیچ لایەنێك لـــە عێراقدا بە هاوپەیمانی خۆمان نەزانین، نەخێر، دەبێت بە خۆداچوونەوەی سیاسەتی کورد لە عێراقدا لەو خاڵەوە سەرچاوە بگرێت کە هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاســـی عێراق، لایەنی سەرەکی گەمە سیاسییەکەن و هەریەکەیان دەرگای لەبەردەم کرایەوە کە لەســـەر بنەمای پرەنسیپە هاوبەشەکان هاوپەیمانی لەگەڵدا گرێ بدرێت یاخود بەو هاوپەیمانییە کۆنانەدا بچینەوە کە ئێستا پێویستی بە پێداچوونەوەیە.

هەروەها پێویستە لە زمانی راشـــکاوانەی ئەمەریکا تێبگەین کە لە چوارچێوەی عێراقدا چ سیاســـەتێك پیادەکات و لە نەخشەی سیاسی ئەمەریکاشدا پۆلینی هاوپەیمانەکان چۆنن.

### عێراق لە قۆناخێکی هەستیاردا

کـــە دەڵێن عێراق لە قۆناخێکی هەســـتیاردایە، یان بەرەو قۆناخێکی هەســـتیار هەنگاو هەڵدەگرێت، مەبەســـتمان ئەوەیە لـــەم قۆناخەدا چەندیـــن فاکتەر هـــەن دەکەونە قۆناخی پڕبـــوون و دەبنە هاندەر بۆ دروســـتبوونی تەنگژەی ئاڵۆز بە کاریگەری بچووك و ئاسایی، لەم قۆناخەدا کە ئەمەریکا بە قۆناخی هەڵمەتی هەڵبژاردن و نزیکبوونەوە لـــە هەڵبژاردنـــەکان تێدەپەڕێت، پێمان خۆش بێت یـــان نا، ئیدارەی ئەمەریکـــی هەوڵدەدات بارودۆخەکە وەك خـــۆی رابگرێت نەك زیاتر ئاڵۆز بێت و کاریگەری لەســـەر رای گشـــتی ئەمەریکا دروســـت بکات، هەربۆیە چارەسەرو دەستێوەردانی ئەمەریکا بۆ راستکردنەوەی کێشـــەکان تاڕادەیەکی بەرچـــاو دیاریکراو و ســـنووردار دەبێت و لە هەندێك مەسەلەشـــدا هەوڵدەدات کە رۆڵی بینەر ببینێت و راستەوخۆ نەیەتە ناو کێشـــەکەوە و لەوانەیە هەندێك مەسەلەشی پێ خۆش بێت کە وەك گەمەیەکی دیموکراســـی رەنگدانەوەی لە نێو رای گشـــتی ئەمەریکادا هەبێت.

••• چارەسەرو دەستێوەردانی ئەمەریکا بۆ راستکردنەوەی کێشەکان تاڕادەیەکی بەرچاو دیاریکراو و سنووردار دەبێت و لە هەندێک مەسەلەشدا هەوڵدەدات کە رۆڵی بینەر ببینێت و راستەوخۆ نەیەتە ناو کێشەکەوە •••

لەم قۆناخەدا زۆر گرنگە کورد بتوانێت ئیدارەی ململانێی و کێشەکان بدات و هەوڵبدات کە بە مانۆری سیاســـی و پێکهێنانی هاوپەیمانی تازەو چاوخشـــاندنەوە بە هاوپەیمانییە کۆنەکاندا هاوکێشـــەکە راست بکاتەوە. لەسەر ئاستی ئیقلیمیش زۆر گرنگە هەوڵبدرێت پەیوەندییەکان لەگەڵ دەرودراوسێ بەو شێوەیە بێت کە لانی کەم پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان بەردەوام بێت.

ئـــەوەی لە ماوەی ئـــەم یەك دوو هەفتەی رابـــردوو دژ بە ئیرادەی کوردستانییەکان لە بەغدا ئەنجامدراو، ئێستاش لەمیانەی کۆبوونەوەکاندا بۆتە ئەرکێکی قورس، مانای وایە هاندەرێك و تێڕوانینێکی جیاواز بۆ چۆنییەتی بونیادنانەوەی عێراق و هاوبەشـــیکردنی کورد لە پرۆسەی سیاســـیدا هاتۆتە ئاراوەو، دەبێت ئێمەش بە ئاســـتی دروســـتبوونی ئەو جیاوازییە، جیاوازی لە هەڵوێســـتی خۆمانـــدا بکەین و ئەگەر نەشمانەوێت جێگۆڕکێ بە هاوپەیمانە کۆنەکانمان بکەین، ئەوا دەکرێت لەســـەر کۆمەڵێك بنەمای هاوبەش بازنـــەی هاوپەیمانیمان فراوانتر بکەین.

### سیاسەتی ئەمەریکا لەنێوان ڕێکخستنەوەی سەحوەو مالکیدا

شـــتێکی تازە ناڵێین ئەگـــەر بڵێین تەنها نەگۆڕێك لە سیاســـەتی ئەمەریـــکادا هەبێت بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە، ئەوەی دەمێنێتەوە لـــە ناو ئەم هاوکێشـــەیەدا بگـــۆڕەکان بە دەوری خاڵـــی نەگۆڕ لە بەرژەوەندی ئەمەریکادان.

بۆ ئەوەی لەم هاوکێشـــەیەدا لە ناو بازنەی خاڵی نەگۆڕدا بمێننەوە، پێویستە سیاسەت و ستراتیژمان ئەگەر بۆ قۆناخێك تاکتیکیش بێت، نابێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پێچەوانە بینەوە



# و کارتەکانی کورد
# تابوتی دیکتاتۆرییەت بێت

یاخود یەکنەگرنەوە، ئەم هاوکێشەیە پێمان دەڵێت، ئێمە مافی خۆمانە ئەو کارتانەی لە بەردەستماندایە لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنین، بەڵام دەبێت بەکارهێنانی ئەم کارتانە لەگەڵ کۆمەڵێك بەرژەوەندی ئەمەریکا یەکبگرێتەوە کە سەرەنجام بە زیان بۆ بەرژەوەندی کێشەکەمان نەشکێتەوە، هەربۆیە گرنگە لە بازنەیەکدا درێژە بە گەمە سیاسییەکە بدەین کە وەك یاریزانی سەرەکی گەمەکەدا بمێنینەوە.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا ئاراستەی خۆمان دیاری بکەین، دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

* ئەمڕۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا لە عێراقدا، بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراسی و سەقامگیرە، زۆر گرنگە ئێمە وەك کورد بتوانین کارتەکانی دەستمان بەو ئاراستەیە بەکار بهێنین کە ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت دیموکراسی و سەقامگیری عێراق واتە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە.

ئەگەر ئەمەریکا هەست بکات بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، عێراقێکی دیموکراسی و سەقامگیر دێتە ئاراوە، ئەوا ئەو کارتەی بەکار دەهێنێ دەکەوێتە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و لایەنی بەرامبەر چەند گوشار بکات و چەند پیلان بگێڕێت سەرەنجام سەرکەوتوو نابێت.

* ئەمڕۆ ئەمەریکا زۆر هەوڵدەدات ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت و هەروەها ئامادەباشی تێدایە تا ڕادەیەکی زۆر هاوکاری پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام گرنگە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا تەنیا ئەم لایەنە نییە، ڕاستە لایەنێکی گرنگە، بەڵام لایەنی دیکەش کە ئەمەریکا بە بەشێك لە سیاسەت و بەرژەوەندی خۆی دەزانێت لە عێراقدا کە ئەویش بریتییە لە دووخاڵی گرنگ:

١- تێکەڵاوکردنی هێزەکانی سەحوە لەگەڵ ئاسایش و سوپای عێراق.

٢- پێکهاتنەوەی عەرەبی سونە لەگەڵ حکومەتی مالکی.

دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت وێڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراقدا بەڵام کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشیش لە نێوان هەردوولایاندا بۆ دژایەتی کورد هەیە.

ئەمە بەو مانایە نییە کورد لەم قۆناخەدا شیعە و سونە وەك یەك پێکهاتە سەیر بکات، ئەگەر وەك یەك پێکهاتە سەیری عەرەبی شیعە و سوننە بکات، ئەوا لەم هاوکێشە سیاسییەکەدا دەبێتە کەمینە و لە هاوکێشەکەدا پێگەی لاسەنگ دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستاش لە نێوان شیعە و سوننەدا هێندە بۆشایی هەیە کە کورد بتوانێت گەمەی تێدا بکات و ئەمەریکاش بەو گەمەیەی کورد خۆشحاڵ دەبێت هەربۆیە کاتێك:

١- عەرەبی شیعە بە تایبەتی باڵەکانی حزبی دەعوا لەگەڵ لایەنی عەرەبی سوننە لەسەر پێکهاتنی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز یەکدەگرنەوە کە ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێتە دژایەتی بۆ خواستەکانی کورد، ئەوا کوردیش لە چەند خاڵێکی دیکە هەم لەگەڵ شیعە و هەم لەگەڵ سوننە یەکدەگرێتەوە بە تایبەتی لەگەڵ سوننە کە کورد دەتوانێت زۆر بە ئاسانی پارسەنگی زۆرینەی لاسەنگ بکات بەهایەکی ئەوتۆی بۆ نەهێڵێتەوە بۆیە زۆر گرنگە دیدی ئایندەمان بۆ هاوکێشەی سیاسی عێراق و چۆنییەتی بەشداربوونمان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا لەگەڵ چەند لایەنێکدا سنووردار نەکەین.

٢- زۆر گرنگە بتوانین پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی سوننە دروست بکەین، ئەمەریکا کە بانگەشە بۆ سەرکردایەتی جیهان دەکات، ساڵی پار پەنای بۆ ئەم ڕێگەیە برد، گومانی تێدا نییە سەرۆك هۆزەکانی عەرەب، وەکو کۆنە بەعسییەکان بیر ناکەنەوە و ئەوان حەز لە سەقامگیری و ژیانێکی ئارام دەکەن، کوردیش کە ئەمە سیاسەت و ستراتیژییەتی دەتوانێت ئەم لایەنە بۆ خۆی رابکێشێت و ئەمەش دیسان لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەمەریکادایە.

بۆ زیاتر قسەکردن و تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرنگە کۆمەڵێك شارەزا و شرۆڤەوانی جیهان بەشداری ئەم راپۆرتەمان کردووە کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.

**ئێمە مافی خۆمانە ئەو کارتانەی لە بەردەستماندایە لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنین، بەڵام دەبێت بەکارهێنانی ئەم کارتانە لەگەڵ کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئەمەریکا یەکبگرێتەوە کە سەرەنجام بە زیان بۆ بەرژەوەندی کێشەکەمان نەشکێتەوە**

### داڤید فلیپس دیبلۆماتکاری ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ئەگەر عێراق بە فیدرالییەت رازی نەبێت نابێت گلەیی لە کورد بکرێت ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی بدات



پرۆفیسۆر داڤید فلیپس لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٣ راوێژکاری باڵای وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووە لە نووسینگەی کاروباری کەنەدا، ئەوروپا هەروەها یەکێك بووە لە شارەزاکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و یەکێکە لە ئەندازیارانی گرووپی کاری دیموکراتیزەکردنی عێراق کە بەشێکە لە پرۆژەی ئایندەی یەکپارچەیی عێراق.
پرۆفیسۆر داڤید نووسەری دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لە عێراقدا (Power Shareiny) لە ماوەی شەڕی عێراقیشدا پرۆفیسۆر داڤید یەکێك بوو لە شرۆڤەکارانی بارودۆخی عێراق بۆ کەناڵی (NBC) و بە بەردەوامیش لەسەر کێشەی عێراق لە رۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز، وۆڵ ستریت جۆرناڵ، فایناشیاڵ تایمز و گۆڤاری فۆرت ئەفیرز وتاری بڵاوکردەوە ئەو.
ئەم شرۆڤەوانە بەناوبانگەی جیهان لەسەر دۆسێی عێراق ، بەمجۆرە شرۆڤەی بارودۆخی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.

### کەرکوک هێڵی سوورە و نابێت ببەزێنرێت دەبێت بەشێک بێت لە هەرێمی کوردستان

***لەم رۆژانەی دواییدا بارودۆخی عێراق بەرەو پشێوی چووە، بە تایبەتی لە شاری کەرکوکدا کە لە کاتی خۆپیشاندانی ئەو شارەدا تەقینەوە و دەستڕێژ کرا و ژمارەیەك کوژرا و برینداری لێکەوتەوە، حاڵی حازر تێکڕای سەرکردەکانی کورد لە بەغدان، ئایا چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت لە کاتێکدا سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کورد رووننییە؟**

- هەڵکشان و توندوتیژی ئەم دواییەی لە بارودۆخی عێراقدا بەدیمان کرد، وەك کاردانەوەی ئەو بڕیارەی لە پەرلەمانی عێراقدا دەرکرا دەربارەی شاری کەرکوك، بارودۆخێکی مەترسیدار و لەرزۆکی لێکەوتۆتەوە.
من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کوردەکان روون نییە، ئەوەی روونە کوردەکان باشترین دۆستی ئەمەریکان لە عێراقدا و هەرچییەك ئەمەریکا داوای لێکردبن جێبەجێیان کردووە. هەر کاتێك پێویست بە سازشکردن کرابێت ئەوا کوردەکان ئامادەبوونە، بەڵام کاتێك دێینە سەر کێشەی کەرکوك، ئەوا کەرکوك دەبێتە هێڵێکی سوور و نابێت ببەزێنرێت، دەبێت واقیعی سیاسیی و مێژووی سەر ئەرزی واقیع رەچاو بکرێت، بە چەشنێك کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان بەڵام بە شێوەیەکی دیموکراسی. من سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کوردەکان بە سیاسەتێکی مەترسیدار دەزانم، لەبەر ئەوەی ناکرێت چاوەڕێی هاوکاری سیاسیی و سەربازی لە کوردەکان بکەیت و ئامانجی رەوا و دیموکراتییەکانیان لەبەرچاو نەگریت و رێزیان لێنەگریت.

### ئەگەر شەڕێکێک لە عێراقدا بەدینەکەن دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی خۆیان

*** ئێستا کورد لەعێراقدا خەریکە لەلایەن عەرەبی عێراقەوە رووبەرووی گوشارێکی توند دەبێتەوە، پێدەچێت هەوڵێك بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، ئایا ئەگەر ئەم گوشارە لەسەر کورد بوو بە جیدی ئایا کورد چ رێگە چارەیەکی بەدەستەوە دەمێنێ ؟**

- بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵی کوردەکان لە بنیاتنانەوەی عێراقدا، ئەوا من پێم وایە ئەو فشارەی عەرەبەکان و ئەمەریکا بۆ سەر کوردەکان ( بە هۆی پشتگیری نەکردنی کوردەکانەوە) مایەی شەرمەزاریە. ئەگەر کوردەکان شەریکێك لە عێراقدا بەدی نەکەن دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆ، لە بری ئەوەی هەوڵەکانیان بۆ بنیاتنەوەی عێراقێکی نوێ بخەینەگەڕ.

### ئەگەر ئەمەریکا بەجدی پشتگیری کورد نەکات باردۆخەکە زیاتر بەرەو هەڵوەشانەوەی عێراق دەچێت

*** بەڵام ئێستاش سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەوڵدەدات بە هەر نرخێك بێت کە پرۆسەی سیاسیی عێراق تێکنەچێت، بەڵام هەموو لایەك دەزانن کە هەوڵی کورد لەم هاوکێشەیەدا سنووردارەو ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاوکاری نەکەن هەوڵەکانی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاوکاری کوردیان نەکرد، ئایا کورد تاچەند دەتوانێت پشت بە ئەمەریکا ببەستێت؟**

- ئەرکی ئەمەریکا پشتگیری کردنی کوردەکانە، وەك تاقە دۆست و باشترین دۆستی ئەمەریکا لە عێراقدا، کە حاڵی حازر بەم ئەرکەی خۆی هەڵناستێت، ئەگەر ئەمەریکاش بەردەوام بێت لەسەر ئەم رەوتە ئەوا بارودۆخەکە زیاتر لەرزۆك دەبێت و مەترسی لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق زیاتر دەبێت.

*** ئەی سەبارەت بەتورکیا بەرای ئێوە هەڵوێستی تورکیا چۆن دەبێت ؟**

- بە چاوپۆشین لەوەی چی لە بەغدا روودەدات، ئەوا بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان کوردستان و تورکیادا هەیە، دەبێت هەوڵی پەرەپێدانی ئەو بەرژەوەندیانە بدرێت لە رێی گفتوگۆی رووبەڕو و باشترکردنی پەیوەندیە بازرگانییەکان و هاوکاری کردن لە بواری ئەمنیدا، بەم دواییە هەندێك بەرەوپێشچوون بەدی هاتوون، بەڵام دەبێت بەرەوپێشچوونی زیاتر بەدەست بهێنرێن، دەبێت بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ و کۆششی سەختر بکەن بۆ بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی نزیکتر لەگەڵ تورکیا.

### ئەگەر عیراق دابەش بێت دەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندی تورکیادا دەبێت

*** ئەگەر ئەمەریکا هەوڵی ئەوە بدات یان بخوازێت تورکیا وهەرێمی کوردستانی وەك دوو هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە هاریکاری یەکتری بکەن، ئایا تاچەند تورکیا ئامادەباشی تێدا دەبێت بۆ ئەوەی هاریکاری هەرێمی کوردستان بکات ؟**

- تاوەکو ئێستا تورکیا رۆڵێکی کاریگەری نەبینیووە لەم رووەوە، من پێم وایە دەبێت تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی باڵا دەست بە گفتوگۆ بکەن بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی نێوانیان، هەروەها ئەگەر دەوڵەتی عێراق پارچە پارچە بێت، ئەوا بوونی هەرێمێکی مۆدێرن و عەلمانی و لایەنگری رۆژئاوا کە ببێتە بەربەستێك لە بەردەم بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی بەشەکانی تری عێراق کە پارتە ئیسلامیەکان زاڵ بن بە سەریدا، لە بەرژەوەندی تورکیایە.

### ئەگەر عێراق نەتوانێت دابەشکردنی دەسەڵات پیادەبکات نابێت گلەیی لە دابەشبوونی عێراقیش بکەن

*** لە ساڵی ٢٠٠٢دا داوای ئەوەت کردووە کە دەبێت دەسەڵات لە عێراقدا دابەش بکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر عێراقییەکان ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵات نەبوون، هەروەها فیدراڵیەتیان قبوڵ نەکرد، ئایا چ رێگاچارەیەکی دیکە لە بەردەم کوردەکاندا دەمێنێتەوە؟**

- ئەگەر عێراقییەکان ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵات نەبن، ئەو کاتە نابێت گلەیی لە کورد بکرێت ئەگەر عێراق دابەش بێت، راستیەك هەیە کە دەبێت لەبەرچاومان بێت، ئەویش ئەوەیە حکومەتی عێراقی ناتوانێت لە دەرەوەی ناوچەی سەوز کۆنترۆڵی بارودۆخی ئاسایش بکات. ئەو بەشەی لە عێراقدا ئارام و ئاسایشە هەرێمی کوردستانە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییەکانی بکاتەوە و هەوڵ بدات لە رێی گفتوگۆ و بە شێوەیەکی دیموکراسی کار لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان.

داڤید ئیگناتۆس و ستوونووسی واشنتۆن پۆست بۆ گوڵان:

# ڕاپرسی یەکێکە لە ڕێگە چارەکان بۆ کێشەی کەرکووک بەڵام نابێت بێتە هۆکاری توندوتیژی و ناسەقامگیری



رۆژنامەنووس داڤید ئیگناتۆس، یەکێکە لە چاودێرە سیاسییەکانی بارودۆخی عێراق و هەفتانە دوو ستوون لە رۆژانی یەك شەممە و پێنج شەممە لە واشنتۆن پۆست بڵاودەکاتەوە و ئەو بوارانەی لەسەریان دەنووسێت بریتیین لە سیاسەتی جیهانی، ئابووری و کاروباری نێودەوڵەتی .

هەر لە واشنتۆن پۆست بەڕێوەبەری پۆست گلۆپ ئۆن لاینە کە تیایدا وتوێژ سەبارەت بە کاروباری نێودەوڵەتی تیایدا ئەنجامدەدرێت.

لە ساڵی ١٩٨٦ەوە وەك رۆژنامەنووسێك لە واشنتۆن پۆست کاردەکات لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩٢ یەکێك بووە لە پەیامنێرانی سیاسەتی دەرەوە و پاشان بووە بەڕێوەبەری نووسینگەی ئینتەرناشناڵ هیرادتریبوون لە پاریس و هەفتانەش دووجار بۆ واشنتۆن پۆست دەنووسێت.

سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی عێراق و یاسای پارێزگاکان رۆژنامەنووس ئیگناتۆس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

## ئەمەریکا پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بەڵام خوازیارە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە

*** هەفتەی رابردو پەرلەمانی عێراقی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی لە دژی کورد پەسەند کرد، ئەمەش کوردەکانی نیگەران کردووە، ئایا چۆن کوردەکان دەتوانن خۆیان لەم فشارە رزگار بکەن و تاچەند ئەمریکا پشتگیری کوردەکات؟**

- من پێم وایە ئایندە و دوا رۆژی کوردەکان ئەوەیە بەشێك بن لەگەڵی عێراق، هەروەك ئەوەی لە ئەمەریکادا بەدی دەکرێت کە سەرەڕای ئەوەی بیروڕای جیاواز و ناکۆکیمان هەیە لەگەڵ یەکدا بەڵام هەموومان حکومەتی واشنتۆن بە حکومەتی خۆمان دەزانین، لەبەر ئەوە کوردەکانیش دەبێت هەمان تێڕوانینیان هەبێت بۆ حکومەتی عێراقی.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی نەتەوەی عێراقدا پشتگیری لە مافەکانی کورد دەکات، ئەمەریکا پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام خوازیارە عێراق بە یەکگرتووی بمێنێتەوە، ئەمەریکا پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی کوردستان دەکات، بەڵام وەك بەشێك لە خاکی عێراق، ئەمەریکا بەرهەڵستی کردارە سەربازییەکانی تورکیای کرد لە خاکی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی دژی هەر داگیرکارێکی دەرەکییە بۆ سەر خاکی عێراق.

*** لەم رۆژانەی دواییدا بارودۆخی عێراق بەرەو پشێوی چووە، بە تایبەتی لە شاری کەرکوکدا، هەروەها تێکڕای سەرکردەکانی کورد لە بەغدان، ئایا چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت، پێت وایە دەبێت چ ریگاچارەیەك بگیرێتەبەر؟**

- رەنگە ئەنجامدانی راپرسی بۆ کێشەی کەرکوك یەکێك بێت لە رێگاچارەکان، بەڵام نابێت ئەنجامدانی ئەو راپرسییە ببێتە هۆی خولقاندنی تووندوتیژی و پشێوی، کە لەم رووەوە رەنگە هێشتا هەلو مەرجەکە گونجاو نەبێت، مەسەلەی کەرکوك لێکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ بارودۆخی عێراق بە گشتی، واتە چۆن بتوانیت ماف و خواستەکانت بەدەست بهێنێت لە عێراقدا بێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی دروست بوونی توندوتیژی و مەترسی بۆ سەرووڵاتەکە.

## تێڕوانینی ئەمەریکا نەگۆڕاوە دەبێت عێراق بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانییەوە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە

*** بەڵام ئێستا کورد لەعێراقدا خەریکە لەلایەن عەرەبی عێراقەوە رووبەڕووی گوشارێکی توند دەبێتەوە، ئایا ئەگەر ئەم گوشارە لەسەر کورد بوو بە جدی ئایا کورد چ رێگە چارەیەکی بەدەستەوە دەمێنێ؟**

- تێڕوانینی ئەمەریکا نەگۆڕاوە کە دەبێت عێراق بە هەمووو پێکهاتە جیاوازە ئیتنی و ئاینییەکانییەوە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، دەبێت مافەکانی کوردەکان لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئۆتۆنۆمییەی هەیانە دابین بکرێت، کە ئەم حکومەتەش وەك بەشێك لە عێراق دەمێنێتەوە. هەروەها ئەگەر کوردەکان تێڕوانینیان وابێت کە بەردەوام بوونی عێراق وەك وڵاتێك کە زۆرینەی تێیدا عەرەبە، هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوان ئەوا بە هەڵەدادەچن، لەبەر ئەوەی هیچ هۆکارێك نییە وامان لێ بکات باوەڕ بکەین ئەمە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر کوردەکان.

***ئەی سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چی دەڵێن؟**

- من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ و کۆششی سەختی کردووە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا و تا رادەیەکیش لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە. ئەگەر تورکیا بگاتە قەناعەت کە هەرێمی کوردستانی هەوڵ دەدات بۆ راگرتنی تووندوتیژی پەکەکە، ئەوا زیاتر ئامادەی هاوکاری کردن دەبێت لەگەڵ ئەم هەرێمەدا.

لە لایەکی ترەوە بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی هێنانەدی ماف و خۆشگوزەرانی بۆ کوردەکان، بە گوزراشتێکی دیکە قەیرانێك دروست مەکەن کە پێویستتان پێی نییە.

***ئێمە قەیرانمان دروستنەکردووە بە پێچەوانەوە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەوڵدەدات بە هەر نرخێك بێت کە پرۆسەی سیاسیی عێراق تێکنەچێت؟**

- کوردەکان دەتوانن پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن بۆ ئەوەی فشار لە سەر حکومەتی عێراق بکات تاوەکو رێز لە مافەکانی کورد و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت.

***وەك رۆژنامەنووس و شارەزایەك ئایا پێت وایە عێراق دەبێتە کارتێك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا بۆ بردنەوەی دیموکراتەکان و دۆڕاندنی کۆماریەکان؟**


- هاوڵاتیانی ئەمەریکا خوازیاری بەرەوپێشچوونی بارودۆخی عێراق و کشانەوە قۆناخ بە قۆناخی هێزەکانی ئەمەریکا. ئەمە بۆ یەکەمجارە هەمووو لایەك یەك هەڵوێستیان هەبێت، مالیکی هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، ئۆباما هەمان شت دەڵێت، واتە باس لە دانانی خشتەیەکی زەمەنی دەکرێت بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا. ئەگەر ئۆباما ببێتە سەرۆك ئەوا تا ساڵی ٢٠١٠ هێزەکان دەکشێنێتەوە. حاڵی حازر عێراق گرنگییەکی کەمتری هەیە وەك لە شەش مانگ پێش ئێستا.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- ئەو پێشکەوتن و بەرەپێشچوونەی لە کوردستاندا هاتۆتەدی، یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی عێراقی نوێ و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش خۆشحاڵە بەو بارودۆخە و خوازیارە بەشەکانی تری عێراق وەك کوردستان سەرکەوتوبن.

مایکل گەنتەر پسپۆڕ لەسەر کێشەی کورد لە عێراق و تورکیا بۆ گوڵان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنیا هاوپەیمانی ئەمەریکا نییە لە ناوچەکە، بۆیە دەبێت ژیرانە هەنگاو هەڵبگرن



**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر، تەنیا پسپۆڕێك نییە لەسەر دۆسێی کورد لە عێراق و تورکیادا، بەڵکو خۆی بە دۆستی کورد دەزانێت و بە تەنیا لەسەر خەباتی کورد لە پێناوی ئازادیدا ٧ کتێبی نووسیبوە و بەردەوامیش لەلایەن میدیاکانی جیهانەوە وەك پسپۆڕێك و شرۆڤەگەرێك لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی پێوە دەکرێت. پرۆفیسۆر گەنتەر لە زۆر کاتی هەستیاردا رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕیوە، ئەمجارەش کە هاوکێشەی سیاسی عێراق رووی لە هەڵکشانە، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

## تورکیا و عێراق هاوپەیمانێکی گرنگترن بۆ ئەمەریکا کورد تەنها هاوپەیمانێکی بچووکی ئەمەریکایە

*** کە باسی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا دەکرێت لە ناوچەکە کورددیش خۆی بەیەکێك لە هاوپەیمانەکان دەزانێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەمەریکا چۆن سەیری ئەم هاوپەیمانییەتە دەکات؟**

-پێویستە کوردەکان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت کە ئەوان تەنها هاوپەیمانێکی بچووکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان. تورکیا و عێراق هاوپەیمانێکی گرنگترن بۆ ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی زۆر لە کوردستان گەورەترن. لە هەمان کاتدا تورکیا زۆر بەهێزترە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش. بەڵام هێشتا ئەمەریکا تێڕوانینێکی زۆر باشی هەیە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەم هەرێمە دورگەیەکی دیموکراسی و سەقامگیرییە لە ناو دەریای پڕ گێژەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ژیرانە ئەم وێنەیە بەکار بهێنێت لە مامەڵەکردنی لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. بە گوزراشتێکی دیکە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان سنووری تواناکانی خۆی بزانێت و داواکارییەکی زۆر نەکات. دەبێت ئەوەتان لە بیر بێت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبوایە ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونی نەدەبوو. لەبەر ئەوە تکایە لەو هەموو سنووربەندییانە تێبگەن کە ئەمەریکا لە چوراچێوەیاندا کاردەکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکە هاوپەیمانی ئەمەریکا نییە، تورکیا و عێراقیش هاوپەیمانی ئەمەریکان و بەرژەوەندییەکانیان دژی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لە گەڵ ئەوەشدا کوردەکان دەتوانن سوود لە خاڵێکی دیکە وەربگرن، ئەویش ئەوەیە کوردەکان بەشێکی دەستووری گرنگن لە عێراقدا. بەو پێیە دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکا، مەبەستم لە عێراقە. لە ڕاستیدا سەرۆك کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینیت بۆ ئەوەی کوردەکان لە عێراقدا دەستڕۆیشتوو بن و پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەست بهێنن. خۆشبەختانە، مام جەلال ئەو ئەزموونەی هەیە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە بەو پەڕی سەرکەوتووی بگێڕێت، لەبەر ئەوەی هۆشیارە بەو سنوورانەی لە چوارچێوەیدا هێزێکی بچووکی وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری دەکات.

*** وەك دەبینین ئێستا عەرەبی عێراق بۆ دژایەتی کورد زۆرینەن، کورد تائێستا هەوڵدەدات ئەم مەسەلەیە بە شێوازی دیبلۆماتی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر بۆی ڕاستنەکرایەوە، ڕێگەچارەی دی چییە بەدەست کوردەوە؟**

-دەستووری عێراقی بە دیاری کراوی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت وەك بەشێکی فیدراڵی لە عێراق. ئەمەش بەو مانایە دێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیمچە ئۆتۆنۆمییەکی دەستووری هەیە لە قۆناخی دوای سەددام حوسێنەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت درێژە بەم ڕۆڵە گرنگە بدات وەك بەشێکی فیدراڵی، کە ڕەنگە ئەمە باشترین دەرفەت بێت بۆ پاراستنی پێگە باشە نوێیەکەی لە ئایندەدا وەك بەشێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی عێراقی نوێ. لە لایەکی دیکەوە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی لەبەرچاو بێت کە دەسەڵاتێکی سنووورداری هەیە وەك بەشێکی تا ڕاددەیەکی بچووك عێراق و نابێت داواکارییەکی زۆر بکات لە کاتێکدا هێشتا بەشەکانی دیکەی عێراق لاوازن. ئەو کاتەی عێراق دووبارە بەهێز دەبێتەوە، دەبێت ئەو تێڕوانینە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت کە ڕۆڵێکی دەستووریانە و ڕەوای بینیوە لە چوارچێوەی عێراقدا.

*** تورکیاش کاریگەری خۆی هەیە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم دەبێت دڵی بەغدا رازی بکات هەم دڵی ئەنقەرا، ئەمەریکاش بەم ئاراستەیە هەوڵدەدات کە هەرێمی کوردستان ناوەندێکی خێر بێت لە نێوان ئەنقەرەو بەغدا، ئایا تاچەند تورکیا ئامادەیە سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕێت؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوسەنگییەکی زۆر هەستیاری پاراستووە لە نێوان تورکیا و عێراقدا. بەو پێیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهێڵێت ئەو تێڕوانینە دروست بێت کە زیاتر پشتگیری لایەنێکیان دەکات. حکومڕانیکردنی ژیرانە وا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت مانۆڕ بکات لە نێوان ئەم دوو هێزەدا، کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە دوو هێزی دوژمنکاری دژ بە کورد، بە چەشنێك لە دوژمنەوە بیان گۆڕێت بۆ دۆست. دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە پردێ ئاشتەوای سیاسی و گەشەپێدانی ئابووری لە نێوان تورکیا و عێراقدا. دووبارەی دەکەمەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە هێز و توانایەکی باشی هەیە، وەك بەشێکی گرنگ لە عێراق. لەوەش زیاتر، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لە پەیوەندی ئیتنی خۆی ببینێت لە گەڵ کوردەکانی تورکیادا بۆ ئەوەی یارمەتی تورکیا بدات تاوەکو بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا کێشەی کوردی وڵاتەکەی (تورکیا) چارەسەر بکات. ئەم



هاوکێشـــەیە چەندین دەرفەت و بە هەمان شێوە چەندین دژواری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

*** بەڵام ئەگەر لایەنە سیاســییەکانی عێراق هاوکاری کوردیان نەکرد، ئایا کورد تاچەند دەتوانێت پشت بە ئەمەریکا ببەستێت؟**

- کوردەکان دەتوانن پشـــت بە وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن بۆ ئەوەی پشتگیری ( ئەمەریکا ) لە پرۆسەی ئاشتی، لە سەقامگیری و لە دیموکراسی بکات لە چوارچێوەی عێراقدا، لەبـــەر ئەوەی ئەمـــە خزمەت بە بەرژەوەندیە نیشـــتمانییەکانی ئەمەریکا دەکات. بە دڵنیاییـــەوە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت هەموو لایەنەکانی عێراق فێری ڕێزگرتن بن لە مافەکانی یەکتری و فێری سازشـــکردن بن. تاوەکو کەشی متمانە دروست نەبێت، عێراقی یەکگرتوو سەرکەوتوو نابێت.

*** ئەگـــەر ئەمەریکا هەوڵی ئەوە بدات یـــان بخوازێت تورکیا ڕۆڵێکی کاریگەر لە سیاســـەتی هەرێمی کوردســـتانی عێراقدا بگێڕێت و وەك دوو هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە هاریکاری یەکتـــری بکەن ئایا تاچەند تورکیا ئامادەباشـــی تێدا دەبێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت ؟**

- تورکیا دوژمنێکـــی مێژوویی کوردەکان بووە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە ئەو تێڕوانینە لای تورکیا دروســـت بێت کە وەك دۆست سەیری کوردەکان بکرێت. تاکە ڕێگەی گۆڕینی ئەم بارودۆخە مێژوویـــە ئەوەیە کە تورکیا بگاتە ئـــەو قەناعەتەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان پشـــتیوانی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی تورکیایـــە. ئەمە بە دیـــاری کراوی بە مانای ئـــەوە دێت کە نابێت حکومەتی هەرێمی کوردســـتان وەك هەڕەشـــە بۆ ســـەر یەکپارچەی خاکی تورکیا ســـەیر بکرێـــت. لەوەش زیاتر، دەبێت تورکیا بەردەوام بێت لەوەی بەو شـــێوەیە لە هەرێمی کوردســـتان بڕوانێت کە دەرفەتێکە بۆ گەشـــەپێدان و ئاڵوگۆڕی ئابووری. ئەگەر تورکیا بەو شـــێوەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بڕوانێت کە پاڵپشـــتێکی سیاســـی و ئابوورییە، لە بری ئەوەی دوژمن بێت، ئـــەوا وورده وورده ئەم وێنەیە مێژوییە لای تورکیا گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەوکاتە ڕەنگە وەك دەست و هاوپەیمان سەیری کوردەکان بکەن. دووپاتی دەکەمەوە بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە ئارامگرتـــن و حکومڕانێکردنێکی ژیرانە دەخوازێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

*** ئامانجـــی ئاشـــکرای ئەمەریکا بۆ عێـــراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دیموکراسیی و پاراستنی دیموکراسییە، بەڵام هەموو کات هەوڵدەدات دیموکراســـییەتی کوردستان تێکەڵی ئاژاوەی عێراق بکاتـــەوە، ئایا بەرژەوەندی ئەمەریکا لەم تێکەڵکردنەوەیە لە چیدایە؟**

- لـــە ڕاســـتیدا حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتانەوە خاوەنی ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینە بووە، لەبەر ئەوەی ئەو توندوتیژییەی لە باشـــووری عێراقدا بوونی هەبووە وای کردووە یەکێتی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و بەشـــەکانی دیکەی عێراق شـــتێکی عەمەلی نەبێت. هەر کاتێك بەشەکانی دیکەی عێراق پتر ســـەقامگیر و ئارام بوون ئەوا بەغدا فشارێکی زیاتر دەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بۆ ئەوەی زیاتر ئاوێتەی دەوڵەتـــی نوێی عێراق بێت. بەو پێیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ڕۆڵیکی ســـەختی دیکە ببینێت بـــۆ ئەوەی لای عەرەبەکان بەو شـــێوەیە سەیر بکرێت پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتی دەکات لـــە عێراقدا، بـــەڵام لە گەڵ ئەوەشـــدا خاوەنی نیمچە ئۆتۆنۆمییەکـــە و ئەمەش بارێکـــی فیدراڵییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی.

●●●

**پێویستە کوردەکان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت کە ئەوان تەنها هاوپەیمانێکی بچووکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان. تورکیا و عێراق هاوپەیمانێکی گرنگترن بۆ ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی زۆر لە کوردستان گەورەترن**

●●●

●●●

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوسەنگییەکی زۆر هەستیاری پاراستووە لە نێوان تورکیا و عێراقدا**

●●●

### ڕالف پیتەرز خاوەنی نەخشەی کوردستانی ئازاد بۆ گوڵان:

# باراک ئۆباما نازانێت شوێنی کوردستان لەسەر نەخشە دیاری بکات



کاتێك ناوی ڕالف پیتەرز دەبیستین یەکسەر ئەو نەخشەیەی ڕۆژهەڵاتی دێتە بەرچاو کە سنوورە خوێناوییەکان بوونیان نەماوەو تیایدا لەسەر نەخشەی کوردستان نووسراوە Free Kurdistan، ڕالف پیتەرز کە کۆلۆنێلی خانەنیشکراوی ئەمەریکایە، یەکێکە لە پسپۆرە دیارەکانی جیهان لەسەر دۆسێی عێراق و تورکیا و مانگانەش ستوونێکی لە ڕۆژنامەی نیویۆرك پۆست لەکێشەی کوردو عێراق و تورکیا بڵاودەکاتەوە لە ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و وۆڵستریت جۆناڵ و Udataday و لوس ئەنجلۆس تایمزیش وتار ستوون بڵاودەکاتەوە.

ڕالف پیتەرز خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر عێراق چەندین جاریش سەردانی عێراقی کردووە بە تێڕوانین بۆ ئایندەی عێراق بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

**هەندێک لەناو ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا هەن ئاگاداری هەلومەرجی ڕاستەقینەی عێراق و کورد نین**

***کورد ئێستا هەوڵدەدات بزانێت لە هاوکێشە سیاسییەکاندا پێگەی لە کوێدایە، ئەوەشی بەلایەوە گرنگە سیاسەتی ئەمەریکایە لەبەرئەوەی ئەمەریکا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر تەوای ناوچەکە، پرسیاری ئێمە لەمبارەوە ئەوەیە ئایا پێگەی کورد لەسیاسەتی ئەمەریکادا چۆن دەخوێننەوە؟**

-سیاسەتی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە کوردەکان سیاسەتێکی ناجێگیرە. لە کاتێکدا چەند کەسایەتییەکی ناو حکومەتی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پشتیوانیان لە کوردەکان کردووە، ئەوا چەند کەسایەتیەکی دیکەش هەن بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا کە تەنها خواستی عەرەبەکان لەبەرچاو دەگرن. چەندین لایەنی ڕکابەر هەیە لە ناو حکومەتی ئەمەریکادا، هەندێکیان ئاگایان لە هەلومەرجی ڕاستەقینەی عێراق و مێژووی کوردەکان نییە. دەبێت ئەوەتان لەبەرچاو بێت کە حکومەتی ئەمەریکا مامەڵە لەگەڵ تێکڕای جیهاندا دەکات و زۆرجار قووڵی ئەزموونی ئەمەریکا لە ئاستی پێویستدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەستێکی ئیجابی و ئیرادەیەکی باش بەرامبەر کوردەکان هەیە. من پێموایە ئەو مشتومڕەی لە بارەی ئەوەوە دەکرێت کە ئایا دەبێت تا چ ڕاددەیەك پشتگیری لە کورد بکرێت و تا چ ڕاددەیەکیش پشتگیری لە لایەنی عەرەبی بکرێت لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی کوردەکان بڕیاری لەسەر دەدرێت. بە دڵنیاییەوە، چەندین هێزی دەرەکی هەن وەك عەرەبستانی سعودیە و تورکیا کە هەوڵی ئەوە دەدەن قەناعەت بە حکومەتی ئەمەریکا بکەن پشتیوانی لە کورد نەکات. بە داخەوە، هەندێ لە دیبلۆماتکار و بەرپرسەکانی دیکەی ئەمەریکا ساویلکەن. ئەمە بوارێکی زۆر ئاڵۆزە و ئەوانەی هەوڵی سادەکردنەوەی دەدەن دووچاری گیروگرفت دەبن.

**ناتوانن هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبنێن ئەگەر دیلی ڕابردوو بن**

*** ئێستا کورد لەعێراقدا خەریکە لەلایەن عەرەبی عێراقەوە ڕووبەڕووی گوشارێکی توند دەبێتەوە، پێدەچێت هەوڵێك بێت بۆ ئەوەی کورد ناچار بکەن لە پرۆسە سیاسییەکە بێتە دەرەوە و پرۆسەی سیاسیی عێراق بگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، ئەگەر ئەم گوشارە لەسەر کورد بوو بە جیددی ئایا کورد چ ڕێگە چارەیەکی بەدەستەوە دەمێنێ ؟**

- دیموکراسی هەم سەختە و هەم پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. باشترین کارێك کوردەکان بیکەن ئەوەیە یەکگرتوو بن و بەشداری لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بکەن. من قەناعەتێکی گەورەم بە دیبلۆماتکار و سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، من پێموایە کارێکی زۆر باش و سەرنجڕاکێشیان کردووە لە کوردستان و لە عێراقدا. لە ماوەی چەندین سەدەدا ئەمە بەهێزترین پێگەیە کە ئێستا کوردەکان بەدەستیان هێناوە. دەتوان بە بێ زیادەڕۆیی بڵێم کوردەکان بە هۆی پێگە بەهێزەکەیانەوە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، توانیویانە هاوسەنگییەکی تەندروستی دەسەڵات بپارێزن لە نێوان لایەنەکانی شیعە و سوننەدا. هەروەك ئێوە دەزانن من پشتیوانێکی گەورەی کوردستانم، لەبەرئەوە تکایە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەم بەو شێوەیە لێ وەربگرن کە لە دۆستێکی خۆتانەوە هاتووە و پەرۆشییەکی قووڵی هەیە بۆ ئایندەی کوردەکان: دەبێت کوردەکان لە عێراقدا بەسەر هەستی دوژمنایەتی خۆیاندا زاڵ بن کە دژ بە عەرەبە سوننەکان هەیانە. من باش ئاگاداری ئەو نەهامەتیانەم کە کە کوردەکان لە ژێر سایەی ڕژێمی سەددامدا چەشتیان کە ڕژێمێك بوو عەرەبە سوننەکان باڵادەست بوون بەسەریدا، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبنێن ئەگەر دیلی ڕابردوو بن. دەبێت جیاوازی بکەن لە نێوان ئەو عەرەبە سوننانەی خەون بە گەڕاندنەوەی هێز و دەسەڵاتی ڕابردووەوە دەبینن، لەگەڵ ئەوانەی دەیانەوێت دەنگیان هەبێت و ڕۆڵیان هەبێت لە ئایندەی عێراقدا. هەموو عەرەبە سوننەکان وەك یەك

نین و هەموویان سـەددامیان خۆش نەدەویست. بنیاتنانی هاوپەیمانێتی، ئەگەرچی ئەرکێکی سەختیش بێت، باشترە لە درێژەپێدانی رق و قینی رابردوو. لە رووی سیاسـییەوە من پێموایە دەبێت دروشـمی کوردەکان بەم شێوەیە بێت:» لێبوردنت هەبێت، بەڵام وریا و چاوکراوە بە.»

*** تورکیا بمانەوێت یا نەمانەوێت دراوسـێیەکی گەورەی هەرێمی کوردسـتانە و تێکڕای سنووری عێراق و تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردسـتانە، بۆیـە زۆرگرنگە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ تورکیا هەبێت، ئەمەریکا هاوکارە بۆ دروسـتکردنی ئـەم پەیوەندییە ئایا تورکیا تاچەند ئامادەباشی دەبێت ؟**

- مـن پێموایە تورکیا یارمەتـی عەرەبەکان دەدات دژی کـوردەکان، پێش ئەوەی یارمەتی کـوردەکان بدات دژی عەرەبەکان. پێویستە کوردستانی عێراق پەرە بە پەیوەندییە بازرگانییە تەندروستەکان و پەیوەندییە سیاسیە عەمەلییەکان بـدات لەگەڵ تورکیادا. هاوکاری کـردن لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە و دەبێتە مایەی هاتنەدی گەشەپێدان بەڵام، لە کۆتاییدا نابێت کوردەکان متمانە بە دەوڵەتە دراوسێکان بکەن. کاریان لەگەڵ بکەن، بـەڵام دووبارەی دەکەمەوە، هەمیشە وریا و چاوکراوە بن. دوژمنایەتی و رەخنەگرتنی ئاشکرا یارمەتیدەر نین، بەڵام هەروەك سەرۆکی ئەمەریکا رۆناڵد ریگان دەربارەی یەکێتی سۆڤیەت گوتی: متمانەیان پێ بکە، بەڵام تەئکید بکەرەوە.»

لە رووی بارودۆخی ناوخۆییەوە تورکیا بە سـاتەوەختێکی سەختدا تێدەپەڕێت. لەو وڵاتەدا ململانێ لە بارەی ئیسلام، دەسـتوور، مافە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەوەردەوە هەیە... لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتە سەختەکاندا، هەندێ لە تورکەکان ئۆباڵی ئەم کێشـانە دەخەنە ئەسـتۆی کوردەکان. گرنگە بـە عەقڵیەتێکی کامڵەوە بیر بکەنـەوە، دەبێت بەو پەڕی هێمنیـەوە مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکەن، ئەگەر کرا دەبێت هـاوکاری یەکتر بکەن، هەروەها دەبێت ئارامگر بن کاتێك تورکیا سەرقاڵی یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانێتی.

من لەو باوەڕەدنیم تورکیا هەڵبستێت بە پاراستنی خەڵکی کوردسـتانی عێـراق. تەنها شـتێك کـە تورکیا بیکات ئەوەیە رێگە نەدات ئێران باکـووری عێراق داگیر بکات، ئێرانییەکانیش هەوڵێکی لەم چەشنە نادەن. پیاوانی کاری تورکیا لـەوە تێدەگەن کە بەرەژەوەندیەکی زۆر بەدەسـت دەهێنن لـە کارکردنیان لەگەڵ کوردەکانـی عێراقدا، بە هەمان شـێوە هەندێ لە سیاسـتەمەدارانی تورکیاش ئەم بەرژەوەندییە دەبینن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا ئەو توندڕەوە کۆنەپەرستانە هەن کە ناتوانن بەسەر دوژمنایەتی خۆیاندا لە بەرامبەر کوردەکاندا زاڵ بن. رەنگە من هەڵەبم کـە هیوادارم هەڵەبم بەڵام من ئەوە بەدی ناکەم تورکەکان بەرگری لە کوردەکان بکەن دژی عەرەب و فارسەکان.

**من لەو باوەڕەدانیم باراک ئۆباما بتوانێت شوێنی کوردستان لە سەر نەخشە دیاری بکات زانیاری هەبێت لەسەر مێژووی خەڵکی کوردستان**

*** کورد رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسـەی سیاسیی عێراقدا دەگێرێت و هەتا ئێسـتا رۆڵی ناوبژیوانـی گێراوە بەڵام ئێسـتا خەریکە دەبێتە بەشێك لە کێشەکە ئەمەش وادەکات پرۆسەی سیاسی عێراق بکەوێتە مەترسیەوە، ئایا چۆن ئەم بارە راستدەکرێتەوە ؟**

-هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، زۆرێك لە ئەمەریکییەکان هەسـتێکی ئیجابیان هەیە بەرامبەر کوردەکان و پێیان وایە نابێت ئەمەریکا پشـت لە کوردەکان بکات. من نیگەرانم لـەوەی ئەگەر ئۆباما ببێتە سـەرۆکی ئەمەریکا، رەنگە ئیدارەکـەی چەند کارێکی گێلانـە ئەنجام بدات، ئۆباما سیاسەتمەدارێکی باشە، بەڵام پیاوێکی دەوڵەتی خراپە. من لەو باوەڕەدانیم بتوانێت شـوێنی کوردستان لە سەر نەخشە دیاری بکات و زانیاری هەبێت بەرامبەر مێژووی خەڵکی کوردستان و ئەو سەرکەوتنەی ئێسـتا بەدەستیان هێناوە. لـەوەش زیاتر زۆرێك لە راوێژکارەکانی سیاسـەتی دەرەوە سەر بە ئیدارەکەی پێشووترن ئەوانەی بە شێوەیەکی گێلانە پێیان وابوو سـعودیە و ئەوانی دیکە دۆست و هاوپەیمانی ئێمەن. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر سیناتۆر مەککاین ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەوا کوردەکان دۆستێکی زۆر بەهێزیان دەبێت لە کۆشـکی سـپیدا. مەککاین هەرگیز دەست لە کوردەکان هەڵناگرێت.

*** ئامانجی ئاشـکرای ئەمریکا بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست دیموکراسیی و پاراسـتنی دیموکراسییە، بەڵام هەموو کات هەوڵدەدات دیموکراسییەتی کوردستان تێکەڵی ئـاژاوەی عێراق بکاتەوە، بۆچی ئمریـکا هەوڵنادات ئەم دیموکراسییەتە بپارێزێت ؟**

- حاڵی حازر عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سـەروەریە. چیتر وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریـکا ناتوانێت مەرجەکانی خۆی بەسـەر ژیانی سیاسی ناوخۆی عێراقدا بسەپێنێت. بە تێڕوانینی من باشترین شت کە کوردەکانی کوردستانی عێـراق بیکـەن، ئەوەیە بـە هێمنی بمێننـەوە، هەوڵ و کۆششی سەخت بکەن، ئەگەر کرا هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسـییەکانی دیکەدا بکەن هەروەها بەردەوام بن لە سەر پتەوکردنی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە بەدەستیان هێناوە کە سـەرکەوتنەکە بریتییە لە بنیاتنانی ئابووریەکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی زینـدو و کارا. هەروەك ئەمەریکییەکان دەڵێن، « سـەرکەوتن سەرکەوتنی دیکەی لێدەکەوێتەوە.» با ئەوانی دیکە قسەی خۆیان بکەن و ژیانی خۆیان بژین. دەبێـت کوردەکان بەردەوام بن لـە کارکردن وماڵی خۆتان بنیـات بنێن لـە کاتێکدا دەوڵەتە دراوسـێکانتان ناکۆکن لەسەرئەوەی چ نەخشەیەك بۆ ماڵەکانیان دابنێن.

●●●

**پێموایە ئەو مشتومڕەی لە بارەی ئەوەوە دەکرێت کە ئایا دەبێت تا چ رادەیەک پشتگیری لە کورد بکرێت و تا چ رادەیەکیش پشتگیری لە لایەنی عەرەبی بکرێت لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی کوردەکان بڕیاری لەسەر دەدرێت. بە دڵنیاییەوە، چەندین هێزی دەرەکی هەن وەک عەرەبستانی سعودیە و تورکیا کە هەوڵی ئەوە دەدەن قەناعەت بە حکومەتی ئەمەریکا بکەن پشتیوانی لە کورد نەکات. بە داخەوە، هەندێ لە دیبلۆماتکار و بەرپرسەکانی دیکەی ئەمەریکا ساویلکەن**

●●●

●●●

**بنیاتنانی هاوپەیمانێتی، ئەگەرچی ئەرکێکی سەختیش بێت، باشترە لە درێژەپێدانی رق و قینی رابردوو. لە رووی سیاسییەوە من پێموایە دەبێت دروشمی کوردەکان بەم شێوەیە بێت:» لێبوردنت هەبێت، بەڵام وریا و چاوکراوە بە**

●●●

●●●

**لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر سیناتۆر مەککاین ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەوا کوردەکان دۆستێکی زۆر بەهێزیان دەبێت لە کۆشکی سپیدا. مەککاین هەرگیز دەست لە کوردەکان هەڵناگرێت**

●●●

ئەمازیا بارام پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر مێژووی عێراق بۆ گوڵان:

# نابێت لەگەڵ عەرەبدا وەک پێکهاتە مامەڵە بکەن هەوڵبدەن لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان بە جیا ڕێکبکەون



**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام، یەکێکە لە شارەزا جیهانییەکان لەسەر مێژووی میزۆپۆتامیا و ماوەی ١٦ ساڵ ١٩٩٠ -٢٠٠٦ لەسەر ئەم دۆسێیە کاری کردووە، بە تەنیا لەسەر عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن ئەم کتێبانەی هەیە:**
**١- کولتوور، مێژوو و ئایدیۆلۆژییەت لە پێکهاتەی حزبی بەعس لە عێراقدا .**
**٢- بونیادنان بەرەو تەنگژە: ستراتیژییەتی سەدام حوسێن بۆ مانەوە .**
**٣- عێراق بەرەو شەڕ.**
**ئەم بێجگە لە دەیان دیراسەت و بەسەدان وتار کە لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بڵاوی کردۆتەوە،**
**پرۆفیسۆر بارام بە دیدێکی واقعییانە عێراق دەبینێت، هەر بۆیە بەردەوام داوا لە کوردەکان دەکات کە بە واقعیانە داوای خواستەکانی خۆیی بکات، سەبارەت بە تەنگژەکانی ئەم دواییەی هاوپەیمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی عێراق ، بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**ئەو کێشەی لە حاڵی حازردا ڕووبەڕوی بوونەتەوە ئەوەیە شیعە و سوننەکان یەک هەڵوێستن دژی ئێوە**

***لەم ڕۆژانەی دواییدا بارودۆخی عێراق بەرەو پشێوی چووە، بە تایبەتی لە شاری کەرکوکدا، هەروەها تێکڕای سەرکردەکانی کورد لە بەغدان، ئایا چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

- کوردەکان لە پێگەیەکی باشدان تا ئێستا، بەڵام ئەو کێشەی لە حاڵی حازردا ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوەیە شیعە و سوننەکان یەك هەڵوێستن دژی ئێوە، ئێوە پێویستە بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن و سازشکردن لەگەڵ سەرکردایەتی شیعە و سوننەکاندا، لەگەڵ مالیکی و حەکیم و تەنانەت ڕەوتی سەدردا، بە گوزراشتێکی دیکە بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بە چەشنێك هەم ئێوە قبوڵی بکەن ( ئەگەرچی تەواو خۆشحاڵ نەبن پێی ) هەم لایەنەکانی دیکەش قبوڵی بکەن. ڕەنگە پێشنیارە بنەڕەتییەکە بە لای منەوە دابەشکردنی هەمووو قەزا و شارۆچکە بچوکەکانی ئەو شارە بێت بە پێی پێکهاتەی دانیشتوانییان لە ڕێی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە، ڕەنگە ئەمە لە ئاستی پێشبینییەکانی کوردەکاندا نەبێت، لەبەر ئەوەی کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەرکوك شارێکی کوردستانییە، بەڵام ئەگەر لە ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکان بڕوانیت لە ساڵی ١٩٤٧ و ١٩٤٨دا ئەوا بیرۆکەی دابەشبوون لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشنیار کرا و دواتر کرایە بڕیار، بە تێڕوانینی من ئەمە چارەسەرە ستراتیژییەکەیە. من پشتگیری لە هەڵوێستی کوردەکان دەکەم کە نابێت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بڕیار لە دابەشکردنی حکومڕانێتی ئەو شارە بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بڕیاردانە لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێش ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە. بەڵام دەکرێت کوردەکان بەوە ڕازی بن کە دابەشکردنەکە بەو شێوەیە بێت کە یەك لە سەر سێ بۆ هەر پێکهاتەیەکی ئەو شارە بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەم حاڵەتە تا هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیە دەبێت، دواتر دەبێت بە پێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان کاربکرێت، دەێت ئەمە بە ڕوونی لە ڕەشنووسی یاساکەدا بچەسپێنرێت، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا، ئەوا نابێت ئەو حاڵەتە درێژە بکێشێت.

**ئێوە وەک کورد لە پێگەیەکی بەهێزدان بەڵام نابێت زۆر پێدابگرن**

***هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی عێراقی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی لە دژی کورد پەسەند کرد، ئەمەش کوردەکانی نیگەران کردووە، ئایا چۆن کوردەکان دەتوانن خۆیان لەم فشارە ڕزگار بکەن؟**

- دەبێت کوردەکان ئەو ڕاستیە بزانن کە سەرەڕای ئەمەش هێشتا ئەوان بەهێزن، کوردەکان هێزێکی چەکداری بە توانایان هەیە، ئەمەریکا پشتیگریان دەکات، ئابووریەکی بەهێزیان هەیە، بەڵام دەبێت بە دوای چارەسەر و ڕێککەوتنێکدا بگەڕێن لەگەڵ عەرەبەکاندا، ئەگەرچی سازشکردنیش لە خۆبگرێت، من هەمیشە ئەوەم دووپات کردۆتەوە، کە مانەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا لە بەرژەوەندی ئەواندایە، ئاساییە کوردەکان هۆڵی پەرلەمان بەجێ بهێڵن و نارەزایی دەرببڕن، بەڵام نابێت هەڵوێستێکی توند بگرنەبەر، بۆ نموونە جاڕی جیابوونەوە لە عێراق بدەن. کەواتە ئێوە لە پێگەیەکی بەهێزدان، بەڵام نابێت زۆر پێدابگرن، دەبێت بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك، بە چەشنێك هەر لایەك بەشێکی داواکارییەکانی بەدەست بهێنێت، نەك تێکڕای داواکارییەکانی، دەبێت وریابن هەڵوێستی هەموو عەرەبەکان لە دژی خۆتان یەك نەخەن. حاڵی حازر بارزانی و تاڵەبانی لەگەڵ مالیکیدا گفتوگۆی ئەم مەسەلەیە دەکەن لە بەغدا، ڕاسپاردەی من بۆ ئەوان ڕاسپاردەییەکی گشتییە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك لە سەر کەرکوك کە داواکارییەکانی ئێوە بهێنێتەدی لەو شارەدا، ئەگەرچی هەمووو داواکاری و خواستەکانیش بەدەست نەهێنن.

## ئێوە هەر دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ عەرەبەکاندا لەبەر ئەوەی لە ٥ ساڵی داهاتوودا بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا کەمدەبێتەوە

***ئەگەر پرســیارەکەمان لەم چوارچێوەیە ئاراستەبکەین، ئایا سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بەکورد چییە؟**

- ئەمەریکا لە هەوڵی هێنانەدی هاوســەنگییەکدایە لە نێوان کوردەکان و مالیکی لــە لایەك، هەروەها لە نێوان مالیکی و ئەنجوومەنەکانی سەحوە لە لایەکی ترەوە، واتە ئەمەریکا کۆشــش دەکات بۆ هێنانەدی ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەم لایەنانەدا، کەواتە سیاســەتی ئەمەریکا ڕوونە، ئەوەیە ئەم لایەنانەی بگەنە تێگەیشــتن و ڕێککەوتنێك بــۆ ئەوەی پێکــەوە بژین، بــەڵام لە کۆتاییــدا ئەمە بەرپرســیارێتی خودی عێراقییەکان خۆیانە، ئەمەریکا ناتوانێت چارەسەرێکی دیاری کراویان بەسەردا بسەپێنێت و ئەو کارەش ناکات، بەڵام هانیان دەدا بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێك. ئەمەریکا ئێوە لە بیر ناکات و دەستتان لێ هەڵناگرێــت، ئەمە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی ئێوە بەهێزترین پشتیوانی ئەمەریکان لە وڵاتەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت خواست و داوکارییەکانی مالیکی و عەرەبەکانیش لەبەرچاو نەگرێــت. ئێوە هەر دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێك لەگەڵ عەرەبەکاندا، لەبەر ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتودا بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا کەم دەبێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی داکشانی دەستڕۆیشتووی ئەمەریکا، من پێم وانییە جیابونەوە و جاڕدانی ســەربەخۆیی چارەسەرێکی عەمەلــی بێت و بیرۆکەیەکی باش بێــت. من پێم وایە نابێــت چاوەڕێی شــتێکی زۆر لە ئەمەریــکا بکەن، دەبێت پتر پشــت بە خۆتان ببەستن لەبەر ئەوەی توانای ئەمەریکا بۆ کاریگەری بوون لە سەر هێزە جیاوازەکانی عێراق لە پاشەکشــەدایە، بەڵام دەبێــت لە چوارچێوەی عێراقــدا بمێننەوە، ڕەنگە هەموو ئامانجەکان بەدەســت نەهێنن، بەڵام دەستکەوتێکی زۆر بەدەست دەهێنن، دەبێت پێداگیری لە ســەر بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە بکەن کــە زۆر بە گرنگیان دەزانن، بــەڵام دەبێت بە ژیری و حیکمەت و مرونەتەوە کار بکەن و بڕیار لە سەر ئەوە بدەن کە چ ئامانجێك زۆر گرنگە و چیش تەنیا گرنگە و بە پێی ئەو ریزبەندی ئەولەویاتە کار بکەن.

## نابێت وەک یەک پێکهاتە لەگەڵ عەرەبەکاندا مامەڵە بکەن، دەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عەرەبدا بکەن

*** ئێستا کورد لەعێراقدا خەریکە لەلایەن عەرەبی عێراقەوە ڕووبەڕووی گوشــارێکی توند دەبێتەوە، ئایا ئەگەر ئەم گوشارە لەســەر کورد بوو بە جیدی ئایا کورد چ ڕێگە چارەیەکی بەدەستەوە دەمێنێ ؟**

- تــا ڕاددەیەکــی دیاری کــراو ئەمەریــکا دەتوانێت یارمەتیتان بدات، من دەتوانم ئەمەتان پێ بڵێم، ئەمەریکا بە تەواوەتی دەستتان لێ هەڵناگرێت. بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت پشت بە خۆتان ببەستن و لە سەر پێی خۆتان بوەســتن. لە لایەکی دیکەوە دەبێــت ئێوە لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی عەرەبە شیعە و سوننەکاندا گفتوگۆ بکەن، لەگەڵ ئەنجومەنەکانی ســەحوە و شێخەکانی ئەنباردا و بگەنە ڕێککەوتــن لەگەڵیاندا، هەروەها دەبێت لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی شیعەکانیشدا دانوستاندنی سیاسیی بکــەن، لەگەڵ حەکیم و جەعفــەری و تەنانەت ڕەوتی سەدریشــدا، بە دڵنیاییەوە مالیکیش، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتــن و هاوپەیمانێتــی لەگەڵیاندا، بــۆ نموونە تێڕوانین و هەڵویســتی حەکیم لە ئاست فیدراڵییەتدا لە تێڕوانینی ئێوەوە نزیکە، تــا ڕاددەیەك ئەنجوومەنەکانی ســەحوەش لەگەڵ جۆرێك لە فیدراڵییەتدان، واتە نابێت وەك یــەك پێکهاتە لەگەڵ عەرەبەکانــدا مامەڵە بکەن، دەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عەرەبدا بکەن.

## هەمووو کارتێک بەکارمەهێنن کە بەکاریشتان هێنا دەبێت ئامادە بن جێبەجێی بکەن

*** کــورد بە عەرەبەکان ڕادەگەیەنن کە لەبەر ئەوەی ئێوە پابەند نابن بە دەســتوورەوە ئــەوا ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە پابەند نەبین بە یەکێتی عێراقەوە، ئایا ئامۆژگاری کــوردەکان دەکەیــت بۆ ئەوەی لــە حکومەتی عێراقی بکشێنەوە؟**

- ڕەنگە کشانەوەی کوردەکان دەرفەتێك بێت بۆ ڕووخاندنی حکومەتــی عێراقی، بەڵام من پێم وایە دەبێت کوردەکان ئەمە وەك کارتی گوشار بەکار بهێنن، لە لایەکی دیکەوە کاتێك کوردەکان هەڕەشــەی کشانەوە دەکەن لە حکومەت دەبێت ئامادەبن بە عەمەلی هەڕەشەکەیان جێبەجێ بکەن واتە نابێت هەڕەشەیەکی بەتاڵ بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەڕەشەی کشانەوەیان کرد و عەرەبەکانیش خواستەکانی کوردیــان نەهێنایە دی و کوردەکانیش نەکشــانەوە، ئەو کاتە میسداقەتی خۆتان لە دەست دەدەن، هەروەها دەبێت لەوە دڵنیابن کە کشــانەوەی ئێوە بە شــێوەیەکی حەتمی دەبێتە هۆی ڕوخاندنی حکومەتی عێراقی، لەبەر ئەوەی ئەگەر کشــانەوە و حکومەتەکە نەڕوخا، ئەوا دەسەڵات و پێگەی خۆتان لە بەغدا لە دەست دەدەن. بەڵام نابیت بۆ بچووکترین شــت ئەم هەڕەشــەیە بەکار بهێنن، بەڵام کە بەکاریشتان هێنا دەبێت ئامادە بن جێبەجێی بکەن.

●●●

**کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەرکوک شارێکی کوردستانییە، بەڵام ئەگەر لە ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیلییەکان بڕوانیت لە ساڵی ١٩٤٧ و ١٩٤٨دا ئەوا بیرۆکەی دابەشبوون لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشنیار کرا و دواتر کرایە بڕیار، بە تێڕوانینی من ئەمە چارەسەرە ستراتیژییەکەیە. من پشتگیری لە هەڵوێستی کوردەکان دەکەم کە نابێت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بڕیار لە دابەشکردنی حکومڕانێتی ئەو شارە بدرێت**

●●●

●●●

**ئەمەریکا ئێوە لە بیر ناکات و دەستتان لێ هەڵناگرێت، ئەمە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی ئێوە بەهێزترین پشتیوانی ئەمەریکان لە وڵاتەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت خواست و داوکارییەکانی مالیکی و عەرەبەکانیش لەبەرچاو نەگرێت. ئێوە هەر دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ عەرەبەکاندا**

●●●

بابەک ڕەحیمی پسپۆڕو تایبەتمەند لەسەر عێراق و شیعەگەرایی بۆ گوڵان:

# هەندێک لە سیاسەتمەدارانی حزبی دەعوا هەوڵ بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دەدەن



پرۆفیسۆر بابەکی ڕەحیمی، کە ئوستادی دیراساتی ئێران و ئیسلامە لە زانکۆی کالیفۆرنیا، پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی عێراق بەتایبەتی مەزهەبی شیعەگەرایی کە ئێستا لە عێراق لە دەسەڵاتدان.
ڕەحیمی ئێستا بە سەردان گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و لە ئێرانەوە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوەو نووسەری کتێبی »مونتەزیری و سیستانی:- وتووێژێك لە نێوان نەجەف و قومدا»ە هەروەها نووسەری کتێبی ئێران دوای شۆڕش: میدیا، کلتوور- کۆمەڵایەتییە.
هەروەها لە چەندین پرۆژەی دیکەشدا بەشداری کردووە، وەك.
١- دیموکراتییەتی دەستووری شیعەیزم:- مەسەلەی ئایەتوڵڵا سیستانی.
٢- سوپا لە عێراقی دوای بەعسدا.
سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق، پرۆفیسۆر بابەکی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

## واشنتۆن وەک یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکان سەیری کورد دەکات بەڵام زۆر بە ئاسانیش دەتوانێت ستراتیژییەتی خۆی بگۆڕێت

*** ئێستا کورد لەعێراقدا خەریکە لەلایەن عەرەبی عێراقەوە ڕووبەڕووی گوشارێکی توند دەبێتەوە، پێدەچێت هەوڵێك بێت بۆ ئەوەی کورد ناچار بکەن لە پرۆسە سیاسییەکە بێتە دەرەوە و پرۆسەی سیاسی عێراق بگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، ئایا ئەگەر ئەم گوشارە لەسەر کورد بوو بە جیدی ئایا کورد چ ڕێگە چارەیەکی بەدەستەوە دەمێنێ؟**

- تاوەکو ئەم ساتەوەختەش سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر کوردەکان سیاسەتێکی باش بووە، بەڵام بەپێی بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع لە عێراق و ناوچەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. یەکێك لە بیرۆکە سەرەکییەکان لە سیاسەتدا ئەوەیە چۆن هاوسەنگی نێوان هاوپەیمانەکانت ڕابگریت بۆ ئەوەی پەرە بە بەرژەوەندییەکانت بدەیت لە بارودۆخە گۆڕاوەکاندا. ڕەنگە ئەمە وەك بیرۆکەیەکی گاڵتەجاڕانە دەربکەوێت، بەڵام بۆ چەندین سەدە زۆرێك لە حکومەتەکانی جیهان بەپێی ئەم بیرۆکەیە سیاسەتەکانیان داڕشتووە .

لە بنەڕەتدا، تا ئێستا سیاسەتی ئەمەریکا پشتی بە کوردەکان بەستووە بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستانداو، وەك مۆدیلێك بەکاری هێناوە بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە و هەوڵیداوە حکومەتێکی کارا لە بەغدا دابمەزرێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تاوەکو عەرەبە سوننە نەتەوەخوازەکان و ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارە شیعەکان (کە زۆربەیان سەر بە پارتی دەعوەن) فشار بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز و پتر دەستڕۆیشتووتر بن لە بەرامبەر ئەمەریکادا، ئەوا پلانی کوردەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی پەراوێز دەخرێت لە پرۆسەکەدا. سیاسەتی نوێی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا تا چەند ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان سەرکەوتوو دەبێت لەسەرکوتکردنی یاخیبوون لە بەغدا، لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکە و تا ڕادەیەك لە دژی میلیشیاکانی مەهدی.

واشنتۆن وەك یەکێك لە هاوپەیمانە گرنگەکان سەیری کوردەکان دەکات، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ستراتیژییەتە سیاسی و سەربازییەکەی خۆی بگۆڕێت، ئەگەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی ئامانجی هێنانەدی عێراقێکی سەقامگیر بەهۆی پێداگیری کوردەکانەوە لەسەر پێکهێنانی جۆرێکی دیاریکراو لە حکومەت دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. ئەوەی ئەمەریکا لە ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکانییەوە لە عێراقدا بۆی دەرکەوت ئەوەیە، تاوەکو حکومەتەکە پتر مەرکەزی بێت باشتر دەتوانرێت بارودۆخی ئاسایش جێگیر بکرێت، لەبەر ئەوە هەوڵی کاراکردنی حکومەتی عێراقی دەدات. ڕێگاچارەی بەردەم کوردەکان ئەوەیە، یان دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەکەدا بگەنە سازشێك لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا، یاخود بە یەکجاری جیا ببنەوە، کە من پێموایە لەم ساتەوەختەدا، جیابوونەوە بیرۆکەیەکی باش نییە.

باشترین ڕیگاچارە بۆ کوردەکان ئەوەیە بگەنە چارەسەرێکی مامناوەندی لەسەر کێشەی کەرکووك و، بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەتمەدارە سوننە و شیعەککانی ناو پەرلەماندا بکەن کە خوازیاری پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزن ( یان دژی پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵین).

*** پێدەچێت ئەمەریکا گوشاری خستبێتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی کورد لە باکووری عێراق ئاسایی بکاتەوە، کورد بەم هەنگاوە دڵخۆشە، بەڵام ئایا تاچەند پەیوەندی کوردی عێراق لەگەڵ تورکیا مەترسییەکانی بەغدا لەسەر کورد کەمدەکاتەوە؟**

- هەر کاتێك تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا ئاسایی کردەوە، بەغدا وەك گەمەکارێکی سیاسی کارا لە هەرێمی باکووری وڵاتەکە دەڕوانێت، کە ئامادە دەبێت ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵدا بکات و بکاتە چارەسەرێکی عەمەلی لەگەڵیدا. لەبەر ئەوە من پێموایە نزیکبوونەوەی تورکیا و هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت لەسەر سیاسەت و هەڵویستی بەغدا بەرامبەر پرسی کورد.

## دڵنیایی و هەڵوێستی جێگیر و نەگۆڕ لە جیهانی سیاسەتەدا بوونیان نییە

*** سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەوڵدەدات بە هەر نرخێك بێت کە پرۆسەی سیاسی عێراق تێکنەچێت، بەڵام هەموو لایەك دەزانن کە هەوڵی کورد لەم هاوکێشەیەدا سنووردارەو ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاوکاری نەکەن هەوڵەکانی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاوکاری کوردییان نەکرد، ئایا کورد دەتوانێت چ ڕێگە چارەیەکی دیکە بگرێت؟**

-کوردەکان دەتوانن پشت بە واشنتۆن ببەستن بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی



خۆیاندا حکومڕانی هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی بکەن. بەڵام من پێموایە کوردەکان بە هەڵەدادەچن ئەگەر بە رادەیەکی گەورە پشت بە وڵاتە یەکگرتووەگانی ئەمەریکا ببەستن، لەبەر ئەوەی هەروەك پێشـــتر ئاماژەم پێکرد، سیاســـەتەکانی واشنتۆن بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکە ئاڵوگۆڕی بەســـەردا دێت. دڵنیایی و هەڵوێســـتی جێگیر و نەگۆڕ لە جیهانی سیاســـەتەدا بوونیان نییە.

*** ئەگـــەر ئەمەریکا هەوڵی ئەوە بـــدات یان بخوازێت تورکیا رۆڵێکی کاریگەر لە سیاســـەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بگێڕێت و وەك دوو هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە هاریکاری یەکتری بکەن، ئایا تاچەند تورکیا ئامادەباشـــی تێدایە وەڵامی ئەمەریکا بداتەوە ؟**

- من پێموایە تورکیا هەوڵی پاراســـتنی هەرێمی کوردســـتان دەدات، ئەگەر گەیشـــتە ئەو قەناعەتەی ئەم هەرێمە هەڕەشەی یاخیبووانی کوردی (مەبەســـت لـــە پەکەکەیە) لە ناوبردووە لە کوردســـتانی عێراقدا. بە پێچەوانەوە تورکیا هەرێمی کوردستان بە ســـەرچاوەی هەڕەشە دەزانێت بۆ ســـەر ئەنکەرە لە ساڵانی داهاتوودا.

**ئایندەی کوردستان پشت بەو دیموکراسییە نابەستێت کە لە بەغدا دێتەئاراوە، بەڵکو دەوەستێتە سەر ئەو سازشە درێژخایەنەی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بەدەست دەهێنرێت**

*** ئامانجـــی ئاشـــکرای ئەمەریکا بۆ عێـــراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراســـی و پاراستنی دیموکراسییە، بەڵام هەموو کات هەوڵدەدات دیموکراسییەتی کوردســـتان تێکەڵی ئاژاوەی عێـــراق بکاتـــەوە، ئەمە بـــە پێچەوانەی تایوانـــە کە مەرجی گەڕانەوەی بۆ چین بەستراوەتەوە بە ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی دیموکراسی لە چین، ئایا بۆچی مەرجی گەڕانەوەی هەرێمی کوردستانیش بۆ سەر عێراق بە دیموکراسییەوە گرێنەداتەوە؟**

- یەکێك لە بیروبۆچوونە باوەکان لە واشنتۆن ئەوەیە کە ئەنجامی کۆتایی دیموکراســـی سەقامگیربوونی ئاسایشە. بەڵام لە رووی مێژووییەوە، هەروەك لە ئەزموونی کۆماری وەیمەردا بەدیمان کرد ( ١٩١٩_١٩٣٣)، ئەم بۆچوونە دروست نییە. ئەگەر دیموکراسی بەو شـــێوەیە جێگیر بکرێت کە حزبایەتییەکی زۆر لە خۆبگرێت ئەوا دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چەند دەرئەنجامێکی پێچەوانەوە، تەنانەت ناکۆکی چەکداری لێدەکەوێتەوە. کێشەی سیاسەتی عێراق، لەم ساتەوەختەدا، ئاستی ئەو شـــەڕەیە کە لە نێوان پـــارت و لایەنەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە لەسەر ئایندەی نەتەوەیی عێراق، لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە و چۆنییەتی پێکهێنانی باشترین شێوەی حکومەت ( ئایا فیدراڵی بێت یا مەرکەزی ) و بنیاتنانی دامەزراوەی پێویســـت بۆ ئەو مەبەســـتە لە وڵاتێکدا کە پێشـــتر لەلایەن دەسەڵاتێکی تاکـــڕەوەوە حکومڕانـــی کراوە. هەروەها پرســـی « گەڕانەوەی هەرێمی کوردســـتان بۆ عێراق» دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورەی ناکۆکی، بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەو سیاســـەتە حزبایەتییەی لە بەغدا پیادە دەکرێت.

تەنانەت ئەگەر ئاستی دیموکراسیش بگاتە قۆناخێکی کامڵ، کە بە مانای ململانێی سیاسی تەندورست دێت لە ناو پەرلەماندا و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، هێشتا ئەمە زەمانەتی ئەوە ناکات پرسی کورد نەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی لە نێوان عەرەبە نەتەوەخوازەکان و ئەو کوردانەی پشتگیری لە فیدراڵیزم دەکەن، ئەوانەی خوازیاری پاراستنی هەرێمە نیمچە ئۆتۆنۆمییەکەیانن لە باکووردا.

ئایندەی کوردستان پشت بەو دیموکراسییە نابەستێت کە لە بەغدا دێتەدی، بەڵکو دەوەســـتێتە سەر ئەو سازشـــە درێژخایەنەی لە نێوان لایەنە سیاســـییەکاندا بەدەست دەهێنرێت، بە چاپۆشین لە بەشداری واشنتۆن لە پرۆسەکەدا.

●●●

**رێگاچارەی بەردەم کوردەکان ئەوەیە، یان دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەکەدا بگەنە سازشێک لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا، یاخود بە یەکجاری جیا ببنەوە، کە من پێموایە لەم ساتەوەختەدا، جیابوونەوە بیرۆکەیەکی باش نییە**

●●●

●●●

**نزیکبوونەوەی تورکیا و هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت لەسەر سیاسەت و هەڵویستی بەغدا بەرامبەر پرسی کورد**

●●●

●●●

**ئایندەی کوردستان پشت بەو دیموکراسییە نابەستێت کە لە بەغدا دێتەدی، بەڵکو دەوەستێتە سەر ئەو سازشە درێژخایەنەی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بەدەست دەهێنرێت، بە چاپۆشین لە بەشداری واشنتۆن لە پرۆسەکەدا**

●●●



# ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری پێویستی بە پلانی زانستی و هۆشیاری هاووڵاتییان هەیە

●●●

دابینکردنی بژێوی یان مووچە بەو ئاستەی کە پێی دەڵێن مەمرە و مەژی بۆتە کولتوورێک لەناو کۆمەڵگەی ئێمەشدا و بە حکومی ئەوەی بەردەوام و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە پاشکۆی دەوڵەتی عێراق بووین

●●●

هەموو قۆناخێکی گواستنەوە ئەوجا سیاسی بێت یان ئابووری قۆناخێکی هەستیارە و پێویستی بە ئامادەباشی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت پێشهاتە تازەکان جێگەی نەریتە کۆنەکان بگرێتەوە.

دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دروست بوونییەوە پەیڕەوی ئابوورییەکی مەرکەزی کردووە، ئەمەش واتە بە شێوەیەکی سەرەکی حکومەت سەرچاوەی بژێوی و ژیانی زۆربەی هاووڵاتییان بووە، هەربۆیە ئەوانەی فەرمانبەری حکومەت بوون بەردەوام وەك خاوەنی سەرچاوەیەکی بژێوی سەقامگیری سەیر کراون و ئیدی کە بۆتە فەرمانبەری حکومەتیش ئەوەی بە لایەوە گرنگ بووە ئەوەبووە کە ساڵ لە دوای ساڵ عەلاوەکەی زیاد بکات و بە چەند ساڵێکیش پلەیەك بچێتە پێشەوە و ئەوەی فەرمانی پێ نەکرابێت و لەسەر کاغەز نەهاتبێتە بەردەستی بیری لێ نەکردۆتەوە.

ئەم دیاردەیە، کە دەکرێت پێی بڵێین دابینکردنی بژێوی یان مووچە بەو ئاستەی کە پێی دەڵێن مەمرە و مەژی بۆتە کولتوورێك لەناو کۆمەڵگەی ئێمەشدا و بە حکومی ئەوەی بەردەوام و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە رووی ئابووری و سیاسییەوە پاشکۆی دەوڵەتی عێراق بووین، ئەوا بیرکردنەوەی ئێمەش بۆ دابینکردنی ئایندە وخۆشگوزەرانی و ژیانێکی باڵاتر بەندە بە ئاستی پلەی فەرمانبەری و رێژەی ئەو مووچەیەی کە لە حکومەت وەریدەگرین حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقیش وەك زۆربەی زۆری حکومەتەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، تەواوی داهاتی نیشتمانی لە دەستی خۆیدا گلداوەتەوە و مووچەی فەرمانبەران و کرێکارانیشی وەك هۆکارێك بۆ دەمکوتکردن و بێدەنگ بوونی هاووڵاتییان قۆستۆتەوە، هەربۆیە کاتێك سەیری مێژووی ئاکاری فەرمانبەرانی ئەم حکوومەتانە دەکەین، هێندەی چاویان لە ژیانی مەمرە و مەژییە هێندە چاویان لە خۆشگوزەرانی نەبوو.

لەناو ئەم ژینگەیەدا کە لەسەر ئاسەواری ژێرخانێکی رووخاو پلان بۆ رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات و، وەرچەرخانی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت دەدرێت، زۆر گرنگە ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە مەرجەعی ئێمە لە یەکەم هەنگاودا هاووڵاتییان پشتگیری لەم وەرچەرخانە بکەن، بە پێچەوانەوە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بین کە زۆر بە توندیش لە هەندێك حاڵەتدا رووبەڕووی رەخنەی توند ببێتەوە و خەڵك ئابووری مەرکەزی لە ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت بەباشتر بزانن.

لەم حاڵەتەدا کە ئەو بۆچوونەی لای خەڵك بەو ئاراستەیە دروست ناکرێت ئەو بۆچوونە لەبەرچاو نەگرێت، لەهەمان کاتدا ناشکرێت واز لە وەرچەرخانەکە بهێنن و بگەڕێنەوە بۆسەر ئابووری مەرکەزی و سوپایەکی بێ کار لە کۆمەڵگەدا بێکار بسووڕێنەوە و مووچەی بەلاشی وەربگرن.

بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتنێك لەنێوان هاووڵاتییان و هاوکاریکردنیان بۆ سەرخستنی پلانەکەی حکومەت بۆ ئەم وەرچەرخانە دروست بێت، زۆر گرنگە هاوکات لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە حکومەت هەوڵبدات متمانەی هاووڵاتییان بۆ ئەم وەرچەرخانە دروست بکات، بێگومان دروستکردنی متمانەش لای هاووڵاتییان بۆ پشتگیریکردنی بەرنامە و پلانی تازەی حکومەت پێویستی بەوە هەیە هاووڵاتییان هەنگاو بە هەنگاو رووەباشەکەی ئەو وەرچەرخانە هەست پێ بکەن.

ئەو پسپۆڕانەی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان بە تایبەت قسەیان کردووە پێیان وایە فاکتەری سەرکەوتنی ئەم وەرچەرخانە و پرۆسەی پەرەپێدان پێویستی بە چەسپاندنی سەروەریی یاسا هەیە و، سەروەریی یاسا دەکەنە بنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ سەرجەم هەنگاوەکانی دیکە، ئەم تێڕوانینەش لەو روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاکامی چەسپاندنی سەروەریی یاسا ئەم دیاردە ئیجابیانەی لێدەکەوێتەوە:

-١ ئەگەر لە کۆمەڵگەدا یاسا سەروەر بێت، واتە یاسا حاکم بێت بۆ یەکلاییکردنەوەی هەموو گرفتەکان و ژیانی رۆژانەی خەڵك، ئەوا پێش هەر شتێك خەڵك لە سەروماڵی خۆی دڵنیا دەبێت و متمانە بە سیستەمی بانکی وڵاتەکەی دەکات و ئامادە دەبێت ئەو پارەیەی هەیەتی لەناو بانکدا دایبنێت، ئەم هەنگاوە زۆر گرنگە هەر لە دەسپێکدا سەرمایەی ناوخۆ دەبێتە سەرمایەکی وەبەرهێن لەناو وڵاتدا و هەم خاوەن پارەکە سوودمەند دەبێت، هەم ئەو کەسانەش سوودمەند دەبن کە ئەو پارەیە لە بانکەکان قەرز دەکەن و لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا دەیخەنەگەڕ.

-٢ ئەگەر یاسا سەروەربێت زەمینەیەکی لەبار بۆ بازرگانییەکی عادیلانە دروست دەبێت، بواری کارکردن لە بەردەم هەموو تاکەکاندا یەکسان دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە خەڵك حسابی وردی خۆی بکات و لە دەوڵەمەندبوونی خێرا و ئیفلاس بوونی خێرا نەترسن.

-٣ ئەگەر یاسا سەروەر بێت، یاسا سەرمایەکان هەڵدەسووڕێنێت نەك سەرمایەدارەکان، دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان بە یاسا کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن نەك میزاجی سەرمایەدارەکان و کارمەندانی کەرتی تایبەت هەمان ماف و ئایندەی کارمەندانی کەرتی گشتیان دەبێت، بەو حوکمەی کە بەردەوام مووچە و بژێوی زیاتر لە کەرتی تایبەت دابین دەکرێت، هاووڵاتییان زیاتر بە لای ئەو کەرتەدا دەچن کە باشتر ژیانیان دابین دەکات.

-٤ سەروەریی یاسا سنوورێك بۆ گەندەڵی دادەنێت، کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی دەبێتە هۆکارێك بۆ ژیاندنەوەی ئومێد لای هاووڵاتییان و متمانەکردن بە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

-٥ سەروەریی یاسا وا دەکات هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی بژێوی خەڵك کەمکردنەوەی سوپا بێکارەکەی حکومەت کە مانگانە مووچەی بەلاشیان بەسەردا دابەش دەکرێت، وا دەکات حکومەت بتوانێت بەرنامە و پلان بۆ رێکخستنەوەی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دابڕێژێت کە ئەویش پەروەردەی کۆمەڵگەیە بە تایبەتی لە قۆناخی سەرەتاییدا.

بێگومان ئەم باسە بە راپۆرتێك یان بە جارێك و دووجار کۆتایی نایەت، بەڵام ئەوەی لەم راپۆرتە جەختی لەسەرکراوەتەوە هێڵە گشتییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانە و ئەو پسپۆڕانەی بۆ ئەم راپۆرتە قسەیان کردووە، زیاتر جەخت لەسەر نموونەی سەرکەوتنی ئەو وڵاتانە دەکەن کە توانیوویانە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن.

**ئەگەر یاسا سەروەر بێت، یاسا سەرمایەکان هەڵدەسووڕێنێت نەک سەرمایەدارەکان، دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان بە یاسا کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن نەک میزاجی سەرمایەدارەکان و کارمەندانی کەرتی تایبەت هەمان ماف و ئایندەی کارمەندانی کەرتی گشتیان دەبێت**

پرۆفیسۆر چاپ سۆساریێتی ئوستادی ئابووری و بزنس لە زانکۆی کەمبۆدیا بۆ گوڵان:

# مەعریفە و هۆشیاری دەبنە هۆکاری بەرچاورِوونی بۆ پلانی ئابووری و هاوکاری هاوڵاتیان بۆ سەرخستنی پلانەکە

**پرۆفیسۆر چاپ سۆساریێتی، ئوستادی ئابووری و بزنسە لە زانکۆی فۆنم پین لە کەمبۆدیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بەرەو پێشەوە چوون و سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، تایبەتی سەنگافورە. لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ راوێژکاری بانکی جیهان بووە وەك مەشق پێدەر لە بوارەکانی کەرتی گشتی پەرەپێدانی توانای مرۆیی.**
**بۆ قسەکردن لەسەر گرنگی پلانی ئابووری بۆ وڵاتانی تازە گەشەسەندو و هاریکاری هاوڵاتیان بۆ سەرخستنی ئەم پلانە، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر چاپ کرد لە کەمبۆدیا و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

### بە بێ بوونی پلانی ئابووری و بێ بوونی ستراتیژییەتێکی روون وڵات ناتوانێت بەرەوپێش بچێت

***پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئابوری پێویستی بە بەپلانێکی ئابووری پتەو هەیە، ئایا کاریگەری پلانی ئابووری لەپرۆسەی پەرەپێداندا چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟**

- لە راستیدا بوونی پلانی ئابووری گرنگی خۆی هەیە بۆ بەدی هێنانی ئامانجی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری، بە تایبەتی لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، بۆ نموونە لە کەمبۆدیا حکومەتی ئەو وڵاتە پلانی پێنج ساڵەی داناوە، کە چۆنییەتی بەرزکردنەوەی تێکرِای داهاتی نەتەوەیی لە خۆدەگرێت، لە گەڵ رێزبەندی ئەولەویاتەکان کە پێویستن بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵاتەکە، لەبەر ئەوە بە بێ بوونی پلانی ئابووری و بێ بوونی ستراتیژییەتێکی روون وڵاتەکە ناتوانێت بەرەوپێش بچێت. لە لایەکی ترەوە سەرکەوتنی پلانی ئابووری بەندە بە رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاوەوە، بۆ نموونە دەبێت رەوشی ئەمنی تەواو سەقامگیر بێت، هەروەها دەبێت واقیع و تایبەتمەندێتی هەر وڵاتێك لەبەرچاو بگیرێت، بۆ نموونە هەندێ وڵات پتر پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن، کە لە وڵاتی کەمبۆدیا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت، هەندێك دیکەیان پشت بە سەرچاوە کانزاییەکان دەبەستن، لە عێراقد بە بەرهەمی نەوت دەبەسترێت، لە هەمان کاتدا دەبێت هەوڵی راکێشانی سەرمایەی دەرەکی بدرێت بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەدا وەبەرهێنان بکەن و هەلی کاری زیاتر برِەخسێنن و تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بهێننە وڵاتەکەوە.

### سەرکەوتنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا لە پەرەپێداندا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە سەرووەریی یاسایان چەسپاند

*** ئێوە وەك شارەزایەك لە ئابووری وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات، ئایا ئەو پلانە ئابووریە چی بوو کە ئەم وڵاتانە گرتیانەبەر؟**

- ئەو وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە بە رەوتێکی زۆر خێرا گەشەیان کرد، توانیان لە نێو خۆیاندا لە رووی کلتووری و سیاسیی و ئەمنییەوە هاوکاری یەکتری بکەن، کە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان یەکێتیەکی ئابووری پێك بهێنن، سەرکەوتنی ئەم وڵاتانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە سەرووەری یاسایان چەسپاند، هەڵسان بە ئازادکردنی ( لیبراڵیزەکردن ) ئابووری ووڵاتەکەیان و بە رووی جیهانی دەرەوەدا کرانەوە، پەرەیان بە کەرتی تایبەتی دا بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی کاریگەری گەشەپێدانی ئابووری، هەڵسان بە راکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی بکەن لەو وڵاتانەدا، پەرەیان بە باشترکردنی کەرتی گەشت و گوزار دا کە بە هۆیەوە ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی رویان لەو وڵاتانە کرد، لەگەڵ زیادکردنی بەرهەمە کشت و کاڵیەکان، هەموو ئەمانە بوونە هۆی بەرزکردنەوەی تێکرِای داهاتی نەتەوەی.

### یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کەمبۆدیا ئەوەبوو توشی شەرێکی دوورودرێژ بۆوە

*** بۆچی پلانی ئابووری لە وڵاتی سەنگافورە کە دراوسێی کەمبۆدیایە، باشتر سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەو پلانە ئابوورویەی لە کەمبۆدیا هەبوو، بە چەشنێك ئەم سەرکەوتنە لە ماویەکی کورتدا هاتەدی؟**

- لەبەر ئەوەی سەنگافورە وڵاتێکە بچووکە و سەرچاوەی سروشتی زۆری هەیە و دووچاری نەهامەتی شەرِ نەبوو، کە دواتر توانی پەرە بە بازرگانی دەریای و بەرەوپێشبردنی دامەزاروە و کەرتی دارای بدات و ببێتە مەڵبەندێکی بازرگانی، لە کاتێکدا کەمبۆدیا دووچاری شەرِێکی دودرێژ بوو، هەروەها بە دەست ناکۆکی ناوخۆییەوە دەیناڵاند، کە تەنیا دە ساڵە ئاشتی هەیە لەم وڵاتەدا، لە لایەکی ترەوە خەڵکی سەنگافورە خاوەنی ئاستێکی باڵای پەروەردە و خوێندنن، بە پێچەوانەی کومبۆدیایەوە کە شەرِ ئەم دەرفەتەی بۆ نەرِەخساندن، هەروەها شوێن و مەوقیعی سەنگافورە گرنگی و پێگەیەکی باشتی پێداوە بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەند و رێرِەوێکی بازرگانی، کەمبۆدیا خاوەنی بازرگانی دەریاییە، بەڵام بازرگانیەکی بچووکە، هەروەها زۆربەی خەڵکی کەمبۆدیا گوندنشینن و وڵاتەکە زیاتر پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستێت، هەرچەندە ئومێدی ئەوە لە ئابووری ئەم وڵاتە دەکرێت کە لە ئایندەدا بە چەشنی سەنگافورە گەشە بکات.

### سەرکەوتنی پەرەپێدان لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا پێویستی بە پابەندبوونی سیاسیی و هۆشیاری هاوڵاتییان هەیە



*** زۆربەی شارەزایانی ئابووری پێیان وایە سەرکەوتنی پلانێکی ئابووری دەوەستێتە سەر ئاستی مەعریفی و خوێندنی ئەو کەسانەی پلانەکە دادەرِێژن، لە هەمان کاتدا دەوەستێتە سەر ئاستی هۆشیاری هاوڵاتییان بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەتی بکەن لە سەرخستنی ئەو پلانەدا، تێرِوانین و لێکدانەوەی ئێوە چیە لەم روەوە؟**

- لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا تەنیا بوونی سیاسەتێکی راست و دروست بەس نیە، بەڵکو دەبێت سەرچاوەی پێویستمان

لەبەردەست بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، ئەمە پابەندبوونێکی سیاسیی و پەرەپێدانی هۆشـــیاری هاوڵاتییان دەخوازێت. لە پاڵ بوونی سیاسەت و پلانی باشدا، دەبێت خەڵکی مافەکانیان پارێزراو بێـــت، ئازادیان هەبێت بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان بخەنەگەڕ و پەرە بە بەرژەوەندیەکانـــی خۆیان بدەن، دەبێت حکومەتی زەمانەتی هەموو ئەمانە بکات و پاراستنی یاساییان بۆ دابین بکات. بەڵام هەندێ وڵاتی دیکە هەن کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی سروشتین بـــەڵام نەیانتوانیەوە پەرە بە ئابووری وڵاتەکانیان بدەن، بۆ نموونە وڵاتی نەیجیریا کە هەرچەندە خاوەنی ســـەرچاوەی نەوتە، بەڵام بە هۆی بوونی کێشـــەی ئەمنی و نەبوونی حکومڕانێتی باش و بەربڵاوی گەندەڵیەوە، ئابووری وڵاتەکە گەشە ناکات، لە کاتێکدا ووڵاتانی یابان و کۆریای باشـــوور کە لە گـــەڵ ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی سروشتی نین، بەڵام بە هۆی بوونی حکومڕانێتی باش و هۆشیاری هاوڵاتییانەوە توانیویانە ئاستێکی بەرزی گەشەکردنی ئابووری بەدەست بهێنن.

**بۆ زاڵ بوونی بەسەر ئاستەنگەکانی کەرتی تایبەت دەبێت ژینگەیەکی عادیلانە بۆ بازرگانی برەخسێنرێت و ڕێگە بە قۆرخکاری نەدرێت**

***لە وڵاتی ئێمە کەلتووری کەرتی گشـــتی هەتا ئێستاش بەسەر کەلتووری کەرتی تایبەتدا زاڵە، واتە ئێمە کاتێك دەمانەوێت دەست بکەین بە کەرتی تایبەت دەبێت رۆشـــنبیری هاوڵاتییانیش لەسەر کەرتی تایبەت زیاتر بکەین، ئایا چۆن لە پرۆســـەیەدا سەرکەوتوو دەبین و بەسەر گرفتەکاندا زاڵ دەبین؟**

- لە راســـتیدا ئابووری بازاڕی ئازاد لایەنی ســـلبی و ئیجابی هەیە، بۆ نموونە هەندێ جـــار خەڵکانێکی دیاری کراو بە هۆی قۆرخکردنی کەرتێکی دیاری کراوەوە بە رەوتێکی خێرا دەوڵەمەند دەبن و داهات کەڵەکە دەکەن، لە کاتێکدا خەڵکانێکی دیکە هەژار دەبن، بۆ زاڵ بوونی بەســـەر ئەم ئاستەنگانەدا دەبێت ژینگەیەکی عادیلانـــە بۆ بازرگانی برەخســـێنرێت و ڕێگە بـــە قۆرخکاری نەدرێت، بەڵکو کەشـــی ململانێ بۆ کۆمپانیاکان برەخسێنرێت بۆ ئەوەی کاڵاکان بـــە نرخێکی هەرزانتر بۆ هاوڵاتییان دابین بکەن. ئابووری بازاڕی ئازاد بێ دەستێوەردانی دەوڵەت مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی زۆرجار حکومەتی ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات بۆ ڕێگە گرتن لە قۆرخکاری لە بواری بازرگانیدا یاخود بۆ دیاری کردنی ڕێژەی قازانج لە بانقەکاندا.

***هەندێ جار حکومەتەکان لە ســـەرەتای قۆناغی ئینتیقالیدا و لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆســـەی بە تایبەت کردندا ڕووبەڕووی چەند کۆســـپێك دەبنەوە، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر و کارەمەنـــدی حکومی هەیە کە هـــەوڵ دەدات بیان گوازێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، بەڵام ئەم هەوڵە وەك پێویستی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێـــت، لەبەر ئەوەی هاوڵاتییان وەڵامدانەوەییەکی ئیجابیانەیان نیە بۆی، چۆن حکومەت دەتوانێت ئەم قۆناخە تێپەڕێنێت؟**

- ئەمە تەحەددایەکە ڕووبەڕووی حکومەتەکان دەبێتەوە، ئەوانەی خوازیاری گۆڕینی ئابووری وڵاتەکەن بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد، ئەمەش پرۆســـەی بـــە تایبەتکردن لە خۆدەگرێـــت، کە زۆرجار حکومـــەت هەندێك کەرتی دیاری کـــراو دەدات بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت. کە پێویستی بە میکانیزم و دامەزراوەی گونجاو دەکات بۆ ئەوەی ئەو پرۆســـەیە بە باشی و بەسەرکەوتوو بەڕێوە ببـــات. هەندێ جار بە هۆی بوونی گەندەڵییەوە بە تایبەتکردنی هەنـــدێ پرۆژەی حکومی دووچاری پشـــێوی دەبێت، هەر بۆیە پێویستە بە شەفافییەتەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت. لە راستیدا هەندێ جار ناتوانین خۆمان لە ســـەرهەڵدانی ئەم کێشانە لابدەین بە تایبەتـــی لە وڵاتە تازە گەشـــەکردووەکاندا. لـــە ئەزموونی کەمبۆدیاوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە دەبێت هەندێ کەرتی ستراتیجی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بێت، وەك کەرتی کارەبا، ئاو، کەرتی تەلەفۆن و کەرتی گواســـتنەوە. رەنگە لە عێراقدا پێویست بکات کەرتی نەوت لە ژێر دەســـتی حکومەتـــدا بێت، لە لایەکی ترەوە من پێم وایە بە حوکمی ئەوەی عێراق وڵاتی دوای شـــەڕە، ئەوا رەنگە بتوانێت ســـوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرێت کە بە قۆناخی شـــەڕدا تێپەڕیون و حاڵی حازر لە قۆناغی گەشەپێدانی ئابووریدان.

*** لە وڵاتانی دوای شـــەڕدا، دیاردە و کێشەیەکی بەرچاو هەیە، کە بریتیە بە دابەزینی نرخی دراوی وڵاتەکە، بۆ نموونە لە دوای شـــەڕ نرخی دراوی ئەڵمانیا، مارك، دابەزینی بەخۆوە بینی، بە هەمان شـــێوە لە تورکیادا، دراوی ئەو وڵاتە لیرە دابەزی، حاڵی حازر دیناری عێراق هیچ بەهایەکی نیە، بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت سیاسەتی دراو چۆن بێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە دابەزینی نرخەکەی بگرین؟**

- رەنگە هۆکاری نزمی بەهای دراوی وڵاتێك بۆ بوونی هەڵئەوسان و کەمـــی بەرهەمی وڵاتە بگەڕێتەوە، لەو کاتەدا دەبێت حکومەت هەڵبســـتێت بە بەکارهێنانی دراوی قورس، کە دەبێت لەم حاڵەتەدا حکومەتەکە ئیحتیاتی باشـــی هەبێت لە رووی دراوی قورسەوە، ئەگـــەر ئەم ئیحتیاتە نەبوو، ئەوا ناتوانیت دابەزینی نرخی دراوی ووڵاتەکـــە رابگریت. بۆ نموونە لە کەمبۆدیا ئەگەر نرخی دراوی وڵاتەکە دابەزێت، ئەوا دەبێت حکومەت هەڵبســـتێت بە فرۆشتنی نیـــوەی ئەو ئیحتیاتەی کە هەیەتی لـــە دراوی قورس بۆ ئەوەی هاوسەنگی خواست و خســـتنەڕوو رابگرێت. کەواتە بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی سەقامگیرکردنی نرخی دراوەکە.

**مەعریفە و هۆشیاری دەبنە هۆکاری بەرچاو ڕوونی و دارشـــتنی پلانی ســـەرکەوتوو و هـــاوکاری هاوڵاتییان بۆ ئەو پلانە**

*** زۆرێك لە شـــارەزایانی ئابووری جەخت لەسەر گرنگی ئاستی مەعریفـــی و هۆشـــیاری هاوڵاتییان دەکەنەوە لە سەرخســـتنی پرۆســـەی پەرەپێدانی ئابووری،، ئایا بۆچی ئـــەم لایەنە ئەوەندە گرنگی و کاریگەری هەیە؟**

- مەعریفە و هۆشـــیاری دەبنە هۆی بەرچاو ڕوونی و دارشتنی پلانی ســـەرکەوتوو لەلایەن حکومەت و هـــاوکاری هاوڵاتییان بۆ ئەو پلانە، لێرەدا پیویســـتمان بە راکێشانی سەرمایە و وەبەرهێنانی دەرەکیە، بەڵام ئەگەر خەڵکەکە ئاستێکی بەرزی مەعریفیان نەبوو، ئەوا زەحمەتە بتوانن هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و بتوانن کاربکەن، ئەگەر لەو ووڵاتانە بڕوانیت کە ئاســـتێکی بەرزی گەشـــەپێدانی ئابووریان بەدەست هێناوە، ئەوە بەدی دەکەیت کە چەندەها زانکۆیان هەیـــە و بایەخێکی تایبەتیان بە کەرتی پـــەروەردە داوە، ئەو کاتە خەڵکی خۆیان دەتوانن بە دوای کاردا بگەڕێن و کار بکەن.

●●●

**دەبێت هەوڵی راکێشانی سەرمایەی دەرەکی بدرێت بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەدا وەبەرهێنان بکەن و هەلی کاری زیاتر برەخسێنن و تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بهێننە وڵاتەکەوە**

●●●

●●●

**وڵاتی دیکە هەن کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی سروشتین بەڵام نەیانتوانیەوە پەرە بە ئابووری ووڵاتەکانیان بدەن، بۆ نموونە وڵاتی نەیجیریا کە هەرچەندە خاوەنی سەرچاوەی نەوتە، بەڵام بە هۆی بوونی کێشەی ئەمنی و نەبوونی حکومڕانێتی باش و بەربڵاوی گەندەڵیەوە، ئابووری وڵاتەکە گەشە ناکات**

●●●

●●●

**بازاڕی ئازاد لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە، بۆ نموونە هەندێ جار خەڵکانێکی دیاری کراو بە هۆی قۆرخکردنی کەرتێکی دیاری کراوەوە بە رەوتێکی خێرا دەوڵەمەند دەبن و داهات کەڵەکە دەکەن، لە کاتێکدا خەڵکانێکی دیکە هەژار دەبن**

●●●

●●●

**رەنگە هۆکاری نزمی بەهای دراوی وڵاتێک بۆ بوونی هەڵئەوسان و کەمی بەرهەمی وڵاتە بگەڕێتەوە**

●●●

### پرۆفیسۆر جەمیس چان لی پسپۆر لە بواری گەشەپێدانی ئابووری لە زانکۆی پاریس بۆ گوڵان:

# ئەگەر بمانەوێت پلانی ئابووریمان سەرکەوتوو بێت دەبێت گرنگییەکی تایبەت بە پەروەردەی قۆناخی سەرەتایی بدەین

**پرۆفیسۆر جەمیس چان-لی، کە ئێستا ئوستادی زانستی ئابوورییە لە زانکۆی پاریس، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ئابووری چین و دەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ئاسیا.**
**پرۆفیسۆر چان-لی، بە ئەسڵ کۆرییە بەڵام لە پاریس دادەنیشێت، وەك مامۆستایەکی موحازر لە زۆربەی زانکۆکانی ئاسیای رۆژهەڵات وانەی ئابووری گوتۆتەوە، حاڵی حازر لەسەر ئەم پرۆژانە کار دەکات:**
**-١ چین: حکومڕانی و کاریگەری وەبەرهێنان.**
**-٢ ئایا دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین چەند پەند لە تەنگژە ئابوورییەکانی ئاسیا وەردەگرن؟**
**بۆ قسەکردن لەسەر بەراوردکردنی پلانە سەرکەوتووەکان و ئەو پلانانەش کە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، پرۆفیسۆر جەمیس چان- لی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

### گرنگ پلانی ئابووری نییە
### گرنگ ئەوەیە ئەو پلانە تاچەند سەرکەوتووبووە

*** پلانی ئابووری یەکێکە لە توخمە گرنگەکان بۆ پاراستنی ئاستی گوزەرانی هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەدا، پرسیارەکە ئەوەیە پلانی ئابووری چییە کە بۆ پەرەپێدانی ئابووری دادەڕێژرێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا، پلانکی زۆر بۆ رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری داڕێژراون، بەڵام هیچیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەوڵوکۆششێکی زۆر خرایەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانێکی ئابووری درێژخایەن لەو وڵاتانەی تازە گەشەیان دەکرد، بەڵام چەند چیرۆکێکی کەمی سەرکەوتنی لێکەوتەوە.

لە دوای ساڵی ١٩١٨ەوە نزیکەی سەد وڵاتی تازە گەشەکردوو هەبوون، بەڵام تەنها ١١ بۆ ١٣ وڵات توانیان گەشەکردنێکی ئابووری درێژخایەن لەسەر ئاستێکی باڵا بەدەست بهێنن. ئەوەی روونە ئەم وڵاتانە پلانی ئابوورییان هەبوو، لە هەمانکاتدا چەندین پلانی دیکەیان هەبوو کە بە شکست کۆتاییان هات. لەبەر ئەوە پرسیارە گرنگەکە ئەوەنییە، ئایا ئەو وڵاتانە پلانێکی ئابوورییان هەیە یان نا، بەڵکو ئەوەیە ئایا دەرئەنجامی بەرچاویان بەدەستهێناوە لە بواری گەشەپێدانی ئابووریدا.

### دەبێت پلانی ئابووری لەسەر دوو پایەی بنەڕەتی بنیاتبنرێت ئەویش عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی پەروەردەیی

***پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی ئەم هەوڵانە لە هەندێ وڵاتی دیاریکراودا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و لە هەندێکی دیکەیاندا شکست دەهێنن؟**

- لە راستیدا ئەمە سەرنجڕاکێشترین مەسەلەیە لە ئابووریدا، بۆچی هەندێ وڵات سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و هەندێکی دیکەیان شکست چارەنووسییانە. لەو یانزە وڵاتەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، سێ وڵاتیان ناکەونە ئاسیاوە،(ماڵتا، بۆتسوانا و دوبەی)، ئەو هەشت وڵاتەی دیکە کە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، کەتووتەنە ئاسیاوە، (وەك تایوان، مالیزیا، سەنگافورە و ئەندەنوسیا و بەشێوەیەکی تایبەتی کۆریای باشوور و... هتد). کەواتە هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە، بۆچی ئەم وڵاتانە سەرکەوتن و وڵاتانی دیکە لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، ئەمە لە کاتێکدا هەلومەرجی ئەم وڵاتانە لە هەلومەرجی وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات باشتر بوو.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٣دا لە سەنگافورە تەنها لە سەدا ٣٣ی دانیشتوانی وڵاتەکە خوێندەواریان هەبوو، بەڵام بۆچی ئەم وڵاتە سەرکەوت و ئەو وڵاتانە دووچاری شکست هاتن کە لەو ساڵانەدا لە هەلومەرجێکی باشتردا بوون. من پێموایە هۆکارەکان هۆکاری ئابووری نین، بەڵکو پتر پەیوەندییان بە بوونی یەکێتی نەتەوەییەوە هەبوو، ئەم یەکێتییە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی تێکڕای نەتەوەکە لە هەوڵی هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەشدا بن، تاوەکو کۆدەنگییەك دروست نەبێت لە ناو وڵاتەکەدا لەسەر خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش، ئەوا هەوڵەکان بێ ئاکام دەبن. لە لایەکی ترەوە دەبێت رێز لە فرەی کۆمەڵگەکە بگیرێت و نابێت تەنها بەشێوەیەکی مەرکەزی بڕیارەکان بدرێن و فرەیی ناو کۆمەڵگەکە رەچاو نەکرێت. ئەمە پێویستی بە سەرکردەگەلێکی دووربین هەیە کە لە ئایندە بڕوانن و بەرژەوەندییەکانی تیکڕای کۆمەڵگەکە لەبەرچاو بگرن، نەك تەنها بەرژەوەندی گرووپێکی دیاریکراو.

رەنگە ئاسیا خۆشبەخت بێت، لەبەر ئەوەی ئەم سەرکردە دووربینانەی هەبووە کە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوویان لە سەقامگیری سیاسی و پەرەپێدانی ئابووریدا بەدیکردووە.

دەبێت پلانی ئابووری لەسەر دوو پایەی بنەڕەتی بنیات بنرێت، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی پەروەردە، بە پێچەوانەوە تەنها لە بازنەی بەتاڵی ناسەقامیگیریدا دەمێنینەوە.

### هیچ گۆڕانێکی راستەقینە روونادات
### ئەگەر ئافرەتان بە باشی پەروەردە نەکرێن

***زۆربەی شارەزایانی ئابووری پێیان وایە سەرکەوتنی پلانێکی ئابووری دەوەستێتە سەر ئاستی مەعریفی ئەو کەسانەی پلانەکە دادەڕێژن، لە هەمان کاتدا دەوەستێتە سەر ئاستی هۆشیاری هاووڵاتییان بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەت بکەن لەسەرخستنی ئەو پلانەدا، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**



- لە راستیدا ناکرێت مۆدیلی وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و فەڕەنسا لە وڵاتانی تازەگەشەکردووی وەك ئەفغانستان و عێراقدا پیادە بکەیت، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان و هەلومەرجی کۆمەڵگەکە جیاوازن، هەر بۆیە دەبێت بارودۆخە تایبەتییەکەی هەر کۆمەڵگەیەك و قۆناخی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی هەر وڵاتێك لەبەرچاو بگرین، هەر وڵاتێك خەسڵەتگەلێکی تایبەت و

کێشـــەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاســـی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتەکەی ئێوەدا دەبێت ئەولەوییەتی ژمارەیەك دابینکردنی ئاســـایش و ئارامی بێت، بە چەشنێك تەنها دەوڵەت مافی بەکارهێنانی هێزی هەبێـــت کە پێی دەوترێت قۆرخکردنی هێز لە لایەن دەوڵەتەوە، واتە دەوڵەت کۆنترۆڵی هێزەکانی پۆلیس و سوپا بکات و حوکمی یاسا بسەپێنێت و لایەنەکان نەتوانن پەنا بۆ توندوتیژی ببەن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانیان. دواتر دەبێـــت گرنگییەکی تایبەتی بە پەرەپێدانـــی پەروەردە بدرێت، بە چەشنێك ببێتە هۆی باشترکردنی بەهرە و لێهاتوویی هاووڵاتییان و ئەمـــە لە بوارەکانی پیشەســـازی و کشـــتوکاڵدا رەنگدانەوەی باشـــی لێبکەوێتەوە، بە تایبەتـــی پەروەردەکردنی ئافرەتان، لەبەر ئەوەی هیچ گۆڕانێکی راســـتەقینە روونادات ئەگەر ئافرەتان بە باشـــی پەروەردە نەکرێن، لە بـــارەی گرنگی پەروەردەوە یەکێك لە فەیلەســـوفەکانی چین ٤٠٠ ســـاڵ پێش زایین باس لەوە دەکات کە « ئەگەر تێڕوانین و پلانت بۆ یەك ســـاڵ هەیە، ئەوا دانەوێڵە بچێنە، ئەگەر تێڕوانینت بۆ ١٠ ســـاڵ هەیە، ئەوا درەخت بچێنە، بەڵام ئەگەر تێڕوانین و پلانەکەت بۆ ١٠٠ ســـاڵی دیکەیە، ئەوا خەڵکی پەروەردە بکە»

من دەگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی تایەتمەندێتی هەر کۆمەڵگەیەك، کە دەبێت هەر پلانێك کە دادەڕیژرێت هەلومەرج و کێشە تایبەتییەکانی ئەو وڵاتە و کۆمەڵگەیە لەبەرچاو بگرێت، یەکێك لە کێشـــەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەیە هەمان شێواز و ریگاچارە بۆ وڵاتە جیاوازەکان بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە هەوڵی ســـەپاندنی دیموکراســـی دەدات بە ســـەر وڵاتاندا، بێ ئەوەی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاســـی و ئابـــووری تایبەتی ئەو وڵاتانە رەچاو بکات.

## سەنگافورە لەساڵی ١٩٥٣
## تەنها لە ٪٣٣ی خەڵکەکەی خوێندەواربوون
## ئێستا پێنجەم وڵاتە لە بواری پەروەردە لە جیهاندا

**٭ئەگـــەر بـــە وردی لـــەو وڵاتانـــە بڕوانین کە ســـەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، دەبینین خاوەنی پلانێکی ئابووری باش و سەرکەوتوو بوون، بە تایبەتی کۆریای باشـــوور، ئایـــا پێتوایە ئێمە دەتوانین هەمـــان ئەزموونی ئـــەوان دووبارە بکەینەوە، یاخـــود تا رادەیەك دەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرین؟**

- لە راستیدا گفتوگۆیەکی زۆر هەیە لە جیهاندا دەربارەی ئەوەی وڵاتانی ئەفریقیـــا و ئەمەریکای لاتین دەتوانن چ دەرســـێك لە ئەزموونەکانی وڵاتانی ســـەرکەوتوو بەدەســـت بهێنن، بۆ نموونە لـــەو وڵاتانەی پێیان دەوترێت پڵنەگەکانی ئاســـیا، لە راســـتیدا ناتوانین بە چەشـــنی کاڵاکان رووبکەینەوە ســـوپەر مارکێتەکان و بیرۆکەیـــەك بکڕین و لە وڵاتەکـــەی خۆماندا بەکاری بهێنین، دەبێـــت خەســـڵەت و تایبەتمەندێتی وڵاتانی خۆمـــان لەبەرچاو بگرین لە هەموو لایەنێکەوە. بـــەڵام ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتی چین بڕوانین دەبینین ســـەرەتا ئەو وڵاتە هەڵســـا بە چەسپاندنی سەروەریی یاسا، بە چاوپۆشین لەوەی بیروبۆچوونمان چییە لەسەر سیســـتەمە سیاسییەکەی ئەو وڵاتە، دواتر دەبێت گرنگی و بایەخ بە بەرزکردنەوە پەرەپێدانی ئاســـتی پەروەردە بدرێت، چین یەکێکە لـــەو وڵاتانەی بەڕەوتێکی خێرا پەرە بە بـــواری پەروەردە دەدات، وڵاتانی کۆریای باشـــوور و ســـەنگافورە و مالیزیا خاوەنی ئەو خەڵکە خوێندەوارن کە ئاستێکی باڵای پەروەردە و خوێندنیان هەیە، ســـەنگافورە کە لە ســـاڵی ١٩٥٣دا تەنها لە سەدا ٣٣ی خەڵکی خوێنەواریان هەبوو، بەڵام ئێســـتا یەکێکە لـــەو پێنج وڵاتەی کە لە ریزبەندی یەکەمدان لە بـــواری پەروەردەکردنی خەڵکەکانیاندا، لـــە لایەکی ترەوە کەلێن و جیاوازییەکی کـــەم لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانـــدا هەیـــە لە وڵاتانی ئاســـیادا، ئەمەش بۆتە هۆی پتەوبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە هەمان کاتدا وڵاتانی ئاسیا هەڵسان بە دابەشکردنی داهاتەکانی گەشەکردنی ئابووری بە ســـەر تێکـــڕای ئەندامانی کۆمەڵگەدا لە رێی باشـــترکردنی سیســـتەمی پـــەروەردە و بنیاتنانـــی قوتابخانـــە و دابینکردنی چاودێری پزیشکی باشتر، ئەمەش وایکرد تێکڕای هاووڵاتییان بە پەرۆش بن بۆ پاراستنی رەوتی ئەو گەشەپێدانەوە درێژەپێدانی. من پێم باشـــە باس لە خاڵێکی تر بکەم کە بە گرنگی دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە هەڵەیەکی گەورەیە لە کاتی پلاندانانی ئابووریدا کەرتی کشتوکاڵ پشتگوێ بخرێت و لەبەرچاو نەگیرێت.

## یەکێک لەو کێشە سەختانەی
## وڵاتـانی تـازەگەشەکردوو رووبەڕووی دەبنەوە گەندەڵییە

**٭عێراق بـــە قۆناخی راگوزەریـــدا تێدەپەڕێت، کێشـــەکە ئەوەیە هێشتا کلتووری کەرتی گشتی زاڵە و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت دووچاری گیروگرفتی قۆرخکردنـــی ئابووری دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتـــە هۆی بەرزبوونـــەوەی نرخ، ئایا چـــۆن دەتوانین رێ لەم دەرئەنجامە سلبییە بگرن؟**

- لە راســـتیدا ئەوە کێشـــەیەکە و هەموو وڵاتانی تازەگەشەکردو رووبەڕووی دەبنەوە، لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەدا سەرمایەی مرۆیی تەنها دەوڵەتە و کێشـــەکەش ئەوەیە کە ئـــەو ئابوورییەی لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵدەســـوڕێنرێت لە ئاستی پێویستدا نییە و کارا نییە، پرۆســـەی بە تایبەتکردن دەکرێت باش بێت و دەکرێت دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، ئەمە دەوەســـتێتە ســـەر ئـــەوەی چۆن ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەیت، ئەگەر رێگە بە هاتنە ناوەوەی سەرمایە و وەبەرهێنانی دەرەکی بدەیت، ئەوا کێشەیە لەوەدا دروست دەبێت کە ئـــەو کۆمپانیا دەرەکیانە خوازیارن لەو بوار و کەرتانەدا وەبەرهێنان بکەن کە لە لایەن کەرتی گشـــتییەوە قۆرخ کراون، وەك تەلەفۆن و بانکـــەکان و ئاو و هتد. لێرەدا دەبێت رێگە نەدرێت ئەم کەرتانە لە قورخکاری گشتییەوە بگوازرێنەوە بۆ قۆرخکاری کەرتی تایبەت، هـــەروەك ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقیادا بەدیمان کرد، لە لایەکی ترەوە یەکێك لەو کێشە سەختانەی وڵاتانی تازەگەشەکردو رووبەڕووی دەبنەوە گەندەڵییە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە بەرپرسەکانی کەرتی گشـــتی هەڵدەستن بە پێدانی پۆست و پرۆژەکان بە کەسە نزیکەکانی خۆیان و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی قورخکاری تایبەتی، من پێموایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشەیە دەبێت هەوڵی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی هۆکارەکانی بدەین، ئەمە رێگا کاریگەرەکەیە بـــۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە. من پێموایە دەبێت ئاژانسێك ( دەستەیەك) دروست بکرێت بۆ سەرپەرشتیکردن پرۆسەی بە تایبەتکردن، کە کەسانێکی خاوەنی میسداقییەت بن و لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسیدا نەبن، هەروەها دەبێت بانکی ناوەندی و دادگاکانیش لە ژێر رکێفی دەســـەڵاتی سیاسیدا نەبن، کە بەم شێوەیە دەکرێت کار بۆ کەمکردنەوی دەرئەنجامە خراپ و نەخوازراوەکانی پرۆسەی بە تایبەتکردن بکرێت و گەندەڵی

**لە دوای ساڵی ١٩١٨ەوە نزیکەی سەد وڵاتی تازە گەشەکردوو هەبوون، بەڵام تەنها ١١ بۆ ١٣ وڵات توانیان گەشەکردنێکی ئابووری درێژخایەن لەسەر ئاستێکی باڵا بەدەست بهێنن**

**هەڵەیەکی گەورەیە لە کاتی پلاندانانی ئابووریدا کەرتی کشتوکاڵ پشتگوێ بخرێت و لەبەرچاو نەگیرێت**

**رەنگە ئاسیا خۆشبەخت بێت، لەبەر ئەوەی ئەم سەرکردە دووربینانەی هەبووە کە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوویان لە سەقامگیری سیاسی و پەرەپێدانی ئابووریدا بەدیکردووە. دەبێت پلانی ئابووری لەسەر دوو پایەی بنەڕەتی بنیات بنرێت، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی پەرەووەردە، بە پێچەوانەوە تەنها لە بازنەی بەتاڵی ناسەقامیگیریدا دەمێنینەوە**

سنووردار بکرێت.

ئەوکاتە دەتوانرێت داهاتەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ ناو وڵاتەکە و لە بوارەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی چاودێری تەندروستی و پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و بنیاتنانەوەی ژێرخاندا بخرێنەگەڕ، نەك هەموو داهاتەکان لە بانکەکانی سویسرادا ئیداع بکرێن. ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەك ڕەشبینی پێوە دیار بێت، بەڵام دەکرێت ئەم ئامانجانە بهێنرێنەدی ئەگەر ژینگەی سیاسی گونجاو بخوڵقێنرێت و خەڵکی شایستە لەو جێگایانەدا دابنرێت. دەبێت ئەو خەڵکانە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی باڵایان هەبێت، لە ڕووی سیاسییەوە نەزییە بن و دەسەڵاتی سیاسی دەستێوەردان نەکات لە کارەکەیاندا و دڵسۆز و بە پەرۆش بن بۆ بەرژەوەندییەکانی تێکڕای کۆمەڵگەکە نەك تەنها پێکهاتە و گرووپێکی دیاریکراو.

**دەبێت بانکی ناوەندی و دادگاکانیش لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی سیاسیدا نەبن، کە بەم شێوەیە دەکرێت کار بۆ کەمکردنەوی دەرئەنجامە خراپ و نەخوازراوەکانی پرۆسەی بە تایبەتکردن بکرێت و گەندەڵی سنووردار بکرێت**

## دەبێت نەوەیەک قوربانی بدات لە پێناو نەوەکانی داهاتوودا

*** لە وڵاتانی دوای شەڕدا، دیاردە و کێشەیەکی بەرچاو هەیە، کە بریتییە بە دابەزینی نرخی دراوی وڵاتەکە، بۆ نموونە لە دوای شەڕ نرخی دراوی ئەڵمانیا، مارك، دابەزینی بەخۆوە بینی، بە هەمان شێوە لە تورکیادا، دراوی ئەو وڵاتە لیرە دابەزی، حاڵی حازر دیناری عێراق هیچ بەهایەکی نییە، بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت سیاسەتی دراو چۆن بێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە دابەزینی نرخەکەی بگرین؟**

- من پێموایە ئەمە پرسیارێکە دەبێت لە کەسێك بکرێت کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبێت. هەموو ئەم کێشانە کێشەی سەخت و دژوارن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هۆکارەکانی سەرکەوتنی وڵاتانی ئاسیا و لەوە بکۆڵینەوە بۆچی وڵاتانی دیکە لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین شکستیان هێنا، دەبینین هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە وڵاتانی ئاسیادا دیسپلین هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر پشێوی بەسەر بارودۆخەکەدا باڵ بکێشێت، ئەوا ناتوانیت بودجە هاوسەنگ بکەیت و کۆنترۆڵی هەڵاوسان بکەیت و هەمیشە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە پشێویت دەبێت، ئەوکاتە هەلومەرجێك دەخوڵقێت کە کەس لە موڵکەکانی خۆ دڵنیا نییە و دەسەڵاتی حکومڕان دەتوانێت بە شێوەیەکی ناڕەوا و بێ هیچ پاساوێکی یاسایی ئەو موڵکانە زەوت بکات، ئەمەش وا دەکات هەرچی سەرمایە هەیە بچێتە دەرەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە من پێم وایە دەبێت نەوەیەك قوربانی بدات لە پێناو نەوەکانی داهاتوودا، دەبێت ئەم قوربانیدانە بدات، دەبێت ئەو دەستی کارە زیادەی لە وڵاتەکەدا هەیە بنێردرێنە دەرەوە بۆ ئەوەی دراوی دەرەکی زیاتر بێتە وڵاتەکەوە و ئەم داهاتەش بەکاربهێنرێت و بخرێتەگەڕ بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکەوە و بنیاتنانی قوتابخانە و باشترکردن و پەرەپێدانی پەروەردە و دابینکردنی چاودێری تەندروستی، کە ئەمەش بناخەیەك دەڕەخسێنێت بۆ باشترکردنی ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری و کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزبوونەوەی بەهای دراوی وڵاتەکە.

## یەکێک لەو دیاردانانەی لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا بەدی دەکەین ئەوەیە بودجەیەکی زۆر کەم بۆ پەروەردەی قۆناخی سەرەتایی تەرخان دەکرێت

***زۆرێك لە شارەزایانی ئابووری جەخت لەسەر گرنگی ئاستی مەعریفی و هۆشیاری هاووڵاتییان دەکەنەوە لەسەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری، بۆ نموونە پێیان وایە ئەو وڵاتانەی پرۆستانتن باشتر لە کاسۆلیکەکان گەشە دەکەن و ئەوانەی کاسۆلیکن باشتر لە ئیسلامییەکان گەشەدەکەن، ئایا بۆچی ئەم لایەنە ئەوەندە گرنگی و کاریگەری هەیە؟**

- ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە زۆر جیاوازە لە ڕۆژگاری سەدەی نۆزدەیەم کە تێیدا شۆڕشی پیشەسازی سەریهەڵدا، ئەمڕۆ ململانێیەکان زۆر توندترن، لە ڕووی لێهاتوویی و پسپۆڕیەتییەوە، لەبەر ئەوە پەروەردە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە و دەبێت هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە دەست پێ بکرێت، هەروەها دەبێت گرنگییەکی تایبەت بە پەروەردەی ئافرەت بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئافرەتان بە باشی پەروەردە کران، دوو شت ڕوو دەدات، یەکەمیان ڕیژەی لە دایکبوون کەم دەبێتەوە، دووەم ڕێژەی مردنیش کەم دەبێتەوە، ئەوکاتە ژمارەیەکی کەمی منداڵ دەبێت، ئەمەش دەرفەتی پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی باشتر دەڕەخسێنێت و داهاتێکی زیاتریش کۆدەکرێتەوە. هەر بۆیە دەبێت پارەیەکی زۆر بۆ پەرەپێدانی پەروەردە لە قۆناخی سەرەتاییدا بخرێتەگەڕ. یەکێك لەو دیاردانەی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا بەدی دەکەین، ئەوەیە بودجەیەکی زۆر کەم بۆ پەروەردەی قۆناخی سەرەتایی تەرخان دەکرێت و لە بری ئەوە بایەخ بەو زانکۆیانە دەدرێت کە منداڵەکانی نوخبە تێیدا دەخوێنن، یاخود بۆ زانکۆکانی دەرەوە دەنێردرێن. ڕاستە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگی بە تەرخانکردنی بودجە دەدرێت بۆ لایەنی پەروەردە، بەڵام دەرئەنجامی خوازراو بەدەست ناهێنن و ئەو کەسانەی خوێندن تەواو دەکەن ناتوانن بە باشی و بەپێی پێویست ئەوەی فێری بوونە بیخەنەگەڕ، یاخود ئەوەندە پسپۆڕی و تایبەتمەند نەبوونە تاوەکو بتوانن سوودیان لێ وەربگرن. کەواتە مەسەلەکە پەیوەستە بە سیاسەتی پەروەردە و مەسەلەی ئەوەی چۆن دەکرێت پەرە بەو بەهرە و پسپۆڕییانە بدرێت کە بەهۆیانە دەتوانرێت هەلی کار بدۆزرێتەوە و هەڵگرانی بتوانن بیانخەنەگەڕ. لەبەر ئەوەی دەبێت بیر لە تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ پەرەپێدانی پەروەردە بکرێتەوە و بیر لەوە بکرێتەوە کە باشترین شێواز و ڕێگاچارە چییە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سوود لەم بودجەیە وەربگیرێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکان لەم بوارەدا. ئێوە باس لە جیاوازی پرۆتستانت و کاسۆلیك و ...هتد دەکەن، ئەوانە بیروباوەڕێکی گشتی و باون، بەڵام ئەگەری زۆر ئەوەیە هەڵەبن، بۆ نموونە، ئەو عەرەبانەی لە ئەمەریکا دەژین، خاوەنی ئاستێکی پەروەردەیی بەرزتر و ئاستێکی داهاتی بەرزترن لە هاووڵاتییانی ئاسایی ئەمەریکا، کەواتە خەلفییەتە ئیتنی و ئایینییەکان ڕۆڵیان نییە، بەڵکو ژینگەکە ئەو ڕۆڵە دەبینێت، هەروەها ئەگەر لەو پاکستانی و هیندیانە بڕوانیت کە لە کەنەدا دەژین دەبینیت بە ئاشتییانە پێکەوە دەژین و هیچ کێشەیەك لە نێوانیاندا نییە، بەڵام لە وڵاتەکانی خۆیاندا ناکۆکن لەگەڵ یەکدا شەڕ دەکەن. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە خەڵکی هەر ڕەنگ و ڕەگەزێك بن، هەمان توانایان هەیە، بەڵام پێویستیان بە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە کە ببێتە هۆی هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی پەروەردە.

**لە بارەی گرنگی پەروەردەوە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی چین ٤٠٠ ساڵ پێش زایین باس لەوە دەکات کە « ئەگەر تێڕوانین و پلانت بۆ یەک ساڵ هەیە، ئەوا دانەوێڵە بچێنە، ئەگەر تێڕوانینت بۆ ١٠ ساڵ هەیە، ئەوا درەخت بچێنە، بەڵام ئەگەر تێڕوانین و پلانەکەت بۆ ١٠٠ ساڵی دیکەیە، ئەوا خەڵکی پەروەردە بکە**

ریچارد ناپ Richard naab بەرپرسی گروپی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا ( وینترا )، دوای جەنگ لە ٢٠٠٣ بەشداری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق کردووە :

# دانیشتووانی کوردستان وەکو هێزێکی مرۆیی سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەوڵەمەندی هەرێمەکەیە



■ (هەرێمی کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوونی ژینگەو ئەگەری ئاوەدانکردنەوەی خێرای ژێرخانە ئابوورییەکەی، کە هاوکاتە لەگەڵ پێشکەشکردنی ئاسانکاری و یارمەتی بۆ بەگەڕخستنی وەبەرهێنان . هەمووی خاڵی پۆزەتیف و گرنگن بۆ ئایندەی هەرێمەکە )، ئەمە بۆچوونی ( ریچارد ناپ Richard nab)ە بەرپرسی گروپی کۆمپانیاکانی ئەمەریکایەو شارەزایەکە لە بارودۆخی ئابووری و ژێرخانی عێراق و کوردستان، لەگەڵ ئەم بۆچوونانەدا کەچی بیزنسکاری ئەمەریکی و ئەوروپایی و کۆمپانیاکانیان بەپێی پێویست و خواستەکانی ئێمە کاری وەبەرهێنانیان لە کەرتە گرنگەکانی ئابووری و ژێرخاندا ئەنجام نەداوە، ئایا بارودۆخی سیاسی و نائارامی و توندوتیژییەکانی باشورو باکوری عێراق هۆکارێکە بۆ خۆدوورخستنەوەیان لە ئەنجامدانی کاری ستراتیژی و پرۆژەی گەورە؟ ئەو خاڵە هاوبەشانە چین کە بیزنسکارو سەرمایەدارانی کوردو بیانی لەبەرژەوەندی هاوبەشدا کۆدەکاتەوە ؟چەندین ساڵە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنی خۆی دەکات، ئەزموونی کوردستانیش گەرچی بێ گرفت و کێشە نییە بەڵام بارودۆخەکە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو باشترە، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپێی پێویست پاڵپشتی دارایی و ئابووریمان ناکات ؟ کوردەکان وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مرۆیی و پاڵپشت بە فەرهەنگی ئابووری خاوەنی کلتوورێکی پێشکەوتوو مۆدێرن ناوبانگیان دەرکردووە یاخود بیزنسکارو سەرمایەداری بیانی بۆچوونی خۆیان لەمبارەیەوە هەیە ؟ لەئابووری دا خاڵێك هەیە زۆر گرنگە، ئەویش بوونی ژینگەی وەبەرهێنانە کە بەبێ دەوڵەمەندبوونی سەرمایەی مەعریفی دروست نابێت، دیموکراسی و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی ئابووری کە مسۆگەری بەشداریکردنی زۆرینە لەئابووری بکات، پێویست بەوە دەکات خەڵکی ئاستێکی بەرزی هۆشیارییان هەبێت..■

ریچارد ناپ Richard naab بەرپرسی گروپی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا (وینترا)یە، دووساڵ وەکو پسپۆرو شارەزا لەناوچەکانی روسیا کاریکردووە، جێگری بەڕێوەبەری پاراستنی ناوچەی ئارام بووە لەباکوری عێراق، لە ٢٠٠٢ و بەشداری لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق کردووە، ئێستا کار بۆ ئەوە دەکات وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بهێنێتە هەرێمی کوردستان.

## کوردەکان دوێنێ شۆڕشگێڕبوون و ئەمڕۆ ئاشتیخوازو ئەرکی ئاوەدانکردنەوەیان لە ئەستۆ کردووە

هەوڵێکی جددی دەدەین تاوەکو کۆمپانیا ناسراوو پێشکەوتووەکانی ئەمەریکا بێنە کوردستان و کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، کارکردن لەکوردستان و ئەنجامدانی وەبەرهێنان بۆ ئەمەریکاش باشەو سوودو قازانجی هەردوو لای تێدایە، چۆنیەتی ڕاکێشانی ئەو کۆمپانیایەو گەڕان بەدوای ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە ویست و خواستی هەردوو لایەنی کوردی و ئەمەریکا کۆ دەکاتەوە خاڵی سەرەکی و فاکتەری بنەڕەتی سەرکەوتنی کارکردنی ئەو کۆمپانیانەیە، گەورە کۆمپانیاکانی ئەمەریکا مەسەلەی ستراتیژییەتی و سیاسەی ئەمەریکا بەرامبەر بەعێراق حسابێکی وردی بۆ دەکەن، بۆ نموونە گەورەو کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە نایەن لەوڵاتێکدا کار بکەن کە پەیوەندی باشی نەبێت لەگەڵ ئەمەریکا، لەرابردوودا ئەمەریکا وەکو یەك عێراق و پارچەیەك مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکان و هەرێمەکانی ئەم وڵاتە دەکرد، بەڵام کۆمپانیا ئەمەریکییەکان پێکەو ناوچەیەك لەعێراقدا هەڵدەبژێرن تاوەکو ببێتە سەرەتایەك بۆ بەگەڕخستنی وەبەرهێنانی دوورمەوداو، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان مۆدیلێکی باشە بۆ بەشەکانی تری عێراق و قابیل بەدووبارەبوونەوەی ئەو ئەزموونە هەیە لەناوچەی تری عێراق، پێشتر کۆمپانیاکانی ئەمەریکا وەبەرهێنانیان لەم هەرێمە ئەنجامداوە، بەڵام بەناراستەوخۆو بە شێوەیەکی کەمتر لە ئێستا ، ئەو تێڕوانین و شێوازە گۆڕدراوە، کۆمپانیاکانی ئەمەریکا بەنیازن بەقورساییەکی باشەوە بێنە ناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان .

شارەزایانی گروپی کۆمپانیاکانی ( وینترا )دوای توێژینەوەی زانستی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە پێشبینی سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستان دەکەن و، پێیان وایە ئایندەیەکی باش چاوەڕێی ئەم هەرێمە دەکات، ئەوەی جێی سەرنجی شارەزایان و ڕاوێژکارانی کۆمپانیا ئەمەریکییەکانی ڕاکێشاوە، هەرێمی کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە جگە لەبوونی ژینگەو ئەگەری ئاوەدانکردنەوەی خێرای ژێرخانە ئابوورییەکەی، بوونی پترۆلیش سەرچاوەیەکی باشە بۆ دەوڵەمەندی هەرێمەکە، بەڵام ئێمە پێمان وایە سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەوڵەمەندی کوردستان دانیشتوانی هەرێمەکەیە، واتە دانیشتووانی کوردستان وەکو هێزێکی مرۆیی سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەوڵەمەندی هەرێمەکەیە، کوردستان سەرچاوەی ئاو و نەوتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەکو کارەباو گرانی سوتەمەنی و بەگەڕخستنی کەرتی پیشەسازی.، لەگەڵ بوونی ئەم سەرچاوە دەوڵەمەندانە تواناو ویستی خەڵکی کوردستان بۆ چاکسازی و گۆڕان باشترین سەرچاوەی هەرێمەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لەئابووری دا خاڵێك هەیە زۆر گرنگە ئەویش بوونی ژینگەی وەبەرهێنان کە بەبێ دەوڵەمەندبوونی سەرمایەی مەعریفی دروست نابێت .

وەکو کۆمپانیاکانی ئەمەریکا پێویستە سوود لەو واقیعە باشە وەربگرین، چونکە لەسەر ئاستی هاوڵاتییانی ئەمەریکاش هاوسۆزی و خۆشەویستی بۆ کورد هەیە، ئێمە لەخەباتی گەلێك تێ دەگەین کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی شەڕو قوربانی داوە، ڕێزمان بۆ ئەو خەبات و بوێرییە هەیە، لەنزیکیشەوە ئاگاداری ئەو واقیعەین، کوردەکان دوێنێ شۆڕشگێڕبوون و ئەمڕۆ ئاشتیخوازو ئەرکی ئاوەدانکردنەوەیان لە ئەستۆکردووە، لەم روانگانەوە تاکی ئەمەریکی بەتایبەت وەبەرهێنەرو بیزنسکارو شارەزایانی ئابووری پێیان وایە کاتی ئەوە هاتووە بەشێوازێکی تر هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن، پێویستە بەدوای ئەو خاڵ و هەوڵانەدا بگەڕێن کە سیاسەتی ئەمەریکا لە هاوکاری سەربازی یەوە دەگۆڕێت بۆ یارمەتی وەبەرهێنان و ئابووری، ئەم تێڕوانینە سەرەتای ڕێگایە بەرەو سەقامگیری و پەرەپێدانی یەکجارەکی ئابووری لە کوردستان دا.

## دیموکراسی و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی ئابووری کە مسۆگەری بەشداریکردنی زۆرینە لەئابووری بکات، پێویست بەوە دەکات خەڵکی ئاستێکی بەرزی هۆشیارییان هەبێت

- سەبارەت بەتێڕوانین و بۆچوونەکانی تاوەکو ئابووری کوردستان، بچێتە قۆناغی پەرەپێدان و لەکێشەو گرفتە داخراوەکانی بێکارەبایی و کەم خزمەتگوزاری دەربازی بێت ریچارد ناپ پێی وابوو: پڕۆسەی بەرەو پێشچوونی ئاوەدانکردنەوەو ئابووری کە ئێستاکە بەرەو کامڵبوون دەڕوات، دەکرێت دەوڵەمەند بکرێت، پێشتر ئەمەریکییەکان لەعێراق وەکو مەرکەزییەتێك کاری ئابوورییان کردووە و کۆنترۆڵی کارە سەرەکی و ستراتیژییەکانیان کردبوو، بەڵام ڕەنگ کەموکورتی لەبەڕێوەبردن دا بێت، بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان ئەرکێکی قورسی و هەستیارە، لەو ڕووەوە خودی ئەمەریکییەکانیش لەعێراق کارێکی باشیان نەکردووە، بۆیە خاڵی گرنگی ئەرکی حوکمڕانی لەداهاتوودا چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانە، ئەرك و ماندووبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت لەبواری ئاوەدانکردنەوەو ئابووری جێی ستایش و ڕێزلێنانە .

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکە لەخاڵی ئومێدی باشبوون و پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکەیان هاوکۆکن، گەرچی مەترسییەکانی ناوخۆی عێراق و دەستێوەردانی دەرەکی ئاستەنگی بەردەم پرۆسەکەیە .

کەموکورتییەکی تر بوونی ئاوارەو پەناهەندەیەکی زۆری کوردە لەدەرەوەی وڵات، کەخوێنەوارو شارەزاو بیزنسکاریشیان تێدایە، دەکرێت ئەو شارەزایانە هان بدرێن بێن بۆ کوردستان و وەکو دەرەجەدارانی سەربازی پێشووی سوپایی ئەمەریکا لە ئاوەدانکرنەوە خزمەت بکەن، من لە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەو سەختی چارەسەرەکان تێدەگەین، بەڵام ئەم ئەرکە بەباشی بەڕێوە ناچێت ئەگەر بێت و عێراق بەشێوەیەکی فیدرالیزم کاروبارەکانی نەبات بەڕێوە، خوازیارین حکومەتی هەرێمەکان دەسەڵاتی زیاتریان پێ بدرێت، بوونی هەرێمێکی فیدرال و ناوەندێکی بەهێز عێراق لەدەستێوەردانی دەرەکی دەپارێزێت و باشترین کەسیش لەناو هەرێمەکەدا مەسعود بەرزانی و جەلال تاڵەبانییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەست تێوەردانەکان، کە بەدڵنیاییەوە دەڵێم لە ئەمەریکییەکان باشتر مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەکەن جێگەی ڕێزن .

بوونی بنکەی سەربازی لەهەرێمی کوردستاندا پاڵپشتییەکە بۆ دۆستەکانمان نیشانەیەکە کە ئێمە دەستبەرداری حوکمڕانییە دیموکراتییەکان ناکەین لەئاستی نێودەوڵەتی پشتگیری هەموو خواست و داواکارییەکی نوێنەرانی خەڵك دەکەین بەدامەزرانی سیستەمی فیدراڵییەت و ڕێگاگرتنی دەستێوەردانی ناوخۆی عێراق،

دیموکراسی و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی ئابووری کە مسۆگەری بەشداریکردنی زۆرینە لەئابووری بکات، پێویست بەوە دەکات خەڵکی ئاستێکی بەرزی هۆشیارییان هەبێت، بۆئەوەی بتوانین لەکاتی دەنگدان دا بڕیاری دروست بدەن..

**کاتی ئەوەهاتووە سیاسەتی ئەمەریکا لە هاوکاری سەربازی یەوە بگۆڕێت بۆ یارمەتی ئابووری و وەبەرهێنان، ئەمەش سەرەتای ڕێگایە بەرەو سەقامگیری و پەرەپێدانی یەکجارەکی ئابووری لە کوردستان دا**

**پێویستە بەدوای ئەو خاڵ و هەوڵانەدا بگەڕێن کە سیاسەتی ئەمەریکا لە هاوکاری سەربازی یەوە دەگۆڕێت بۆ یارمەتی وەبەرهێنان و ئابووری، ئەم تێڕوانینە سەرەتای ڕێگایە بەرەو سەقامگیری و پەرەپێدانی یەکجارەکی ئابووری لە کوردستان دا**

**خاڵی گرنگی ئەرکی حوکمڕانی لەداهاتوودا چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانە**